تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5891) پێنج شەممە 12ی کانوونی یەکەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار



سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کونسوڵ و نێردە و دیپلۆماتی وڵاتان لە هەرێمی کوردستان کۆدەبێتەوە

ئەنجوومەنی وەزیران پڕۆژەیاسای چاکسازیی بە کۆی دەنگ پەسەند کرد و دەینێرێتە پەرلەمان

سەرۆک وەزیران: چاکسازی پڕۆسەیەکی بەردەوامە و گشت کەرتەکان دەگرێتەوە



دوێنێ چوارشەممە 2019/12/11 ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بەسەرپەرشتی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و ئامادەبوونی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆک وەزیران کۆبووەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا، گفتوگۆ دەربارەی ڕەشنووسی پڕۆژە یاسای چاکسازی لە خانەنشین و مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان-عێراق، کرا کە بەشێکە لە بەرنامەی گشتگیریی چاکسازیی لە چوارچێوەی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان .

سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئاماژەی بەوەدا، چاکسازی پڕۆسەیەکی بەردەوامە و لە هەنگاوەکانی داهاتوودا گشت کەرتەکان دەگرێتەوە. گوتیشی لە سەرەتای دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەم، بەڵێنمان دابوو ئەم پڕۆژە یاسایە بنێرین بۆ پەرلەمان. ئەمەش پڕۆژەی هەموو لایەنە بەشدارەکانی حکوومەتە و لەپێناو بەرژەوەندی گشتی و دادپەروەرییە و بە دڵنیاییشەوە خەڵکی شایستە، مافەکانیان پارێزراو دەبێت.

دوای گفتوگۆکردنێکی چڕ و بەرفراوان لە سەر یەک بە یەکی بڕگەکانی پڕۆژە یاساکە و دوای جێگیرکردنی چەندین گۆڕانکاریی، ئەنجوومەنی وەزیران بە کۆی دەنگ پڕۆژە یاساکەی پەسەند کرد و دەینێرێتە پەرلەمانی کوردستان.

تەکیە.. یاریگەیەکی وەرزشی لەسەر ئەرکی نێچیرڤان بارزانی کرایەوە



دوێنێ چوارشەممە لە ناحیەی تەکیە لەسەر ئەرکی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان یاریگەیەکی 11 یاریزانی دوای نۆژەنکردنەوەی لە ڕێورەسمێکی تایبەتدا بە ئامادەبوونی هەڤاڵ ئەبوبەکر پارێزگاری سلێمانی و مەهدی مزووری نوێنەری سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەسەر بڕیاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی سەردەمیانە کرایەوە.

زیاتر لەلاپەڕە سێ بخوێنەوە



د. بەشیر حەداد ڕۆڵی پێشمەرگە لە سەرکەوتن بەسەر تیرۆریستانی داعشدا بەرز دەنرخێنێت



مەیادە نەجار:

ڕەوانەکردنی بودجەی 2020ی عێراق بۆ پەرلەمان پێویستی بە هیچ دەرچەیەکی یاسایی نییە

پێشمەرگە بەهێزتر لە جاران لە سەنگەرەکاندا لە ئامادەباشیدایە

فەرماندەیەکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ڕایدەگەیەنێت پێشمەرگە بەهێزتر لە جاران لە سەنگەرەکانی پێشەوە لە ئامادەباشیدایە، نەک بۆ چەکدارانی تیرۆریستی داعش، کە مەترسی سەرهەڵدانەوەیان هەیە، بەڵکوو بۆ هەر دوژمنێک کە بیەوێت هێرش بکاتە سەر کوردستان.

لیوا تارق سلێمان هەرێنی، فەرماندەی یەکەی 44ی سپیلک لە میحوەری تلسقۆف بە خەباتی ڕاگەیاند: هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە ماوەی شەڕی تیرۆریستانی داعشدا، گەورەترین بەرپەرچدانەوەیان هەبووە کە ساڵی 2014 هێرشیان کردە سەر کوردستان و بە هێز و باسکی پێشمەرگە قارەمانەکان بە سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی سەرۆک بارزانی، پێشمەرگەی کوردستان توانی سەرکەوتن بەدەست بێنیت و بۆ جیهان سەلماندی کە هێز بە چەک نییە بەڵکوو بە ئیرادەیە.

زیاتر لەلاپەڕە دوو بخوێنەوە

زانا مەلا خالید:

هیچ دەرماڵەیەکی یاسایی نابڕدرێت

زیاتر لەلاپەڕە دوو بخوێنەوە

یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا:

ئێمە هەرێمی کوردستان وەک مۆدێلێکی نموونە دادەنێین لە ناوچەکەدا

لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی کۆنگرێسی ئەمەریکا سەبارەت بە پرسی عێراق و سیاسەتی ئێستای ئەمەریکا لەم وڵاتەدا، جێگری یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست داوای پاراستنی مۆدێلی هەرێمی کوردستان لە عێراق دەکات. لەو کۆبوونەوەیەی کۆنگرێسدا جۆو هود جێگری یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە وەک شایەتحاڵی سەرەکی بانگهێشت کرابوو بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی کۆنگرێس، بە ڕوونی باسی لەوە کرد، ئەمەریکا هاوکات لەگەڵ ئەوەی داکۆکی لەسەر داواکانی خۆپیشاندەران لە عێراق دەکات و جەخت لەسەر مافی هاوواڵتیان دەکاتەوە.

زیاتر لەلاپەڕە سێ بخوێنەوە

پارتی دیموکراتی کوردستان پیرۆزبایی لە یەکێتیی ئافرەتان دەکات

دامەزراندنی یەکێتیی ئافرەتان دەستکەوتێکی مەزن بوو بۆ پارتی و گەلەکەمان و ئافرەتان بە تایبەتی

رۆڵی یەکێتییەکەتان لە تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتی گرنگ و بایەخدارە

دوێنێ چوارشەممە 2019/12/11 مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان پەیامێکی بەبۆنەی یادی دامەزراندنی 67 ساڵەی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان بڵاوکردەوە، وێڕای پیرۆزبایی، هاوکات رایدەگەیەنێت یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان بەر لە 67 ساڵ بە بڕیار و ڕێنوێنی سەرکردەی نەمر بارزانی دامەزرا و دەسکەوتێکی دیکەی مەزن بوو بۆ پارتیمان و گەلەکەمان بە گشتی و ئافرەتان بە تایبەتی، مەکتەبی سیاسیی پارتی دەشڵێت، یەکێتیی ئافرەتان توانیویەتی بەدرێژایی ئەو تەمەنە پڕ بەخششەی رۆڵی گرنگ و کاریگەری خۆی ببینێت لە گشت قۆناغ و شێوازەکانی خەبات و تێکۆشانی گەلەکەمان و بزووتنەوە رزگاریخوازیەکەیدا. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

پەیامی پیرۆزبایی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی 67 ساڵەی دامەزراندنی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان

بەڕێز د.قیان سلێمان سکرتێری یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان..

بەڕێزان هەڤاڵانی مەکتەبی سکرتاریەت و ئەنجوومەنی باڵا..

ئەمڕۆ یادی 67هەمین ساڵوەگەڕی دامەزراندن و خەباتی پڕ دەستکەوتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان دەکەینەوە، بەو بۆنەیەوە گەرمترین پیرۆزبایی لە ئێوە و کادیر و ئەندامانی یەکێتییەکەتان و سەرجەم ئافرەتانی کوردستان دەکەین و هیوادارین هەمیشە سەرکەوتوو بن لە هەوڵ و کۆشش و کار و چالاکییەکانتان بۆ فەراهەمکردنی ئازادی و یەکسانی و گەیشتن بە گشت مافەکانتان.

یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان بەر لە 67 ساڵ کە بە بڕیار و ڕێنوێنی سەرکردەی نەمر بارزانی دامەزرا، دەسکەوتێکی دیکەی مەزن بوو بۆ پارتیمان و گەلەکەمان بەگشتی و تووێژی ئافرەتان بە تایبەتی، هەروەها توانیویەتی بەدرێژایی ئەو تەمەنە پڕ بەخششەی رۆڵی گرنگ و کاریگەری خۆی ببینێت لە گشت قۆناغ و شێوازەکانی خەبات و تێکۆشانی گەلەکەمان و بزووتنەوە رزگاریخوازییەکەیدا.

تووێژی بەرفراوانی ئافرەتان خاوەن کۆمەڵێک ئەرک و کاری ئەوتۆی سەنگین و کاریگەرن بەسەر کۆمەڵگە و پەروەردە و پێشکەوتن و بونیاتنانی ئایندەوە، لەو ڕووەوەش قوربانی زۆریان داوە و بەردەوامیشن لەو کاروانەدا، بۆیە ڕۆڵی بەرپرسانەی ئێوە و یەکێتییەکەتان زۆر گرنگ و بایەخدارە، بەتایبەتی لە ڕووی تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە.

هەوڵ و کۆششی یەکێتییەکەتان دیار و بەرچاوە لە پاراستن و بەهێزکردنی پایەکانی حوکمڕانی و بواری ئەزموونی دیموکراسی و خەباتی مەدەنی و کەمکردنەوەی دیاردەی توندوتیژی بەرانبەر ئافرەتان لە هەرێمی کوردستاندا و هەروەها قووڵکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی و کولتووری بەیەکەوەژیان. لەو قۆناغەی ئەمڕۆشماندا، بارودۆخەکە زیاتر ئەوە دەخوازێت بە هەموو لایەک و چین و تووێژەکانی کۆمەڵگەکەمانەوە بەرپرسانە و دڵسۆزانە ئەرک و بەرپرسیارێتیەکانیان جێبەجێ بکەن و بەرگری لە دەستکەوتەکانی ئافرەتان بکەن و بەرەنگاری هەموو هەوڵێک بکەنەوە کە هەوڵی لاوازکردن و سڕینەوەیان دەدات.

ئێمە وەک هەرێمی کوردستان تێیدا چەسپاوە، تەنیا ماوە بگاتە پەرلەمان. ئەو پەرلەمانتارە کارەکانی سەرشانمان بەجێبگەیەنین بۆ پتەوکردنی ڕەوشی سەقامگیریی و ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانیی.

جارێکی دیکە و بەو بۆنەوەیەوە، پاڵپشتی و پشتیوانی خۆمان بۆ ئێوە و یەکێتییەکەتان دووپات دەکەینەوە و ئومێدەوارین دەسکەوتی زیاتر لە تێکۆشانی ڕێکخراوەییتان بۆ تووێژی ئافرەتان بەدەست بێنن لە ئازادی و یەکسانیی و چارەسەرکردنی کێشە و گیروگرفتی ئافرەتان و دەستەبەرکردنی سەرجەم مافە ڕەواکانیان.

هەردەم لە پێشکەوتن دابن و هەر سەرکەوتووبن..

مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان

2019/12/11

پێشمەرگە بەهێزتر لە جاران لە سەنگەرەکاندا لە ئامادەباشیدایە



فەرماندەیەکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ڕایدەگەیەنێت پێشمەرگە بەهێزتر لە جاران لە سەنگەرەکانی پێشەوە لە ئامادەباشیدایە، نەک بۆ چەکدارانی تیرۆریستی داعش، کە مەترسی سەرهەڵدانەوەیان هەیە، بەڵکوو بۆ هەر دوژمنێک کە بیەوێت هێرش بکاتە سەر کوردستان.

لیوا تارق سلێمان هەرنی، فەرماندەی یەکەی 44ی سپیلک لە میحوەری تلسقۆف بە خەباتی ڕاگەیاند: هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە ماوەی شەڕی تیرۆریستانی داعشدا، گەورەترین بەرپەرچدانەوەیان هەبووە کە ساڵی 2014 هێرشیان کردە سەر کوردستان و بە هێز و باسکی پێشمەرگە قارەمانەکان بە سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی سەرۆک بارزانی، پێشمەرگەی کوردستان توانی سەرکەوتن بەدەست بێنیت و بۆ جیهان سەلماندی کە هێز بە چەک نییە بەڵکوو بە ئیرادەیە.

گوتیشی: پێشمەرگەی کوردستان لە شەڕی دژی داعشدا چەکی گەورەی بەدەستەوە نەبوو، بەڵام ئیرادەیەکی پۆڵایینیی هەبوو، بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی سەرۆک بارزانی لە سەنگەرەکانی پێشەوە بەرانبەر هەموو چەکێک بوو بۆ پێشمەرگە قارەمانەکان، پێشمەرگە قەت هێرشبەر نەبووە، بەڵام بەرگریکارێکی پێداگر بوو و وای کرد جیهان بجوڵێت و بە هانای پێشمەرگەوە بێت و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش دروست بکرێت. ئەوەشی خستەڕوو: هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بەردەوام لە ئامادەباشیی تەواودایە لە سەنگەرەکانی سەر سنووری کوردستان، پێشمەرگە نەتەنیا بۆ بەرپەرچدانەوەی پەلامارەکانی داعش، بۆ هەر دووژمنێک کە بیەوێت هێرش بکاتە سەر کوردستان لە ئامادەباشیی تەواودایە و بە وردیەکی بەهێزتر لە جاران، ڕاستە مەترسیی سەرهەڵدانەوەی داعش لە ئارادایە، بەڵام بەهێزتر لە جاران پێشمەرگە لە ئامادەباشیدایە.

د. دلاوەر ئاژگەیی و گرووپی سەوزەکانی پەرلەمانی ئەورووپا بەهێزکردنی لۆبیی کوردی تاوتوێ دەکەن



د. دلاوەر خالد ئاژگەیی نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتیی ئەورووپا سەردانی پەرلەمانی ئەورووپای کرد و لەگەڵ ماگرێتە ئاوکن ئەندامی پەرلەمانی ئەورووپا لە گرووپی سەوزەکان کۆبۆوە و میانەی دانیشتنەکەدا نوێنەری حکومەتی هەرێم سوپاسی پشتگیری و هەڵوێستی بەرێز ئاوکن کرد لە پشتگیری و پاڵپشتی لە دۆزی ڕەوای گەلی کوردستان و داوای بەردەوامی و هەماهەنگی زیاتری لێ لەو بوارەوە لێ کرد، لە تەوەرەکی تری دیدارەکەدا، باس لە میکانیزمی بەهێزکردنی لۆبیی کوردستانی کرا لە پەرلەمانی ئەورووپادا لە ڕێگەی گرووپی دۆستانی کوردستان لە پەرلەمانی ئەوروپا.

پرسی مەترسی سەرهەڵدانەوەی داعش لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم و زیادبوونی چالاکی و هێرشەکانی ئەمدواییە و هاتنی ژمارەیەکی بەرچاو لە پەنابەری سووری بۆ هەرێمی کوردستان بەشێکی تری دیدارەکە بوون کە تیدا د. دلاوەر خالید ئاژگەیی داوای پشتگیری زیاتری بۆ هەرێمی کوردستان کرد. هەروەها ئاوکن ئامادەیی خۆی دووپاتکردەوە بۆ پێشکەشکردنی هەموو هاوکارییەک لە پەرلەمانی ئەورووپا و ناوەندەکانی تری بڕیاردانی یەکێتیی ئەورووپا بۆ پشتگیریی مافەکانی گەلی کوردستان و بەهێزکردنی پێگەی هەرێمی کوردستان لەو ناوەندانەدا.

مەیادە نەجارِ: ڕەوانەکردنی بودجەی 2020ی عێراق بۆ پەرلەمان پێویستی بە هیچ دەرچەیەکی یاسایی نییە



پەرلەمانتارێکی کورد لە لیژنەی ئابووری و وەبەرهێنانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت، بۆ ڕەوانەکردنی بودجەی 2020ی عێراق بۆ پەرلەمان، پێویست بە هیچ دەرچەیەکی یاسایی ناکات و کێشەی نییە، دوای پەسەندکردنی پڕۆژەیاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانیش، ڕاستەوخۆ کار لەسەر پڕۆژەیاسای بودجە دەکرێت.

د. مەیادە نەجارِ، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی ڕاگەیاندووە: پڕۆژەیاسای چاکسازیدا هاتووە بە هیچ شێوەیەک بڕینی دەرماڵەی فەرمانبەرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان نییە، بەڵکو ڕێکخستنەوەی دەرماڵە و بڕینی ئەو ئێستاش کات ماوە، لەبەر ئەوەی پڕۆژەکە بە تەواوفووقی هەموو لایەکە و مافی کوردیش پەرلەمان. ئەو پەرلەمانتارە گوتیشی: پڕۆژەیاسای گرنگتر لە پڕۆژەیاسای بودجە لە بەردەستی پەرلەمانە، کە پڕۆژەیاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانە و خۆپێشاندەران داوای دەکەن، ئەمڕۆ پێنجشەممە یاخود سەرەتای هەفتەی داهاتووش ئەو پڕۆژەیاسایە ئەگەر بێتە تێپەڕاندن، ئینجا ڕاستەوخۆ کار لەسەر پڕۆژەیاسای بودجەی گشتی 2020ی عێراق دەکرێت.

لەبارەی هەبوونی کێشەی یاسایی لە بەردەم پڕۆژەیاساکەشدا، کە حکوومەتی کاربەڕێکەر ناتوانێت ڕەوانەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی بکات، نەجارِ وەکو هەرێمی کوردستان تێیدا چەسپاوە، تەنیا ماوە بگاتە پەرلەمان. ئەو پەرلەمانتارە گوتیشی: پڕۆژەیاسای بودجەی گشتیی ساڵی 2020ی عێراق بەر لە دەستلەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی، واژۆی لەسەر کراوە و هیچ کێشەیەکی نەماوە لە ئەنجوومەنی وەزیران و هیچ دەرچەیەکیش پێویست نییە تا ڕەوانەی پەرلەمان بکرێت، تەنها ئەوەی هەیە کاتە و دواخراوە، بۆیە ئەگەر ئەمڕۆ پێنجشەممە یان سەرەتای هەفتەی داهاتوو پڕۆژەیاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران پەسەند بکرێت، ئەوا ئەمساڵ بودجەش کاری لەسەر دەکرێت و پەسەند دەکرێت، بە پێچەوانەوە دوادەکەوێت.

زانا مەلا خالید: هیچ دەرماڵەیەکی یاسایی نابڕدرێت



بڕیارە پڕۆژەیاسای چاکسازی ڕادەستی پەرلەمانی کوردستان بکرێت و پەرلەمانتارێکی پارتیش دڵنیایی دەداتە فەرمانبەران هیچ دەرماڵەیەکی یاسایی نابردرێت و تەنیا دەرماڵەکان ڕێک دەخرێنەوە و ئەوەی بە نایاسایی دەرماڵە وەردەگرێت، دەرماڵەکەی دەبڕدرێت.

زانا مەلا خالید، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان لە لێدوانێکدا بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی ڕاگەیاندووە: ئەوەی لەنێو پڕۆژەیاسای چاکسازیدا هاتووە بە هیچ شێوەیەک بڕینی دەرماڵەی فەرمانبەرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان نییە، بەڵکو ڕێکخستنەوەی دەرماڵە و بڕینی ئەو دەرماڵەیە، کە بە ناحەق وەردەگیرێت، لەبەر ئەوەش، با فەرمانبەران دڵنیا بن، دەستکاریی دەرماڵەیان ناکرێت، ئەوەی بە یاسا ڕێکخراوە.

ئەو پەرلەمانتارەی پارتی دەشڵێت: لە هەندێ کەرتدا دەرماڵەی مەترسی هەیە، بۆ نموونە، لە کەرتی کارەبا و تەندروستیدا، بەداخەوە بەشێک لە فەرمانبەرانی هەردوو کەرتەکە دەرماڵەی مەترسییان بۆ بەستراوە و هیچ کارێکی مەترسیداریش ناکەن.

زانا مەلا خالید ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: مەبەست لە پڕۆژەیاسای چاکسازی بەرپاکردنی یەکسانی و چەسپاندنی عەدالەتە لەنێو حکوومەتدا، لەبەر ئەوەش، هەر مووچە و دەرماڵەیەکی یاسایی هەبێت، دەستی بۆ نابرێت، بەڵام کە هەنگاو بەرەو یەکسانی دەنرێت، بێگومان هەندێ کەس گلەیی دەکەن، بۆ نموونە، بەهۆی مەترسی بۆسەر ژیانی، 30%ی دەرماڵەی مەترسی بۆ کارمەندێکی کارەبا خەرج دەکرێت، ناکرێت فەرمانبەرێکی دیکەی کارەبا ئەو دەرماڵەیەی بۆی خەرج بکرێت، کە کاری کارەبا ناکات.

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/12/12 ژمارە (5891)

سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کونسوڵ و نێردە و دیپلوماتی وڵاتان لە هەرێمی کوردستان کۆدەبێتەوە

هەرێمی کوردستان ئامانجی ئەوەیە رێککەوتنێکی گشتگیر و هەمەلایەنە لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بکات

کونسوڵ و نوێنەری وڵاتان پشتگیریی خۆیان بۆ هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگە دووپات کردەوە



دوێنێ چوارشەممە سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان مەسرور بارزانی بە ئامادەبوونی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆک وەزیران، لە گەڵ کونسوڵ و نێردە و نوێنەر و دیپلوماتی وڵاتان لە هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان تیشکی خستە سەر دوا گۆڕانکارییەکانی هەرێمی کوردستان وعێراق.

سەرۆک وەزیران ئاماژەی بە بەرنامەی چاکسازی کرد کە بەشێکی گرنگی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و جەختیشی کردەوە کە کابینەی نۆیەم کار دەکات بۆ هەمەجۆرکردنی ئابووری هەرێمی کوردستان و گەشەپێدانی وبەرهێنان لە هەموو کەرتەکاندا.

لە بارەی پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵیش، سەرۆک وەزیران گوتی هەرێمی کوردستان ئامانجی ئەوەیە رێککەوتنێکی گشتگیر و هەمەلایەنە لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بکات کە لە بەرژەوەندی هاوواڵتیانی هەرێمی کوردستان و عێراقدا بێت.

ئامادەبووان پشتگیریی خۆیان بۆ هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگە دووپات کردەوە بەتایبەتی لە رووبەرووبوونەوەی هەڕەشەکانی تیرۆریستانی داعش. سیاسی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشیان کرد بۆ میواندارێکردنی ئاوارە و پەنابەران.

پاشان سەرۆک و جێگری سەرۆک وەزیران، وەڵامی پرسیاری ئامادەبووانیان دایەوە و پێرۆزبایی جەژنەکانی لە دایکبوون و سەری ساڵیان لێکردن.

تەکیە.. یاریگەیەکی وەرزشی لەسەر ئەرکی نێچیرڤان بارزانی کرایەوە

مەهدی مزووری: کردنەوەی ئەم یاریگەیە نیشانەی گرنگپێدانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە بە وەرزشکاران و ناوچەکە



دوێنێ چوارشەممە لە ناحیەی تەکیە لەسەر ئەرکی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان یاریگەیەکی 11 یاریزانی دوای نۆژەنکردنەوەی لە رێوڕەسمێکی تایبەتدا بە ئامادەبوونی هەڤاڵ ئەبوبەکر پارێزگاری سلێمانی و مەهدی مزووری نوێنەری سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەسەر بڕیاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی سەردەمیانە کرایەوە.

مەهدی مزووری نوێنەری نووسینگەی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی لە گوتارێکدا سڵاوی سەرۆکی نێچیرڤان بارزانی گەیاندە خەڵکی ناوچەکە و گوتی: کردنەوەی ئەم یاریگەیە لە ناوچەکەدا، نیشانەی گرنگپێدان و پەرۆشیی سەرۆک نێچیرڤان بارزانییە بە وەرزشکاران و ئەم ناوچەیە، لەکاتێکدا ڕەنگە ئەم دیاریە زۆر کەم بێت لە بەرانبەر ئەو قوربانییەی ناوچەکە داویەتی.

لای خۆیەوە هەڤاڵ ئەبوبەکر، پارێزگاری سلێمانی لە گوتارێکدا گوتی: بەناوی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی کردنەوەی ئەم یاریگەیەتان لێدەکەم، بەناوی پارێزگاری سلێمانی سوپاسی بردنە سەری بەڵێنەکان لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەین بۆ نۆژەنکردنەوەی یاریگەکە و هیوادارین بە ئیرادەی هەموومان، بتوانین کاری باشتر بکەین.

هیچ مەترسییەک لەسەر مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان نییە

د.مەحمەد شاکر: ئەگەر بودجەی 2020ی عێراق پەسەندیش نەکرێت، ڕەوانەکردنی مووچەی فەرمانبەران لە بەغداوە بەردەوام دەبێت

خەبات/عەلی بانیشاری:

ئەندامێکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت: ئەگەر بودجەی 2020ی عێراق پەسەندیش نەکرێت، هاتنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لە بەغداوە وەکو ئەمساڵ بەردەوامی دەبێت و هیچ کێشەیەک لەو ڕووەوە دروست نابێت. هەروەها دەشڵێت: دیار نییە کەی بودجەی 2020ی عێراق دەگاتە ئەنجوومەنی نوێنەران، بەڵام گومانی تێدا نییە دەکەوێتە ساڵی نوێ.

د.مەحمەد شاکر، ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ خەباتی ڕایگەیاند: حکومەتی ئێستای عێراق کاربەڕێکەرە و ناتوانێت واژۆ لەسەر بودجە بکات و ئاڕاستەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی بکات بۆ پەسەندکردنی. گوتیشی: ناردنی بودجەی 2020 دەکەوێتە سەردەمی حکومەتی نوێ، ئەو کات دەبێت هەوڵێر و بەغدا هەندێک گفتوگۆی دیکە بکەن، بەڵام گفتوگۆکان لە خاڵی سفرەوە دەست پێ ناکەنەوە، چونکە شاندنی هەردوولا لەسەر پرسی بودجە و نەوت ڕێکەوتنیان کردووە.

ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەشڵێت: پەیوەندییەکانی نێوان هەوڵێر و بەغدا لە ئاستێکی باشدایە و گفتوگۆکان بەردەوامییان دەبێت. 5ی ئەم مانگە وەزیری دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕاگەیاند: داواکارییەکانی هەرێمی کوردستان لە بودجەی 2020ی عێراق جێگیرکراون.

گوتیشی: ئەگەر بودجەی 2020ی عێراق لە ئەنجوومەنی نوێنەران وەکو ئەوەی نێمە دەمانەوێت پەسەند بکرێت کێشەی دابەشکردنی مووچە دەتوانم بڵێم لە 90%ی چارەسەر دەبێت و ئەوە نامێنێت نێمە لە ماوەی 20ڕۆژدا مووچە دابەش بکەین.

بودجەی 2020ی عێراق 145 تریلیۆن دیناره. پشکی هەرێم لەو بڕە لە 12.67% کە دەکاتە زیاتر لە 10 تریلیۆن دینار، واتە مانگانە نزیکەی 900ملیۆن دۆلار لە بەغداوە ڕەوانەی هەرێمی کوردستان دەکرێت.

ئومێد خۆشناو:

هەموو ئامادەکارییەک بۆ تێپەڕاندنی پرۆژەی چاکسازی کراوە

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان زانیاری لەسەر پرۆژە یاساى چاکسازی دەخاتەڕوو و پێیوایە بۆ تێپەڕاندنی ئامادەکاری باش کراوە. لەمبارەوە ئومێد خۆشناو، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی بۆ خەبات ڕایگەیاند: چاوەڕوانیی حکومەمت دەکەین ئەو پرۆژەیە بهێنرێتە پەرلەمان هەر کاتێک تەواو بوو، ئەوا هەموو ئامادەکارییەک کراوە و بە هاتنی ڕێکارەکان پەلەیان تێدا دەکرێت . گوتیشی: ئەو پرۆژەیە لەلایەن کەسانی پسپۆر و وەزیرەکانەوە کراوە و بە هەر جۆرێک بێت، قازانجی خەڵکە و لە پەرلەمان ڕێکار دەگرینە بەر و وەک فراکسیۆنی پارتی پشتیوانیی لێ دەکەین بۆ ئەوەی ببێتە یاسا و هیچ فراکسیۆنێک دژایەتیی خۆی ڕانەگەیاندووە و هەر ڕێگرییەک هەبێت، ئیرادەی بەهێز بۆ تێپەڕاندنی هەیە .

یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا: ئێمە هەرێمی کوردستان وەک مۆدێلێکی نموونە دادەنێین لە ناوچەکەدا

بەردەوام دەبین لە پشتیوانیکردنی حکوومەت و خەڵکی هەرێمی کوردستان



لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی کۆنگرێسی ئەمەریکا سەبارەت بە پرسی عێراق و سیاسەتی ئێستای ئەمەریکا لەم وڵاتەدا، جێگری یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست داوای پاراستنی مۆدێلی هەرێمی کوردستان لە عێراق دەکات.

لەو کۆبوونەوەیەی کۆنگرێسدا جۆو هود جێگری یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە وەک شایەتحاڵی سەرەکی بانگهێشت کرابوو بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی کۆنگرێس، بە ڕوونی باسی لەوە کرد، ئەمەریکا هاوکات لەگەڵ ئەوەی داکۆکی لەسەر داواکانی خۆپیشاندەران لە عێراق دەکات و جەخت لەسەر مافی هاوواڵتیان دەکاتەوە تا ژیانێکی ئاسوودە و حکوومەتێکی بەهێزی سەربەخۆی باوەڕپێکراویان هەبێت، لە هەمانکاتدا دەیەوێ دەستێوەردان و پیلانەکانی دژ بە بەرژەوەندییەکانی واشنتۆن و سەرەوەریی عێراق و ناسەقامگیری لە ناوچەکەدا بنبڕ بکات . هاوکات گوتیشی: لەپێناو ئەم ئامانجەشدا وەزارەت و دەزگا پەیوەندیارەکانی ئەمەریکا هەوڵ و تواناکانی خۆیان بە باشی ئامادە کردووە و هەنگاوە دیپلۆماتییەکانیشیان چڕتر کردووەتەوە .

ئەوەی تێبینی کرا لەو کۆبوونەوەیەدا زۆربەی ئەندامانی کۆنگرێس بە دیموکرات و کۆماریيەکانیشەوە لەسەر ئەوە کۆک بوون، هەرێمی کوردستانی عێراق مۆدێلکی بەهێزە بۆ دیموکراسی و پێکەوەژیان و ئاسایش و ئاوەدانی و کۆنگرێسمانەکان داوایان لە وەزارەتی دەرەوە و بەرپرسانی دۆسیەی عێراق کرد لە ئەمەریکا کەوا ئەم تایبەتمەندییە بە گرنگییەوە ڕەچاو بکەن وەبێ لەدژی هەر هەڕەشە و پیلانێک لەدژی ئەزموونی سەرکەوتنی ئەم هەرێمە هەڵوێستی دەستبەجێ و تووندیان هەبێت.


لەمبارەیەوە جۆو هود لە دوای کۆبوونەوەکەدا ڕاشکاوانە گوتی: ئێمە هەرێمی کوردستان وەک مۆدێلێکی نموونە دادەنێین لە ناوچەکەدا، بۆیە بە باوەڕێکی زۆرەوە بەردەوام دەبین لە پشتیوانیکردنی حکوومەتی هەرێم و خەڵکی کوردستان، سەبارەت بە عێراقیش بەگشتی، ئێمە لەگەڵ دەنگ و خواستی گەلی عێراقین کەوا دەبێ بە وڵاتانی وەکوو ئێران بگوترێ بەسە و ئێمە لەگەڵ ئێوە تەنیا دەمانەوێ دۆست و دراوسێ بین.

ئەم کۆبوونەوەیەی کۆنگرێسی ئەمەریکا و قسەکانی جۆوی هود لە کاتێکدان ڕەوشی خۆپیشاندەران هێشتا لە عێراق نالەبارە و خۆپیشاندانیش بەردەوامە، بەڵام وەک شارەزایان و چاودێران لە واشنتۆن دەڵێن، ئەوەی تێبینی دەکرێت، ئەمەریکا ئەمجارە دەیەوێت هەڵەکە بقۆزێتەوە و ئاسنەکە لە عێراق بە گەرمی بکوتێ نەوەک نەیارانی زووتر دەستیان پێ بگات.

وتارو ڕاپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن: yasinheja@yahoo.com
پێنج شەممە 2019/12/12 ژمارە (5891)
www.xebat.net
خەبات

بێوەژنە سپییەکە... ترسناکترین ژنی جیهان

ئینتەرپۆل و دەزگای موخابەراتی 190 دەوڵەتی دنیا بەدوایدا دەگەڕێن



مەریوان نەقشبەندی:

سامنسا لوتویت ئەو ژنە ئینگلیزیەیە کە بەهۆی جیابوونەوەی دایک و باوکی لە تەمەنی 11 ساڵیدا چەند خێزانێکی موسڵمانی ئەفریقی لە شارۆچکەیەکی بەریتانیا بەخێوکردنی لەئەستۆ دەگرن و لە تەمەنی 15 ساڵیدا دەبێتە موسڵمان و ناوی دەگۆڕێ بە(شەریفە) لە تەمەنی 18 ساڵیدا هاوسەرگیری لەگەڵ جیرمن لیندسی دەکات و هەردووکیان دەچنە ریزی شانە نووستووە نهێنییەکانی ڕێکخراوی قاعیدە لە بەریتانیا و دوو مندالی لێی دەبێت، پێش ئەوەی لە تەمموزی ساڵی 2005 لەناو رووداوی تەقینەوەی میترۆی شەمەندەفەرەکانی بەریتانیا خۆی بتەقێنێتەوە و 26 کەس بکوژێت کە ئەم ژنە یارمەتیدەری سەرەکی هاوسەرەکەی بووە لەو هێرشانەی سەر شەمەندەفەرەکانی بەریتانیا کە بووە هۆی کوژران و برینداربوونی نزیکەی 700 کەس، پێش ئەوەی لە لای پۆلیسی بەریتانیا (سکۆتلاندیارد) دەستگیر بکرێت، لەگەڵ پیاوێکی ڕەشپێست بە ناوی حەبیب ساڵح ئەلغەنی کە ئەویش سەر بە ڕێکخراوی قاعیدەیە و پسپۆڕە لە بواری دروستکردنی بۆمب و ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو لەم پیاوەش مندالێ سێیەمی دەبێت و پێکەوە سەفەر دەکەن بۆ کیشوەری ئەفریقیا و دەبێتە ئەندامێکی کارای بزووتنەوەی گەنجانی موجاهیدینی سۆماڵی و لە نێوان سۆماڵ و کینیا و یەمەن هاتوچۆ دەکەن و پلانادەڕێژن و چەندین کردەی تەقینەوە جێبەجێ دەکەن و چەندین بەریتانی و خەڵکی بیانی لە شاری(مومباسا)ی کینیا دەکوژن، کە بەمەبەستی گەشتیاری سەفەری ئەو وڵاتەیان کردووە.

لەم هێرشانەشدا میردی دووەمی ئەم ژنە دەکوژرێت و بەپێی زانیارەکانی دەزگای هەواڵگری ئەمەریکا و پۆلیسی بەریتانیا ئەم ژنە کە بە بێوەژنە سپییەکە ناوداراە، جوانی و سەرنجڕاکێشی خۆی لە زۆر پلاندا بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و پارە بۆ ڕێکخراوی قاعیدە و چەندین کەسی هاندواە و قەناعەتی پێکردووە تا خۆیان بتەقێننەوە بە خەڵکی غەیرە موسڵماندا و دوای چەندین سەرکەوتنی لە چەندین کردەوەی تیرۆریستی جیهازی لاپتۆپەکەی لە یەکێک لە مااڵەکانی خۆی لە گەڕەکێکی دەوڵەمەندەکانی کینیا دەست پۆلیسی کینیا دەکەوێت و زۆر لە زانیارییەکانی تێدا ئاشکرا دەبێت، بەاڵم خۆی دەرباز دەبێت و ئێستا پۆلیسی ئینتەرپۆڵ و دەزگای موخابەراتی 190 دەوڵەتی دنیا بەدوایدا دەگەڕێن و 5 ملیۆن دۆاریش وەک خەاڵت دەدرێتە ئەو کەسەی زانیاری لەسەر ئەم بێوەژنە سپییە بدات کە تەمەنی 29 ساڵە. هەندێک سەرچاوەی هەواڵگری لەئەفریقیا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە دوای سەرهەڵدانی داعش ئەم ژنە ترسناکە پەیوەندی بە ئەبوبەکر بەغدادی کردووە و ئەویش رایسپاردووە وەک بەرپرسی ژنانی داعش لە کیشوەری ئەفریقیا، بەاڵم هیچ وڵاتێک بە فەرمی ئەمەی پشتڕاست نەکردووەتەوە و ڕۆژنامەیەکی نەیجیریاش باسی لە دەستگیرکردنی کردووە لە لایەن گرووپی بۆکۆ حەرامەوە.

د. بەشیر حەداد ڕۆڵی پێشمەرگە لە سەرکەوتن بەسەر تیرۆریستانی داعشدا بەرز دەنرخێنێت

لە دووەمین ساڵیادی ڕاگەیاندنی سەرکەوتن بەسەر ڕێکخراوی داعش، دکتۆر بەشیر حەداد جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق پیرۆزبایی لە گەلی عێراق بە هەموو پێکهاتەکانییەوە دەکات و ئازایەتی و ڕۆڵی پێشمەرگەی کوردستانیش لە تۆمارکردنی داستانی سەرکەوتن بەسەر تیرۆر و ئۆپەراسیۆنەکانی کۆنترۆڵکردنەوەی شار و ناوچەکان لە بن دەستی داعش بەرز دەنرخێنێت . جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕاشیگەیاند، پێویستە بە هەموو لایەک پارێزگاری لە دەستکەوتەکانی شەڕی دژی تیرۆریستان بکەین، چونکە ئەو دەستکەوتانە بە خوێنی هەزاران کەس لە ڕۆڵە قارەمانەکانی وڵات لە هێزی پێشمەرگە و پۆلیس بەدەستهاتووە. حەداد داواشی کرد هەموولایەک هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی سەقامگیری و ئارامی بۆ وڵات بگەڕێتەوە و پارێزگاریش لە دەستکەوت و ئەزمونی دیموکراسی لە وڵاتدا بکرێت و کار بکرێت بۆ ئەنجامدانی چاکسازی ریشەیی لە وڵات و جێبەجێکردنی داواکاریەکانی ڕەواکانی خۆپیشاندەران و دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆ هاووڵاتیبانی عێراق لە تەواوی پارێزگاکاندا.



ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان:

سەرەڕای تەحەددییەکان هەرێمی کوردستان هەنگاوی ئەرێنیی زۆری لە بواری مافی مرۆڤ ناوە

حکوومەتی هەرێم سەدان دەستگیرکراوی داعشی ڕادەستی لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی فیدراڵی کردۆتەوە

لە ئێستادا ژمارەی پەنابەر و ڕاگوێزراوان لە هەرێمی کوردستان دەگاتە ملیۆنێک و 37446 کەس

لە میانەی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی کە ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو، بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی مافەکانی مرۆڤەوە سازکرابوو، د. دیندار زێباری ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: لە چەند ساڵی ڕابردوودا بە هۆی هێرشی تیرۆریستانی داعش و قەیرانی ئابووریەوە، هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ و تەحەددیات بۆوە، بەاڵم سەرەڕای ئەوەش هەوڵیدا پابەند بێت بە پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤەوە.

زێباری لە میانەی کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکەدا تیشکی خستە سەر پەیوەندی و هەماهەنگی نێوان حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی فیدراڵ و گوتی: حکوومەتی هەرێم لە ڕێگای ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکانەوە ئەندامە لە لیژنەی نیشتمانی نووسینەوەی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان، تیمی نیشتمانی عێراق تایبەت بە مامەڵە کردن لەگەڵ تیمی (یۆنیتاد) لیژنەی بەدواداچوون لە چارەنووسی بێسەروشوێن بووانی و بەشداری کردن لە میکانیزمی وەزارەتی دادی فیدراڵ بۆ گفتوگۆکانی خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکانی عێراق لەو ڕێککەوتننامانەی کە عێراق ئەندامە تێیدا، لە بواری پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتەکانی هەرێم، حکوومەت بەردەوامە لە سیاسەتی ستراتیژیی خۆی و گشت پێکهاتە ئایینی و نەتەوەیی و مەزهەبییەکانی هەرێمی کوردستان مافەکانیان بە یاسا چەسپاوە لە گشت کایەکانی ژیان مافەکانیان پارێزراوە.

زێباری ئاماژەی بە یارمەتیدانی پەنابەر و ڕاگوێزراوان و هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێم بۆ ڕزگارکردنی ئێزیدییەکان کرد و ڕایگەیاند: لە ئێستادا ژمارەی پەنابەر و ڕاگوێزراوان لە هەرێمی کوردستان دەگاتە 1037446 کە جگە لە ڕاگوێزراوان، پەنابەری ڕۆژهەاڵت، ڕۆژئاوا،باکوور و فەڵەستینیش لە هەرێمی کوردستانن، هەروەها بەمدواییە کەمپێک لە بەردەڕەش دروستکراوە بۆ پێشوازی کردن لە پەنابەرانی ڕۆژئاوا کە دوای ڕووداوەکانی ئەم دواییەی ناوچەکە ڕوویان لە هەرێم کرد کە 17983 پەنابەر لە خۆدەگرێت. لە بواری ڕزگارکردنی ئێزیدییەکانیش بەرنامەیەکی پراکتیکی دانراوە بۆ پاڵپشتی دەستەی لێکۆڵینەوە، کۆکردنەوەی بەڵگەکان و چارەسەرکردن بۆ جینۆسایدو ناساندنی تاوانەکانی داعش و تا ئێستا توانراوە 2600 دۆسیەی تاوان دژی ئافرەتانی (ئێزیدی، کریستیان،تورکمان و شەبەک) بە دیکیۆمینت بکرێ بۆ مەبەستی دادگاییکردن لە دوای هێرشەکانی داعش، هەروەها 3000 دۆسیەش لەژێر لێکۆڵینەوە دایە.

لە بارەی گرنگیدان بە ئافرەتان دینار زێباری گوتی: هەرێمی کوردستان لەم ڕووەوە هەنگاوی زۆری ناوە کابینەی نێچیرڤان بارزانی هەبووە و لەو بوارەوە هەنگاوی زۆر نراوە. لەلایەکی دیکەوە لە 11 بنکەی تەندروستی حاڵەتەکانی خەتەنە کردنی کچان تۆمار دەکرێن لەگەڵ هەڵمەتەکانی وشیار کردنەوەی دایک و باوکانرێژەی خەتەنە کەمی کردووە.



زێباری باسی لە گیراوانی داعشیش کرد و گوتی: ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە 18 ساڵ کەمترە و پەیوەندییان بە داعشەوە هەبووە وەک قوربانی دەستی داعش مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت نەک تاوانبار و گشت مافێکیان هەیە وەک بوونی پارێزەر و بەکارهێنانی تەلەفۆن و پەیوەندیی بە کەسوکارییانەوە بکەن و ڕێگا بە ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکان دراوە کە سەردانی بنکەکانی دەستگیر کردن و بەندیخانەکان بکەن بۆ ئەوەی لە نزیکەوە چاویان پێیان بکەوێت، هەروەها پڕۆگرامێکی تایبەت دانراوە بۆ ئەوەی ئەم دەستگیر کراوانە سوودمەند بن لە تەندروستی، پەروەردە، خوێندنی باڵا ئافرەت ڕۆڵی زۆریان هەبووە و لەو بوارەوە هەنگاوی زۆر نراوە. لەلایەکی دیکەوە لە 11 بنکەی تەندروستی حاڵەتەکانی خەتەنە کردنی کچان تۆمار دەکرێن لەگەڵ هەڵمەتەکانی وشیار کردنەوەی دایک و باوکانرێژەی خەتەنە کەمی کردووە.

زێباری باسی لە گیراوانی داعشیش کرد و گوتی: ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە 18 ساڵ کەمترە و پەیوەندییان بە داعشەوە هەبووە وەک قوربانی دەستی داعش مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت نەک تاوانبار و گشت مافێکیان هەیە وەک بوونی پارێزەر و بەکارهێنانی تەلەفۆن و پەیوەندیی بە کەسوکارییانەوە بکەن و ڕێگا بە ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکان دراوە کە سەردانی بنکەکانی دەستگیر کردن و بەندیخانەکان بکەن بۆ ئەوەی لە نزیکەوە چاویان پێیان بکەوێت، هەروەها پڕۆگرامێکی تایبەت دانراوە بۆ ئەوەی ئەم دەستگیر کراوانە سوودمەند بن لە پڕۆسەی خوێندن بە زمانی عەرەبی. لەلایەکی دیکەوە حکوومەتی هەرێم سەدان دەستگیرکراوی داعشی ڕادەستی لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی فیدراڵی کردووە.

لە کۆتایی کۆنفرانسە ڕۆژنامەنووسییەکەدا دیندار زێباری ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێم دەربارەی کرێکارانی بیانی و خاوەن پێداویستی تایبەت و کەمئەندامان ڕایگەیاند: حکوومەتی هەرێم گرنگییەکی زۆری بە کرێکارانی بیانی داوە و هەمان مافی کرێکارانی ناوخۆییان هەیە، هەروەها چەندین کۆمپانیا ڕێوشوێنی یاساییان بەرامبەر گیراوەتە بەر بە هۆی سەرپێچی کردنیان بەرامبەر بە کرێکارانی بیانی، لە بارەی خاوەن پێداویستی تایبەت و کەم ئەندامان تا ساڵی 2018 ئەو کەمئەندامانەی کە مووچەیان بۆ بڕاوەتەوە 95916 کەس بوون، دوای ئەنجامدانی پشکنینی تەندروستی مووچەی ژمارەیەکیان بڕا بەپێی بڕیاری لیژنەی پزیشکی، بەاڵم لە ساڵی 2019 نزیکەی 13000 هەزار خاوەن پێداویستی تایبەت، بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران مووچەکانیان گەڕاوەتەوە، هەروەها بەپێی دواین ئامار 12068 کەس لە کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لە دام و دەزگاکانی حکوومەت دامەزراون.



دەسەاڵتی دادوەری لە عێراق:

خۆپیشاندانی ئاشتییانە مافێکی دەستوورییە

ئەنجوومەنی باڵای دادوەری لە عێراق ڕایگەیاند کە خۆپیشاندانی ئاشتییانە و ڕادەربڕین مافێکی دەستوورییە و پێویستە سەرجەم دەسەاڵتەکان ڕێزی لێ بگرن. ئەنجوومەنی باڵای دادوەری ڕایگەیاند کە سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای دادوەری، دادوەر فایەق زێدان پێشوازی کرد لە نەقیبی سەندیکای پارێزەرانی عێراق، زیا سەعدی. لەمبارەوە ئەنجوومەنی باڵای دادوەری ڕاگەیەندراوێکی باڵاوکردەوە و تیایدا ئاماژەی بەوەکردووە کە دادوەر فایق زێدان جەختیکردووەتەوە لەسەر ئەوەی کە پارێزەران دەنگ و پارێزەری ڕاستەقینەی خۆپیشاندەرانن کە داوای مافە ڕاوەکانیان دەکەن. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای دادوەری، دادوەر فایەق زێدان باسی لەوەیشکردووە کە پارێزەران بەرگری دەکەن لە خۆپیشاندەران و مافە ڕاوەکانیان. فایەق زێدان ئەوەشی گوتووە خۆپیشاندانی ئاشتییانە و ڕادەربڕین مافێکی دەستوورییە و پێویستە سەرجەم دەسەاڵتەکان ڕێزی لێ بگرن.

ئەو خۆپیشاندانەی کە لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ڕابردووەوە دژ بە حکوومەت لە شاری بەغدا پایتەخت و شارەکانی ناوەڕاست و باشوور ئەنجام دەدرێن دریژەیان هەیە، پشتبەستن بە ئامارەکانی کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق لەمیانی خۆپیشاندانەکاندا نزیکەی 485 کەس کوژراون و 17 هەزار کەس بریندارببوون.

لە بەغدا تەرمی چالاکوانێکی مەدەنی دۆزرایەوە

لە مانگی تشرینی یەکەمی ڕابردووەوە تا ئێستا نزیکەی 485 کەس کوژراون و 17 هەزاریش بریندارببوونە

سەرچاوەیەکی ئەمنی ڕایگەیاند، تەرمی چالاکوانێکی مەدەنی کە ئێوارەی ڕۆژی سێشەمە ڕفێندرابوو لە باکووری بەغدا دۆزراوەتەوە. سەرچاوەکە کە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێت بۆ ئاژانسەکان ڕایگەیاندووە: ئێوارەی دوێنێ سێشەمە چالاکوانی مەدەنی، نەجم ئەللامی لە میانی گەڕانەوەی لە گۆڕەپانی تەحریر بۆ ماڵەکەی لە ناوچەی شەعب باکووری بەغدا، ڕفێندرابوو. ئاشکراشیکرد کە تەرمی نەجم ئەللامی دوێنێ چوارشەمە لە دەروازەی کە گوللەیەک بەر سەری کەوتووە.

سێ ڕۆژ لەمەوبەر ژمارەیەک چەکداری نەناسراو لە ناوچەی باروودی ناوەڕاستی شاری کەربەلا دەستڕێژی گوللەیان لە چالاکوانی خۆپیشاندانەکان، فاهم تائی کرد و کە بەهۆیەوە و دەستبەجێ گیانی لەدەستدا. ئاماژە بەوە دەکرێت کە لەمیانی خۆپیشاندانەکاندا، زنجیرەیەک کردەی کوشتن و ڕفاندن دژ بە چالاکوانانی خۆپیشاندانەکان لە بەغدای پایتەخت و شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق ئەنجامدراون.

پشتبەستن بە ئامارەکانی کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق لە دەستپێکی خۆپیشاندانەکان لە بەغدای پایتەخت و شارەکانی دیکەی عێراق کە لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ڕابردووەوە تا ئێستا نزیکەی 485 کەس کوژراون و 17 هەزاری دیکە لە خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان بریندارببوون.


67 ساڵ کاری ڕێکخراوەیی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان بە پراکتیک ئافرەتی هاوتەریبی پیاو کرد

ساسان دەروێش - هۆڵندا

لەم یادە پڕ سەروەری و میژوویییەتان کە ساڵیادی دامەزراندنی ڕێکخراوەکەتانە، بەنێوی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان و داگیرسانی 67 مۆم لە تەمەنی خەبات و تێکۆشانتان بۆ بەدیهێنانی یەکسانی و مافەکانی ئافرەت و کارکردن بۆ دۆزی ڕەوای نەتەوەکەتان، سەری ڕێز و نەوازش دائەنوێنم بۆ ئەو دایک و خوشکانەی کە خۆیان کردە قوربانی کوردستان و ئالای ڕێکخراوەکەتانیان بەرز ڕاگرت، وێڕای پیرۆزبایی گەرمیشم بۆ ئێوەی تێکۆشەر کە لە سەرەتای دروستبوونی ڕێکخراوەکەتان لە 1952/12/11 لەسەر دەستی باوکی ڕۆحی نەتەوەییمان بارزانیی نەمر هاتە مەیدان، ڕۆڵی گرنگ و بەرچاوکاریگەرتان هەبووە لە بزووتنەوەی کوردایەتیدا شان بەشانی پیاوان و جێگا دەستان دیارە لە هەموو کایەکانی ژیانیشدا، ئاوڕدانەوەیەک لە سەد ساڵی ڕابردوو لە میژووی بزاڤی ئافرەتانی دنیا و بەتایبەتی ئافرەتانی کورد مەودایەکی گەورەی جیاواز دەبینرێت لە جموجۆڵەکانیان، ڕاستە لێرە و لەوێ لە هەر پارچەیەکی کوردستانی گەورەدا بووبێت، چەندان ئافرەتی کورد هەڵکەوتەی ڕۆژگارەکانی خۆیان بوون و بوونەتە نموونەی جوانی ئافرەتی کورد لە هەر بواریکدا بووبێت بەپێی ئەو هەلومەرجەی کە بۆیان ڕەخساوە لە کات و ساتەکانی خۆیاندا و لە چوارچێوەیەکی تەسکدا کارەکانیان کردووە و ماوەتەوە و بوونەتە بەشێک لە میژووی ئافرەتانی کورد و جێگای شانازیمان کە هەندێکیان بە ناوی کۆمەڵە و ڕێکخراویش بوون کە ئەرکی سەرەکی خۆیان لە داواکردنی خوێندەواری و زانست بینیوەتەوە، بەداخەوە نەبوونەتە بزاڤێکی درێژخایەن و داکۆکیکاری لە ماف و پرسی ئافرەتی کورد، ئەمەش بەهۆی بندەستی و داگیرکردنی خاک و پەیوەستبوون بە دابونەریتی کوردەواری و پیاوسالاری لە نێو کۆمەڵگەکەماندا، بە پێچەوانەی سەرهەڵدانی بزاڤی ئافرەتانی جیهان کە لەدوای کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانییەکان و بانگەشەکردنی جاردانی مافی مرۆڤ و ئازادی و یەکسانی بزاڤی ئافرەتانی جیهانیش لەنێو هەناوی جەنگ و کاولکاری و کۆتایی هاتنیان لەدایکبوو لە پێناوی مافەکانی ئافرەت و یەکسانی، ئەمەش بە پەیڕەوکردنی



هەردوو توخمی مرۆڤ لە نێر و مێ بۆ هاوسەنگی و مانەوەی ژیان لەسەر گۆیی زەوی و خۆشگوزەرانی بۆ نەوەکانی داهاتوویان کە ئافرەت ئەم ڕۆڵە گرنگەی بینی، بەڵام ئافرەتی کورد لە نیشتمانێکی دابەشکراو و بندەست میژووی ئافرەتی کورد و کاری ڕێکخراوەیی لە شۆڕش و ڕاپەڕینەکاندا خەباتی نەتەوەیی دژ بە داگیرکاران بەرجەستە دەکرد و شانبەشانی پیاوان لە درێژەکێشان و شۆڕبوونەوە بۆ شۆڕشی مەزنی ئەیلوول کە هەر ئافرەتی کوردیش بوو تفەنگی شەرەفی کردەشان لەگەڵ پێشمەرگەی کوردستان و خۆی لەسەنگەری بەرگریکردندا بینیوەتەوە و دڕێژەی بە خەباتی خۆی دەدا لە ڕووی سیاسی تا ئاستی سەرکردایەتیی ڕۆیشتن و بوونە شانازی و ئافرەتی کورد پەتی سێدارەی بەشانازییەوە لەمل کرد بۆ سەرفرازیی نیشتمان و چەندین ئافرەت خۆیان کردە قوربانی و شەهیدبوون و تیرۆرکران بە دەستی ناپاک و دوژمن لەسەر جادە و کۆڵان و نێو قوتابخانەکان، میژووی کورد خۆیناوی کرا لە قوربانییەکانی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان، لەگەڵ ئەمەشدا لە تەختی شانۆ و دراما و تەمسیل و کاری هونەری کەمتر ئافرەتی دەبینران، ئەمەش بەهۆی تێکەڵبوونیان بە شۆڕش و بندەستیمان بوو، تا ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991 و هەڵبژاردنی پەرلەمان و دروستبوونی کابینەکانی بوونە سەردەمێکی زێڕینی گۆڕینی خەباتی ئافرەتان گەشەسەندنی هزر و بیری ئافرەتی کورد و هاتنە مەیدانی کارا و لێنەبڕاوەنە و بوونە و زۆرترین دەستکەوت بۆ ئافرەتی کورد، پارتی دیموکراتی کوردستانیش پاڵپشتی گەورەیان بووە لە پێشکەوتن و گەشەسەندنیان و هاندانیان بۆ دەرخستنی تواناسازییان لە دوا کۆنگرەی خۆی بۆ یەکەمجار شەش ئافرەتی هێنایە نێو سەرکردایەتیی پارتییەوە، وێڕای ئەوەی شۆڕی کردوونەتەوە لە ئۆرگانەکانی حزب و حکوومەت، ناشکرێ لەم یادە پیرۆزەشدا ڕۆڵی ئۆفیسی ئەوروپایی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان بەسەرپەرشتی خاتوو فەزیلە شۆڕش و دەستە خوشکەکانی لە ئەنجوومەنەکانی وڵاتانی ئەورووپا لە یاد بکرێت لە خزمەتی پرسی ئافرەت و ناساندنی ناسنامەی نەتەوەییمان هەوڵەکانیان چڕکردووەتەوە و سەلماندویانە کە پێشەنگ و پێشەوای هەموو ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتانن، هەموو ئەمانەش بۆ ڕۆڵی جەنابی نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی پێشوو دەگەڕێتەوە لە کابینەی چوارمەوە لە ساڵی 2005 سیاسەتی یەکسانی پەسەند کرد و بەدوای خۆیدا گۆڕانکاری گەورەی لە پرسی ئافرەتاندا هێنایە مەیدان بە هیوام گەشەسەندنی زیاتر بەخۆیانەوە ببینن و بە پراکتیک ئەو فەلسەفەیە جێبەجێ بکەن کە دەڵێت ئافرەت نێوەی کۆمەڵە.



شەنگە هاوارکاکەیی*

ئەمەریکا و ئالۆزییەکانی عێراق

بارگرژی و ئالۆزییەکان لە گۆڕەپانی عێراق لەپەرەسەندن دایە و میکانیزمی چارەسەرکردنیشی دیار نییە، تەنانەت!پاش دەست لەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدیش دەنگی ناڕەزایەتییەکان کپنەبۆتەوەو ڕۆژانە هێزە ئەمنییەکان ڕەفتاری تووندوتیژی دەنوێنن و شەقامەکان خوێنڕێژ دەکەن، کەچی دەنگی ناڕەزایی هەر لە ترۆپکە.

ئامانجی بینای عێراقێکی نوێ هەرچەندە هەوڵی زۆری بۆ دراوە بەتایبەتیش بۆ ئاشتبوونەوەی شەقام و دەسەڵات و خامۆشبوونەوەی گڕی جەماوەر، کەچی خوێندنەوەکان بۆ تاکی عێراقی بانێک و دووهەوایە، چوونکە ئەو متمانەیان نەماوە کەوا هێزی شیعەگەرایی بتوانێ ئیدارەی عێراق و مەحکومیەتی عێراق لەڕێچکەی ئاسایی خۆیدا هەڵسوڕێنێ، بەو پێیەی کەوا شەقام ئەزموونی شکستی ڕابردووی بەرچاوە و ئەوانەی لەدەسەڵات بوون لە جەمسەرگیری هەردوو باڵە ئاینییەکە شیعی و سوننی، ئەگەرچی دیفاکتۆی هێز لە باڵی شیعییە، بەڵام ئەلتەرناتیڤێکی کارا نەبووە لە هاتنەدی ئامانجە هەنووکەییەکانی جەماوەر، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەرهاوێشتەی نەڕێنیبوونی ئەم سیاسەتەش ئەمڕۆ لە ناڕەزاییەتییەکانی شەقام دەخوێندرێتەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ شکست و پەککەوتەیی نەخشەڕێگەی پەیڕەوکردنی دەستووری ئایینی و هەژموونی دیموکراسی لە عێراق ی فیدرالدا.

پێداگیری کردن بۆ هێنانەدی ژیانێکی پڕ شکۆ و کەرامەت بۆ هاوواڵتیان هەمیشە خەون خولیای شەقامە کە چەندان ساڵە لەژێر هەیمەنەو ڕکێفی ئایینیدا لێی بێبەش کراوە. بەرجەستەبوونی عەقیدەگەرایی و ئێرانچێتیش لەم ناوچەیەدا ئەمەریکییەکانی نیگەران کردووە، بۆیە ئەوانیش هاتنە سەر خەت و لە هەوڵێکی تازەیاندا لە ڕێگەیەکی دیپلۆماسی بە بیانگەی گەشەدان بەپرۆسەی دیموکراسی و بە ئامانجی سەقامگیریی و وەلانانی بیرۆکراسییەت لە کێڵگە بۆگەنەکانی دەسەڵات، کە هۆکارێکی ڕاستەوخۆی هەرەسهێنانی دۆخی دیموکراسی وڵات بوو، دەیانەوێ جێدەستی ئەوانیش دیارێ و ئامانجە شاراوەکانی خۆشیان بەدییێنن.

بۆیە لەمیانەی ئەم ڕووداوانەدا کۆشکی سپی بڕیاری دا بە دروستکردنی باڵیۆزخانەیەک لەسەر ڕووبەرێکی بەرفراوانی بەغدای پایتەخت وەک گەورەترین باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوین‌دا. ئەگەرچی ئەم بڕیارە خۆی لەخۆیدا تەکانێکە بۆ سەقامگیریی دۆخەکە، بەڵام ئایا ئەم هەنگاوە ئاستۆی چارەسەرە یا نا؟ هەمیسان وەڵامێکی دروست نییە بۆ پرسیاری زۆر گرنگ، کەوا ئاخۆ داهاتووی چۆن دەبێ، ئاخۆ ئەم پڕۆژەیە بۆ بەرژەوەندی گەلانی عێراق دەشکێتەوە یا نا؟ ئاخۆ ئەو هێزە سەربازییەی کە بڕیارە بۆ پاراستنی تیمی دیپلۆماتکارەکانیان دایانبەزرێنن، ئایا تەنها بۆ کاری پاسەوانییە یا بۆ چاوسوورکردنەوەو شکاندنی پێگەی شیعەگەراییش و تێکشکاندنی ماڵی شیعی و هیلاڵی شیعیشە!!!

ئەمڕۆ کە چاودێرانی سیاسیمان وەڵامی دروستیان هەیە و پێیان وایە ئەم هەنگاوە تەنها بۆ لێدانی ئێرانە، بەڵام زاتی کۆنگرێسی ئەمەریکی نازانن، چوونکە ڕەهەندی سیاسەت لە وڵاتان شاراوەیە بە هۆکاری ئەوەی لەگەڵ چرکەکانی بەرژەوەندی و بەتایبەتی بازاڕی دراو و کانزا بەبەهاکان شەڕی سیاسەت لە تاویلە موستەدیردی سیاسەت خوانیان گەرم دەکەن! تا ئاشکراکردنی ئەم لاپەڕە لێخنەیان دەبێ بە سەقامگیری بڵێن ماڵئاوا ئاسوودەگی...

*** ماستەر لەیاسای گشتی -زانکۆی حیکمە بەیروت**

کۆنگرێسی ئەمەریکا سووڕە لەسەر سزادانی تورکیا

مەولوود چاوشۆغلو: تورکیا بنکەی ئینجەرلیک دەهێنێتە بەرباس و وەکو کارتێک بەکاری دەهێنێت



کۆنگرێسی ئەمەریکا داوای کردووە سزای تورکیا بدرێت لە بەرانبەر کڕینی مووشەکی بەرگری S400 لە ڕووسیا و وەزیری دەرەوەی تورکیاش هەڕەشە دەکات ئەگەر ئەمەریکا سزای ئابووری بەسەر تورکیادا بسەپێنێت، بنکەی ئینجەرلیک دەهێننە بەرباس. کێشەی نێوان تورکیا و ئەمەریکا لەبارەی کڕینی مووشەکی بەرگری S400 کۆتایی نەهاتووە و کۆنگرێس بەردەوام داوا دەکات سزا بەسەر تورکیادا بسەپێنرێت، بەڵام دۆنالد ترەمپ بڕیاری سزادانەکەی ڕاگرتەوە و دەڵێت بەردەوام دەبین لەوەی تورکیا پەشیمان بکەینەوە.

وەزیری بەرگریی ئەمەریکا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئاشکرای کرد، کە داوایان لێ کراوە لە بودجەی 2020ی سەربازیدا سزا بەسەر تورکیادا بسەپێنن، ئەمەش وەڵامدانەوەی وەزیری دەرەوەی تورکیای لێکەوتەوە. هاوکات مەولوود چاوشۆغلو وەزیری دەرەوەی تورکیا، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئاماژەی داوە ئەگەر بێت و ئەمەریکا سزا بەسەر تورکیا بسەپێنێت، تورکیاش بنکەی ئینجەرلیک دەهێنێتە بەرباس و وەکو کارتێک بەکاری دەهێنێت. چاوشۆغلو باسی لەوەشکرد، کە تورکیا بە هیچ شێوەیەک لە کڕینی ئەو مووشەکە لە ڕووسیا پەشیمان نابێتەوە و لە2020دا بەکاری دەهێنێت.

ڕۆژنامەی سۆڵی تورکی ئاشکرای دەکات مەبەستی چاوشۆغلو لە بنکەی ئینجەرلیک داخستنیەتی، ئەگەر بێت و ناچار بکرێن. هەروەها لیرەی تورکی بەرانبەر بە دۆلاری ئەمەریکی بەهای خۆی لەدەست داوە، بە تایبەت هەر کاتێک بەرپرسێکی ئەمەریکا باس لە سزادانی تورکیا بکات، ئیدی لیرەی تورکیش بەهاکەی دێتە خوارەوە و، هەموو خواردن و کەلوپەلێکیش لە تورکیا نرخەکەی بەرز دەبێتەوە.

دیموکراتەکان هۆکاری لەسەر کارلادانی تەرەمپیان ئاشکرا کرد

چاوەڕان دەکرێت پێش کۆتایی ساڵ پرۆسەی لەسەرکارلادانی تەرەمپ بخرێتە دەنگدانەوە

ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا، ڕایانگەیاند لە لێکۆڵینەوەکانی لەسەرکارلادانی سەرۆکی ئەمەریکا دۆنالد تەرەمپ، تۆمەتەکانی خراپ بەکارهێنانی پۆست و ڕێگرتن لە کاروباری کۆنگرێسی دراوەتە پاڵ. ئەو گوتی: بە گوێرەی بەڕپرسیارێتیمان لە بەرامبەر دەستوور و وڵاتەکەمان، وەکو لیژنەی یاسایی دوو هۆکار دەخەینەڕوو کە نیشانیدەدات سەرۆکی ئەمەریکا چ تاوانێکی گەورەی ئەنجامداوە. سەرۆک هێزی سەرۆکایەتی بۆ بەرژەوەندی کەسیی خۆی بەکارهێناوە کە لەسەرکارلادانی تەرەمپ ڕێکخست.

نادلەر، ڕایگەیاند کە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی لەسەرکارلادانی تەرەمپ تۆمەتەکانی خراپ بەکارهێنانی پۆست و ڕێگرتن لە کاروباری کۆنگرێسی دراوەتە پاڵ. ئەو گوتی: بە گوێرەی بەڕپرسیارێتیمان لە بەرامبەر دەستوور و وڵاتەکەمان، وەکو لیژنەی یاسایی دوو هۆکار دەخەینەڕوو کە نیشانیدەدات سەرۆکی ئەمەریکا چ تاوانێکی گەورەی ئەنجامداوە. سەرۆک هێزی سەرۆکایەتی بۆ بەرژەوەندی کەسیی خۆی بەکارهێناوە کە ئەوە تاوانێکە کە دەبێت لەسەری لەسەرکارلابدرێ.

لەلای خۆیەوە پیلۆسی، ڕایگەیاند ئەندامانی لیژنەکە لە زووترین کاتدا هەنگاوی داهاتوویان لە بارەی لەسەرکارلادان ڕادەگەیەنن.

چاوەڕوان دەکرێت لەدوای کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەی ئەمڕۆی لیژنەی دادپەروەری نوێنەران دابڕێژێت و دەنگی لەسەر بدرێت.

پەیوەندییە تەلەفۆنییە مشتومڕاویەکەی نێوان سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ و سەرۆکی ئۆکراینا، قڵۆدۆیمیر زێلێنسکی کە لە مانگی تەموموزدا ئەنجامدراوە، بووە هۆی ئەوەی دیموکراتەکانی کۆنگرێس لێکۆڵینەوە بە مەبەستی لەکارلادانی ترەمپ دەست پێ بکەن.

بانگەشەی ئەوەکرابوو کە دۆنالد ترەمپ لەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەدا، داوای لە ئۆکراینا کردووە لە کۆڕی کاندیدی بەرایی دیموکراتەکان بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی 2020 جۆ بایدن بکۆڵێتەوە. لەبەرامبەردا دۆنالد ترەمپ داکۆکی لەوەکردبوو کە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی لەگەڵ قڵۆدۆیمیر زێلێنسکی بەتەواوەتی لەگەڵ پرەنسیپەکاندا گونجاو بووە.

زیانی ڕۆژانەی پچڕانی ئینتەرنێت لە ئێران 176 ملیۆن دۆلارە

پەرلەمانتارێکی ئێران: پێویستە سنووردار بۆ ڕێگرییکردن لە پەیوەندیی و دەستڕاگەیشتن بە ئینتەرنێت دابنرێت



سەرۆکی لیژنەی داهێنان و تەکنەلۆژیا لە پەرلەمانی ئێران، فاتمە حوسێنی، ئاشکرایکرد بەهۆی بڕینی هێڵەکانی ئینتەرنێتەوە لە سەرانسەری وڵاتدا، ئەو کەسانەی لە بواری تەکنەلۆژییدا کاردەکەن، ڕۆژانە 176 ملیۆن دۆلار زیان دەکەن.

بەپێی ئەو هەواڵانەی لە میدیا حکوومییەکانی ئێراندا باڵاوکراونەتەوە، لەمیانی گوتارێکدا کە لە پەرلەمانی ئێران پێشکەشیکردووە، فاتمە حوسێنی، زانیاریی لەبارەی ئەو زیانانە خستووەتەڕوو کە بەهۆی پچڕاندنی هێڵەکانی ئینتەرنێتەوە بەر ئابووریی ئێران کەوتوون.

لە گوتارەکەیدا حوسێنی ڕایگەیاندووە: بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی ئامادەکراون، ئەو کەسانەی لە بواری تەکنەلۆژییدا کاردەکەن بەهۆی پچڕان لە هێڵەکانی ئینتەرنێتدا، ڕۆژانە 176 ملیۆن دۆلار زیانیان بەرکەوتووە. پێویستە پەرلەمان بەمەبەستی کەمکردنەوەی زیانەکانی ئەو کەسانەی لەو بوارەدا کاردەکەن بۆ کەمترین ئاست، سنووردار بۆ ڕێگریکردن لە پەیوەندیی و دەستڕاگەیشتن بە ئینتەرنێت، دابنێت. سەرۆکی لیژنەی داهێنان و تەکنەلۆژیا لە پەرلەمانی ئێران، تیشکی خستووەتە سەر ئەوەش کە پچڕان لە ئینتەرنێتدا بووەتە هۆی دروستبوونی کەموکوڕیی لە کاروباری زۆر دامەزراوە و شوێنی کاردا. جێی باسە بە بڕیارێکی ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانیی ئێران، بەمەبەستی ڕێگریکردن لە خۆپیشاندانەکان دژی بەرزکردنەوەی نرخی بەنزین کە سەرانسەری وڵاتی گرتبووەوە، ڕۆژی 16ی تشرینی دووەم، ئینتەرنێت پچڕێنرابوو. ڕۆژی 25ی تشرینی دووەم لە زۆر ناوچەی ئێران هێڵە جێگیرەکانی ئینتەرنێت کەوتبوونەوە کار. لەدوای ئەوەش ڕۆژی 27ی تشرینی دووەم ئینتەرنێتی سەر مۆبایلە زیرەکەکان دەستی بەکارکردن کردبوویەوە و لە هەفتەی ڕابردووەوە ئینتەرنێت لە خوزستان و سیستان-بەلوچستان کەوتبوویەوە کار.

67 ساڵەی یادی دامەزراندنی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان پیرۆزکرا







بەبۆنەی ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان دوێنێ، ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بە یاوەری کارگێڕانی لق، سەردانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانی کرد و لەلایەن د.قیان سلێمان سەرۆکی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و ئەندامانی سکرتاریەتی یەکێتییەکەوە پێشوازیان لێکرا. لەو سەردانەدا،ئەحمەد کانی پیرۆزبایی ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانی لە د.قیان و هەڤاڵانی و تەواوی ئافرەتان کرد،ئومێدی کرد وەک هەمیشە داکۆکیکاری مافی ئافرەتان بن و پارێزەری یەکسانی بن. لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا، بەرپرسی لقی دوو باسێکی مێژووی پڕ لە خەبات و تێکۆشانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانی کرد هەر لە سەردەمی شۆرشەوە تاوەکو ئێستا، بەتایبەت لە ڕۆژانی سەختی خەباتدا کە هاوشانی باوک و برا و هاوژینەکانیان لەپێناو مافی گەلەکەیان تێدەکۆشان، جگەلەو ئافرەتانەشی کە بە خزمەتکردنی پێشمەرگە،پشتیوانی شۆرشەکانی کوردستانیان دەکرد،پێشی وابوو ئەو ئافرەتانەی ئەمڕۆ لە ناوەندەکانی دەسەڵات و بڕیاردان و بەڕێوەبردنی وڵاتدان،بەرهەمی ڕۆژانی سەختی خەباتە. هەر بەو بۆنەوە، بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان پشتیوانی خۆی بۆ یەکێتی ئافرەتانی کوردستان دووپات کردەوە لەپێناو سەرخستنی کار و پڕۆژەکانیان بۆ خزمەتکردنی ئافرەتان.

هەر بە هەمان بۆنەوە، دوێنێ عەلی حسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بە یاوەری ئەندامانی مەکتەبی سەردانی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانی کرد، لەلایەن د. قیان سلێمان سکرتێری یەکێتی ئافرەتان و ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتان پێشوازی کرا. لە دیدارێکدا بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی دوای پیرۆزبایی بەبۆنەی ڕۆژی دامەزراندنی یەکێتی ئافرەتان، ستایشی ڕۆڵی ئافرەتانی کوردستانی کرد کە توانیویانە لە قۆناغەکانی ڕابردوو و واقیعی ئەمڕۆ و پرسە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان کاریگەری خۆیان هەبێت، هەروەها ئەوەشی تەئکید کردەوە پێویستە هەموولایەک ڕێز لە ماندوبون و تێکۆشان و مافەکانی ئافرەتان بگرێت کە لەسەر دەستی بارزانیی نەمر دامەزرا بۆ ئەوەی بتوانن بە ئاسوودەیی لەکایە جیاجیاکانی بواری ڕێکخراوەی و سیاسی و جڤاکیدا خزمەت بە ئەزمونی جەماوەری و پیشەیی کارگێڕێن لقێ 20 و ڕێڤەبەر و بەرپرسێن دامودەزگەهێن حزبی و حکومی و کادرێن پارتی و هەڤاڵێن ڕێکخراوێن جەماوەری لاوان و قوتابیان، لدەسپێکی پەیڤەک ژ لایێ بەرپرسێ لقێ هاتە خاندن و تێدا پیرۆزبایی ل سەرجەم ئەندام و لایەنگرێن یەکێتیا ئافرەتان کر و خەباتا 67 سالی ب شۆرشەکا مەزن ل قەلەم دا بۆ خزمەتکرنا تەخا ئافرەتان.

پلانی وەبەرهێنانی 10 ساڵەی هەرێمی کوردستان تاوتوێ کرا



خەبات- سەید فاتیح

بەرزنجی: لەدیوانی پارێزگای هەولێر، بە سەرپەرشتی د. فرسەت سوفی پارێزگاری هەولێر و د .محەمەد شوکری سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان، کۆبوونەوە لەگەڵ سەرجەم قایمقام و بەڕێوەبەرایەتی گشتی و فەرمانگەکانی سنوری پارێزگای هەولێر بە مەبەستی خستنە ڕووی نەخشە و پلانی وەبەرهێنانی 10 ساڵەی هەرێمی کوردستان ئەنجامدرا. لەکۆبونەوەکەدا باس لە دیدگای نوێی نەخشەکێشانی 10 ساڵەی وەبەرهەمهێنانی هەرێمی کوردستان و چۆنیەتی جێبەجێکردنی کرا، هەروەها تیشک خرایە سەر ئەوەی کە شاری هەولێر وەک پایتەختی هەرێمی کوردستان بەهەموو ناوچەکانییەوە جێگەی بایەخ و گرنگی نێوئەو نەخشەسازییە دەبێت. لەدرێژەی کۆبوونەوەکەدا پارێزگاری هەولێر، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێت پێداگیری زیاتر بکرێت لەسەر بوژاندنەوەی وەبەرهێنان لە تەواوی ئەو کەرتانەی کە هۆکارن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئابووری هەرێمی کوردستان، وەک کەرتەکانی پیشەسازی و گەشتوگوزار و کشتوکاڵ، هەروەها پارێزگاری هەولێر جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، بۆ لەمەو دوا لەگەڵ ڕەچاوکردنی گرنگی و بایەخی سنتەری شاری هەولێر، دەبێت ناوچەکانی تری دەرەوەی سەنتەری شاریش گرنگی و بایەخی زۆریان پێبدرێت و بۆ ئەم مەبەستەش هانی کەرتی تایەت بدرێت و ئاسانکاریان بۆ بکرێت لەگەیاندنی پڕۆژەی وەبەرهێنان بۆ ناوچەکان.

لەکۆتاییشدا د. محەمەد شوکری سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان لەلایەن خۆیەوە سوپاسی پارێزگاری هەولێری کرد بۆ دروستکردنی ئەو دەرفەتە کە توانی لەنزیکەوە و لەزاری خۆیانەوە گوێبیستی دیدگا و بۆچوونی سەرجەم فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان بێت بۆ پڕۆژە و نەخشە و پلانی وەبەرهێنانی 10 ساڵەی هەرێمی کوردستان.

هەڵمەتی چاندنی بەڕوو لە کوردستان دەستی پێکرد
وەک قۆناغی یەکەم دوو ملیۆن و 500 هەزار ناوکەبەڕووە



دوێنێ چوارشەمە لە هەڵمەتێکدا لەلایەن دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ژینگەپارێزانی هەرێم و بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی پیرمام و هۆبەی دارستانی پیرمام هەڵمەتی چاندنی دوو ملیۆن و 500 هەزار ناوکەبەڕوو وەک قۆناغی یەکەم لە لۆفەکانی پیرمام دەستی پێکرد. وریا عوسمان لێپرسراوی هۆبەی دارستانی پیرمام گوتی: بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی ژینگە و وەزارەتی کشتوکاڵ و بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارستان و ناحیەی پیرمام، وەک قۆناغی یەکەم دەستمان کرد بە چاندنی بەڕوو لە لۆفەکانی پیرمام. گوتیشی: مەبەستمان لەو هەڵمەتە بۆ جوانکردنی کوردستان و پاراستنی ژینگەیە و زیادکردنی ڕێژەی ئۆکسجینە لە وڵاتەکەمان. بەرپرسی کوردستان بکەن.

هەر ب هەلکەفتا 67 سالیا دامەزراندنا یەکێتیا ئافرەتێن کوردستانێ ئەنجومەنێن شێخان- مووسل رابوون ب ساخکرنا ڤێ ڕۆژێ ب بەرهەڤبوونا مەحمود ئیزدی ئەندامێ ئەنجومەنا سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقێ 20 شێخان و سەردار شێخ یەحیا قایقامێ قەزا شێخان و ئازاد ئیسماعیل کارگێرێ لقێ و بەرپرسێ نڤیسینگەها هۆبەیێ دارستانی پیرمام هاتنە ئامادەکرن ژ بۆ چاندنا دارا و ئاڤدانکرنا وان ل دەمێ هاڤینێ.

هەر کۆمپانیایەک ئەستۆپاکی دەستەبەری کۆمەڵایەتی پێشکەش نەکات مامەڵەکانی ڕادەگیرێت

خەبات- سەید فاتیح : وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێم بڕیاریدا هەر کۆمپانیایەک ئەستۆپاکی دەستەبەری کۆمەڵایەتی پێشکەش نەکات هیچ مامەڵەیەکی ڕاینایەت. پشتیوان وەرتی بەڕێوەبەری تۆمارکردنی کۆمپانیاکانی هەولێر بە خەبات ڕاگەیاند: لەسەر ڕاسپاردەی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێم هیچ مامەڵەیەکی کۆمپانیاکان ڕاینایەت تاوەکو ئەستۆپاکی دەستەبەری کۆمەڵایەتی پێشکەش دەکات، وتیشی: بڕیارەکە لە ڕێکەوتی 1ی 1ی 2020 دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، بۆیە داوا لە کۆمپانیاکان دەکەین کە ئەستۆپاکی دەستەبەری کۆمەڵایەتی پێشکەش بکەن گەرنا خۆیان بەرپرسیار دەبن.

هەولێر... سزای لەسێدارەدان بۆ بکوژی خێزانە پێنج کەسییەکەی پیرڕەش دەرکرا



لە یەکێک لە دادگای تاوانەکان لە شاری هەولێر، سزای لەسێدارەدان لە دژی بکوژی خێزانە کوردە پێنج کەسییەکەی ڕۆژئاوای کوردستان دەرکرا.

بەرۆژ سەعید، پارێزەر بە باسنیوزی ڕاگەیاند، نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە 2019/12/11 لە دادگای تاوانەکانی هەولێر-4 فەرمانی لەسێدارەدان بۆ تاوانبارێ سەرەکیی دۆسیەی کوشتنی خێزانەکەی گوندی پیرڕەشی ڕۆژهەلاتی شاری هەولێر دەرکراوە.

ڕوونیشی کردەوە، بڕیارەکە لە ماوەی 10 ڕۆژدا بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بۆ تەمیزکردنەوەی، ڕەوانەی دادگای تەمیزی هەرێمی کوردستان دەکرێت و ئەگەر لەوێوە پەسەند بکرێت، بۆ سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان دەنێردرێت بە مەبەستی جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدانەکە.

ڕۆژی 2019/10/2 خێزانێکی پێنج کەسیی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان، لە گوندی پیرڕەش تەرمەکانیان دۆزرایەوە کە دایک و باوک و سێ منداڵی بچووک بوون، دواتر هێزەکانی ئاسایشی هەولێر تاوانباری ڕووداوەکەیان دەستگیر کرد کە ناوی فەرەیدوون کەریم ڕەمەزان بوو، دانی بە تاوانەکەیدا نا و ئاشکرای کرد کە لەسەر بڕێک پارە سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەی کوشتووە.

بازاڕی شوێنەواری قەیسەریی کفری نۆژەن دەکرێتەوە



خەبات- سەبریە یوسف: لەلایەن وەزارەتی شارەوانی وگەشتوگوزاری حکومەتی هەرێم بەڵێنی نۆژەنکردنەوەی بازاڕی قەیسەری کفری دەدرێ کە یەکێکەلە بازاڕە دێرینو شوێنەوارییەکانی گەرمیان. لەوبارەوە، بەرزان کەریم، بەرێوەبەری شارەوانییەکانی گەرمیان، بەخەباتی ڕاگەیاند: پاش ئەوەی بەهۆی بارانی بەلێزمەی ئەمساڵەوە زیانی زۆر بەر قەیسەری کۆنی کفری کەوت و ئەو بازاڕە شوێنەواریە بەشێکی داڕماو زیانی بەرچاوی بەرکەوت، بۆ ئەو مەبەستە سەردانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری حکومەتی هەرێمی کوردستانمان کرد بۆ ئەوەی هاوکارمان بن لە نۆژەنکردنەوەی ئەو بازاڕە شوێنەواریە. وتیشی: لەسەر ڕاسپاردەو بەلێنی وەزیری شارەوانی لیژنەی تایبەت لە شارەوانی و شوێنەوار دروست دەکەین بۆ ئەوەی زیانەکانی بخەمێنین و پاشتر بە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری دەدەین. بەرێوەبەری شارەوانییەکانی گەرمیان، باسی لەوەکرد پاش خەملاندنی زیانەکان و دابینکردنی بودجە بۆ ئەوبازاڕە دەست بەنۆژەنکردنەوەی دەکەن.

سلێمانی... لە سەر سکاڵای کچێک سێ تۆمەتبار دەستگیرکران

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی لە ڕاگەیندراوێکدا ڕایگەیاند: لەسەر تۆمارکردنی سکاڵای کچێکی تەمەن 20 ساڵ مەفرەزەکانی بنکەی پۆلیسی سەرچنار سێ تۆمەتباریان دەستگیرکرد.

لە ڕاگەیندراوەکەدا هاتووە: دوای ئەوەی سکاڵاکار (ڕ، ر ، ح) لەدایکبووی 1999 ڕەگەز مێ سەردانی بنکەی پۆلیسی سەرچناری کردو سکاڵای لە دژی سێ کەس تۆمار کرد بەهۆی ئەوەی کە هەڕەشەی بلاوکردنەوەی وێنەکانیان لێکردووە لەتۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەبەرامبەر پێنەدانی بڕێک پارە. ئاماژەی بەوەش کردووە مەفرەزەکانی بنکەی پۆلیسی سەرچنار لێکۆڵینەوەکانی دەستپێکردوو دوای بەدواداچوونێکی وردو وەرگرتنی فەرمانی دادوەر توانرا هەرسێ تۆمەتبار دەستگیربکرێن.

هەروەها ڕاشیگەیاندووە: لەئێستادا تۆمەتباران (ا ، ه ، م) لەدایکبووی 2001)م ، ه ، م) لەدایکبووی 2002 و (ا ، س ، ف) لەدایکبووی 2002 بەفەرمانی دادوەرو بەپێی ماددەی 2ی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن ڕاگیراون.

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/12/12 ژمارە (5891)



لەپێناو دەستەبەرکردنی زیاتری مافەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە ئایندەدا

تێبینی دەکرێت یاسای ژمارە 22ی ساڵی 2011 هەموار بکرێتەوە


خەبات: ئاشتی شەهباز

ئەمساڵ جیا لەساڵانی پێشوو گرووپ و دەستەو کۆمەڵەکان لە ڕۆژی جیهانی تایبەت بە کەمئەندامان بەسەرکرانەوەو پێشوازی لە داوا و پێشنیارەکانیان کرا، یەک لەو خاڵانەی کە وەک پڕۆژە پێشنیارکراوە کەوا کەمئەندامان لە ڕسووماتی خوێندن و نەخۆشخانە حکومییەکان و بەڕێژەی لە 50%لەنەخۆشخانە ئەهلییەکان ببەخشرێن، کۆمیتەی محەمەد وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی لەحکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەردانەکەیدا ئەم پڕۆژەیەیەی وەک ئومێدێک بەخاوەن پێداویستییە تایبەتەکاندا.

هەروەها ئاماژەی بە هەمواکردنەوەی یاسای ژمارە 22ی ساڵی 2011ی تایبەت بە کەمئەندامان دا لە پێناو باشترکردنی ژیان و گوزەرانی تەواوی خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستان و جگە لەوەش خەڵاتی بەسەر چەند کەمئەندامێکدا دابەشکرد وەک ڕێزلێنانێک بەم بۆنەیەوە. هەرلەو ڕۆژەدا یەک لەو کاروچالاکیانەی بەڕێوەچوون دابەشکردنی عارەبانەی تایبەت بە کەمئەندامان و عەکازەو دیاری منداڵان بوو، بۆ ئەو منداڵە کەمئەندامانەی لە ڕێورەسمەکەدا ئامادەی ببوون، کە لەلایەن دەزگای خێرخوازی بارزانی و ڕێکخراوی ldc ئەمریکی بۆ کۆمەڵەی زین وکۆمەڵەکانیتر کەمئەندامان.

گومانی تێدانیە کەمئەندامان تووشی دانەبڕاون لە کۆمەڵگەدا، بەڵام تا ئێستا بەپێی پێویست لەڕێی ئەو یاساو ئەو دەرفەتانەی لەبەردەستدابوون ئەو تووشە بەسەرنەکراونەتەوە و سوودمەندنەبوونە لەو ئامادەکرابوون.

لەڕۆژی دواتریش چەندین کەسایەتی حکومی و حزبی و کەسایەتی سەربەخۆ بەمەبەستی پیرۆزبایی و بەسەرکردنەوەی ئەم تووشە هەر لەهەمان بارەگا سەردانیان کردن، نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی هەولێر لیوا ئەسعەد کەریم جوکل و ژمارەیەک لە بەرپرسانی حزبی لەسەر ئاستی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان و چەند کەسایەتی دیکە کە بووە هۆی خۆشحاڵی و پێزانینی وخزمەتگوزاریەکان و مووچە، بەتایبەتی دوای شەڕی تیرۆریستانی داعش کە کاریگەرییەکی زۆری خستە سەر باری ئابووری و دارایی حکومەت، باری دارایی و ژیان و گوزەرانی تاکی خاوەن پێداویستی تایبەت زۆر سەخت و دژوارە، سەروەت و داهاتانەی کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەبەردەستی دایە، چ وەک پشکی حکوومەتی هەرێم لە بودجەی حکوومەتی عیراق و چی وەک بەرهەم و داهاتی ناوخۆیی، هاوشان وەک تاکی هاووڵاتی لە دەرفەتی کار سوودمەندنەبوونە لەو هۆیانەی سەرەوە کە بەسەر باری ژیانی ئەو تاکانەدا زاڵ بووە و بەشێکی زۆری ژیانی بەرەو خراپی بردووە، بەڵام ئەمە بە گوێرەی ئەو کەسانەی کە بەشداری کۆڕەکەیان کردبوو بەس نەبوو و پێویستە هەنگاوی زیاتر بنرێت بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی کە بەشێکی گرنگ لە کۆمەڵگا پێکدێنن بەشێوەیەکی باشتر بژین و ژیانی ئاسایی خۆیان بگوزەرێنن.




هەموو شتێک لەبارەی غودە دەرەقییەوە بزانە

د. ئەحمەد مستەفا: هەڵچوون و تووڕەبوون یەکێک لە نیشانەکانی نەخۆشی غودە دەرەقییە

2 -1

دیمانە: حەمید سورچی

دکتۆر ئەحمەد مستەفا ئاغا میراودەلی پسپۆڕی نەشتەرگەری گشتی لە دیمانەیەکی تایبەت بە ڕۆژنامە خەبات وردەکاری نەخۆشی غودە دەرەق و هۆکار و چارەسەرییەکانی بەوردی باس دەکات و چۆنیەتی خۆپاراستن لەو نەخۆشییەش بۆ خوێنەران دەخاتەڕوو:



د. ئەحمەد مستەفا میراودەلی

لەبارە نیشانەکانی ئەم نەخۆشیە گوتی: یەکێک لە نیشانەکانی ئەوەیە کە ئەم نەخۆشیە ئەوەیە کە تۆ لەبەردەم ئاوێنە بوەستی سەیر دەکەیت گرێیەک لەبەشی پێشەوەی مل لە کاتی قووتدان یان ئاو خواردنەوە گرێیەک لەسەرەوە بۆ خوارەوە دەجوڵێ وەک کەلایەک ئەمە نیشانەیەکی باوە نەخۆشەکە دەتوانێت هەستی پێبکات لەبەردەم ئاوێنە.

لە سەرەتای دیمانەکەیدا و لە وەڵام بەو پرسیارە غودەی دەرەقی چۆن پێناسە دەکرێت؟

دکتۆر ئەحمەد مستەفا دەڵێت: بە کوردی پێی دەڵێن پەریزادە لە ئافرەتاندا شێوەی جوانی دەدات بە ملیان ناوەکە لە ڕۆمانیەکانەوە هاتووە، غودەی دەرەقی یەکێکە لە ئەندامە هەرە گرنگەکانی جەستەی مرۆڤ کە دەکەوێتە بەشی پێشەوەی مل لەشێوەی پەپولەدایە، ئەگەر وێنەی پەپولەیەک بکەین دوو باڵی هەیە لەگەڵ ملێک و لەشێک و یان قەدێکی هەیە، غودەی دەرەقیش شێوە تویکاریەکەی بەوشێوەیە دووباڵی هەیە لەشێوەی پەپولەدایە دەکەوێتە بەشی پێشەوەی مل لە ئاڵەمیزاد.

یەکێکیشە لە ئەندامە گرنگەکان، چونکە فەرمانی زۆر زۆر گرنگی هەیە، هۆرمۆنێکی زۆر زۆر گرنگ دەردەدات کە پێی دەڵێن تیفری و تیفۆ یاخود هۆرمۆنی فایرۆکسین کە ئەم هۆرمۆنە زۆر کاریگەرە.

نیشانەیەکی تر کە زۆر باوە زیاد دەردانی هۆرمۆنی غودەی دەرەقی کە پێی دەڵێن غودەی سام (ژەهراوی بوونی غودە) بەڵام ئەمە بە کۆمەڵێک شێوە دەردەکەوێت یەکێک لە شێوە هەرە باوەکان بوونی ئارەقەیەکی زۆر یاخود هەمیشە نەخۆشەکە هەست بە پلەیەکی گەرمی لەش دەکات، یەکێک لە فەرمانە سەرەکیەکانی غودەی دەرەقی ڕێکخستنی گەرمی لەشە ئێستا ئێمە کە گەرمیەکی دیاریکراومان هەیە لە جەستە، بۆ نمونە پلەی گەرمی لەشمان لە دەوروبەری نزیکە 37پلەدایە.

یەکێک لەو هۆکارانەی کە وادەکات پلەی گەرمی لەشمان جێگیر بێت غودەی دەرەقیە وادەکات بەشێوەیەک پلەی گەرمی لەشمان نە سارد بێت نە گەرم بێت یەکێک لە کارە گرنگەکانی غودەی دەرەقی گەشەیە، لە کاتی زیادبوونی ئەم غودەیە پلەی گەرمی لەشی نەخۆشەکە زیاد لە پێویست بەرز دەبێتەوە، بۆ نمونە نەخۆشەکە لە وەرزی زستاندا کە وەرزێکی سەرما و سۆلەیە دەڵێت من سووتام لە گەرما، من سپلیت پێناکەم ، فێنککەرەوە هەڵناکەم ، ئارەقە دەکەم ، هەر گەرامەم، دەبینیت پلەکانی گەرما زۆر دابەزیووە ئەم نەخۆشە هەست بە بوونی گەرما دەکات هەست بە بوونی ئارەقەیەکی زۆر دەکات. لە نیشانەکانی غودەی سام (ژەهراوی) ئەوەیە زۆر تووڕەبوون، زۆر هەستیار بوونی نەخۆشەکە بە ئاسانترین شێوە تووڕەدەبێت، دەمارگرژ دەبێت و هەڵدەچێت، کەسوکارەکەی پێداگری دەکەن کە پێشتر ئەم حاڵەتەی نەبووە، ئێستا زۆر دوودڵە و نیگەرانە، زۆر نارەحەتە زوو هەڵدەچێت تووڕە دەبێت هەندێک جار دەگاتە حاڵەتێک دەڵێت من منداڵەکانی خۆم زۆر ئازار دەدەم، سێیەمین نیشانەکانی غودەی سام زۆربوونی لێدانی دڵی نەخۆشە، کە بە ئاسانی هەستی پێدەکات دەڵێت دڵە کوتەیەکی زۆرم هەیە، بە جۆرێک بۆ خۆم هەستی پێدەکەم نارەحەتی کردووم هەناسەی ناخۆش بووە ئەو دڵە کوتەیەم.

یەکێکی تر لە نیشانەکانی غودەی سام لاوازبوونی نەخۆشەکەیە، نەخۆشەکە دەڵێت من خواردن دەخۆم، بەڵام هەست دەکەم دەڕشێمەوە کێشم دابەزیووە من پێش دوو مانگ وانەبووم هەست دەکەم لەماوەی دوو مانگ سێ مانگ کێشم 10- 15کیلۆ دابەزیووە، ئەمە بە ویستی خۆم نەبووە، لەبەر ئەوەی ئەو هەموو وزەیەی لەشی بەشێوەیەکی زۆر خێرا دەسووتێت هەمووی دەبێتە گەرمیەکی زیاد لە پێویست بە شێوەی ئارەقە و گەرمایی دەردەچێت دەبێتە هۆی توانەوەی چەوری لەشی مرۆڤەکە، لە نیشانەکانی تر سکچوونە نەخۆشەکە سکچوونێکی زۆر دەگرێت کە ئاسایی نییە، بەتایبەتی لە ئافرەتاندا سووڕی مانگانەیان تێکدەچێت و وەک جاران نامێنێت، نیشانەیەکی تر لەرزینی هەردوو دەستەکانیان کە بە ئاسانی هەستی پێدەکەیت، بۆ نمونە دەڵێین کابرایەکی بەتەمەن داچووە دەستەکانی دەلەرزێت بە تایبەتی لەکاتی شت گرتندا هەستی پێدەکەیت، یەکێکی تر لە نیشانەکان لە چاوی دا دەردەکەوێت، سەیردەکەیت نەخۆشیەکە زۆر پەرە دەسێنێت دەبێتە هۆی دەرپەڕینی هەردوو چاوەکانیان بەجۆرێک پێلوی چاوەکانیان دەکرێتەوە، سپینەکەی چاویان زۆر بە ئاشکرا دەردەکەوێت و بەجۆرێک شێوەیەکی ترسناک دەداتە نەخۆشەکە، هەردووچاوەکانی دەرپەڕیوە نیشانەکانی تریش زۆرن وەک نەخۆش هەمیشە هەست دەکات بێ تاقەتە، قاچ و دەستی ژان دەکات، بێ هێزە توانای کاردکردنی نەماوە یان سەیردەکەیت قژی سەری کەم دەبێتەوە.

لە نیشانەکانی غودەی تەمبەڵ بەپێچەوانەی غودەی ژەهراوی لێرەدا غودەکە جیاوازە هەمان نیشانەی هەیە، بەڵام بە پێچەوانە بۆ نمونە لە نیشانەکانی غودەی سام گەرما بوونی هەبوو لێرەدا نەخۆشەکە هەست بە سەرما دەکات سەیر دەکەیت گەرمایە لە مانگی تەمووزدا چلەی هاوینە پلەی گەرما زۆر بەرزبۆتەوە نەخۆشەکە دەڵێت سەرمامە حەزدەکەم لەبەر خۆر دانیشم، یەکێکی تر لە نیشانەکان دەنگی گڕ دەبێت، قورگی ئەستوور بووە، گەرووی هاتووە یاخود لەوزەتێنیشی هەیە، یان دەنگی دەنووسێت نیشانەیەکی تری پێچەوانە لە غودەی سام لاواز دەبێت، بەڵام لە غودەی تەمبەڵ کێشی زیاد دەکات قەڵەو دەبێت، بەتایبەتی قاچ و دەستەکانی ئەستوور دەبێت، دەڵێت دکتۆر من هیچ خواردن ناخۆم ماوەیەکە کێشم زیادی کردووە دەبێ لە هۆکاری تەمبەڵ بوونی غودە بگەڕێین، لە غودەی ساما ترپەی دڵ زیاد لە پێویست لێدەدات، لە غودەی تەمبەڵ ترپەکانی دڵی هێواش لێدەدات، دەبێتە هۆی بێ تاقەتی نەخۆشەکە لە جێگا پاڵدەکەوم توانای ڕاپەراندنی کارەکانم نیە جاران ئەو کێشەیەم نەبوو هەست دەکەم خەوالووم و خەوم دێت غودەکە تەمبەڵ دەبێت نەخۆشەکەش تەمبەڵ دەکات، بەشێوەیەکی گشتی لە ڕاپەراندنی کار و چالاکیەکان هەمیشە نەخۆشەکە هەست بە قەبزی دەکات لە غودەی سام نەخۆشەکە سکچوونی هەیە سەیر دەکەیت نەخۆشەکە مووی بڕۆکانی دەڕوێتەوە پێیوەنامێنێت ئەمەش یەکێکە لە نیشانەکانی غودەی تەمبەڵ بوون، بەشێوەیەکی گشتی نیشانەکان زۆرن نەخۆش دەتوانێت ئەم نیشانەنە لەخۆی دا بناسێتەوە، کە ئەم نیشانانەی لێ دەرکەوت سەردانی پزیشکی پسپۆڕ بکات بە تایبەتی لە ئافرەتان کە زۆربەی جار سووڕی مانگانەیان تێکدەچێت.



سیناریۆکانی داهاتووی عێراق



پارێزەر: عومەر سەیدزادە

دوای وازهێنانی عادل عەبدولمەهدی لە سەرۆزیری عێراق بە پێی مادە **76** لە دەستووری عێراق لەسەر سەرکۆمار پێویستە لە ماوەی **15** رۆژدا واتە تاکو رۆژی **16/12/2019** کاندیدی گەورەترین کوتلەی ناو پەرلەمان راسپێرێت بۆ پێکهێنانی حکومەت، بەڵێم پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو کارێکی وا ئاسان نییە چونکە چەندین گرفتی سیاسی و یاسایی رووبەرووی پرۆسەی هەڵبژاردنی کاندیدی داهاتوو دەبێتەوە، کە ئەوەی پێشبینی دەکەین ئەم گرفتانە دروست بن:

1- تاکو ئێستا لە رووی یاساییەوە دیار نییە گەورەترین کوتلە کێیە، پێشتر وا ڕاڤە دەکرا کە مەبەست لە گەورەترین کوتلە ئەو لایەنەیە کە لە کاتی هەڵبژاردن زۆرترین دەنگی هێناوە، بەڵام لە دوای هەڵبژاردنەکەی ساڵی **2010** ئەو چمکە گۆرانی بەسەردا هات کاتێک کوتلەکەی ئیاد عەلاوی زۆرترین کورسی بەدەست هێناوە و کوتلەکەی نوری مالکی سەرۆکی کوتلەی (القانون)یش پلەی دووەمی هێنا، چونکە مالکی لە دوای هەڵبژاردن لەناو پەرلەماندا گەمەیەکی یاسایی کردو بە هاوپەیمانێتی بەستن لەگەڵ ژمارەیەک ئەندام پەرلەمانی دیکە کوتلەیەکی پێکهێناو بووە خاوەنی کوتلەیەک کە زۆرترین ئەندام پەرلەمانی هەیە دەبێتە هەبوو، لێرەدا ناکۆکی لە نێوان کوتلەی ئیاد عەلاوی و کوتلەی مالکی دروست بوو، کێشەکە نێردرایە بەردەم دادگای فیدرالی، ئەویش بە قازانجی مالکی یەکلایی کردەوەو گوتی مەبەست لە گەورەترین کوتلە ئەو کوتلەیەیە کە لەناو پەرلەماندا لە زۆرترین ئەندام پێکهاتووە نەک ئەوەی لە هەڵبژاردن زۆرترین کورسی بەدەست هێناوە، لە هەڵبژاردنەکەی **2018** ئەم کێشەیە دیسان دووبارە بۆوە لە نێوان بەرەی (اصلاح) و بەرەی (بینا) بەڵام ئەم جارە بە جۆرێکی دیکە بوو، بەرەی اصلاح لە زۆرترین ئەندام پێکهات بەرەی (بینا)ش لە زۆرترین حزب و بەرە پێکهات، یەکەمیان دەیگوت ئەوەی زۆرترین ئەندام پەرلەمانی هەیە دەبێتە گەورەترین کوتلە، ئەوی دیکەش دەیگوت ئەوەی زۆرترین کورسی هەیە دەبێتە گەورەترین کوتلە، دووەمیشیان دەیگوت ئەوەی لە زۆرترین حزب و بەرە پێکهاتووە دەبێتە گەورەترین کوتلە، ئەو کێشەیە ئێستاش یەکلایی نەبۆتەوە بۆیە ئێستا لەناو پەرلەماندا دیار نیە کێ گەورەترین کوتلەیە تاکو سەرکۆمار داوای لێ بکات کاندیدی خۆی دیاری بکات هەرچەندە سائیرون ژ ی موقتەدا سەدر ئێستاش خۆی بەهۆی ئەو پلانەی کە هەیەتی بۆ دادگای فیدرالی ببەنەوە بۆ دیاری کردنی مەبەست لە گەورەترین کوتلە، چونکە ئەو دادگایە پێشتر رای خۆی لەو بابەتە داوە. ئەوەش درێژە بەم کێشەیە دەدات بۆیە ئەستەمە تاکو **2019/12/16** کاندیدی سەرۆک وەزیران دیاری بکرێت.

2- گرفتی دووەم شەقامی هەڵچوونە کە پێویستیان بە رازیکردن هەیە بەڵام هیچ کەسێک و لایەنێک لە خۆی رانابینێت رەزامەندی شەقام بەدەست بهێنێت، بۆیە تا ئێستا هیچ لایەنێک جورئەتی نەکردووە کاندیدی خۆی دەستنیشان بکات لەکاتێکدا پێشتر بە هەموو جۆرێک شەڕیان لەسەری دەکرد.

3- گرفتی سێیەم میکانیزمە دەستوورییەکانە چونکە خۆپیشاندەران رازی نین ئەم حیزبانەی ئێستا لە پەرلەمان کورسیان هەیە حکومەت پێک بهێنن و داوا دەکەن ئەوان سەرۆک وەزیرانی داهاتوو دەستنیشان بکەن، بەڵام بە پێی میکانیزمە دەستوورییەکان سەرکۆمار ئازاد نییە لە دەستنیشانکردنی کاندیدی سەرۆک وەزیران و دەبێ نەبەستێت بەڵکو دەبێت ئابووری هەمەجۆر بکرێت و کەرتەکانی تر بەتایبەتی کەرتی کشتوکاڵ پەرەی پێبدرێت. ئەمەش بە گۆڕینی ئابووری کوردستان لە بەکارهێنەرەوە کە پشت بە بەرهەمی دەرەکی دەبەستێت بە شێوەیەکی بەرفراوان بۆ ئابووریەکی بەرهەمهێنەر، کە دەبێت هێزی کاری کوردی و ناوچەکە بۆ بەرهەمی ناوخۆ زیاتر پشتگیری لێ بکرێت و پشتبەستن بە بەرهەمی بیانی کەم ببێتەوە.

ئەمەش بە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و گەڕاندنەوەیان بۆ سەر کێڵگەکانیان و لە هەنگاوی دووەم پشتگیری کردنیان و دروستکردنی بازاڕ لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم بۆ بەرهەمە نێوخۆییەکان.

هەروەها هەوڵدان بۆ بەرەوپێشبردنی هەموو بەشەکانی تری ئابووری وەکو خۆراک و شیرەمەنی و جلوبەرگ و...هتد.

پشتگیری کردنی بەرهەم هێچ بایەخێکی نییە بێ دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمەکان و فرۆشتنەوەیان و گەڕاندنەوەی سان بۆ هەرێم لە جیاتی هێنانی بەرهەمی بیانی کە تەنها خزمەت بە وڵاتانی دەرەوە دەکات. ئەمش مانای وایە وڵاتانی بیانی ئەتوانن کارتی راگرتنی بەرهەمەکانیان لەهەر کاتێکدا بەکار بێنن لە دژی گەلەکەمان ئەگەر بیانەوێت.

خوێندن و پەروەردە

هەروەها لە پرۆژەی چوار ساڵی داهاتوودا هاتووە کە دەبێت بایەخێکی تایبەت بە پەروەردە بدرێت. ئەم بایەخدانە باشترە بە سیستەمی مۆدێرن بێت کە بگونجێ لەگەڵ کەلتوورەکە کوردی، نەک کەلتوورەکە هەرێم تەنها پشت بە نەوت نەبەستێت بەڵکو دەبێت ئابووری هەمەجۆر بکرێت و کەرتەکانی تر بەتایبەتی کەرتی کشتوکاڵ پەرەی پێبدرێت. ئەمەش بە گۆڕینی ئابووری کوردستان لە بەکارهێنەرەوە کە پشت بە بەرهەمی دەرەکی دەبەستێت بە شێوەیەکی بەرفراوان بۆ ئابووریەکی بەرهەمهێنەر، کە دەبێت هێزی کاری کوردی و ناوچەکە بۆ بەرهەمی ناوخۆ زیاتر پشتگیری لێ بکرێت و پشتبەستن بە بەرهەمی بیانی کەم ببێتەوە.

ئەمەش بە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و گەڕاندنەوەیان بۆ سەر کێڵگەکانیان و لە هەنگاوی دووەم پشتگیری کردنیان و دروستکردنی بازاڕ لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم بۆ بەرهەمە نێوخۆییەکان.

هەروەها هەوڵدان بۆ بەرەوپێشبردنی هەموو بەشەکانی تری ئابووری وەکو خۆراک و شیرەمەنی و جلوبەرگ و...هتد.

پشتگیری کردنی بەرهەم هێچ بایەخێکی نییە بێ دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمەکان و فرۆشتنەوەیان و گەڕاندنەوەی سان بۆ هەرێم لە جیاتی هێنانی بەرهەمی بیانی کە تەنها خزمەت بە وڵاتانی دەرەوە دەکات. ئەمش مانای وایە وڵاتانی بیانی ئەتوانن کارتی راگرتنی بەرهەمەکانیان لەهەر کاتێکدا بەکار بێنن لە دژی گەلەکەمان ئەگەر بیانەوێت.

خوێندن و پەروەردە

هەروەها لە پرۆژەی چوار ساڵی داهاتوودا هاتووە کە دەبێت بایەخێکی تایبەت بە پەروەردە بدرێت. ئەم بایەخدانە باشترە بە سیستەمی مۆدێرن بێت کە بگونجێ لەگەڵ کەلتوورەکە کوردی، نەک کەلتوورەکە هەرێم تەنها پشت بە نەوت نەبەستێت بەڵکو دەبێت ئابووری هەمەجۆر بکرێت و کەرتەکانی تر بەتایبەتی کەرتی کشتوکاڵ پەرەی پێبدرێت. ئەمەش بە گۆڕینی ئابووری کوردستان لە بەکارهێنەرەوە کە پشت بە بەرهەمی دەرەکی دەبەستێت بە شێوەیەکی بەرفراوان بۆ ئابووریەکی بەرهەمهێنەر، کە دەبێت هێزی کاری کوردی و ناوچەکە بۆ بەرهەمی ناوخۆ زیاتر پشتگیری لێ بکرێت و پشتبەستن بە بەرهەمی بیانی کەم ببێتەوە.

ئەمەش بە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و گەڕاندنەوەیان بۆ سەر کێڵگەکانیان و لە هەنگاوی دووەم پشتگیری کردنیان و دروستکردنی بازاڕ لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم بۆ بەرهەمە نێوخۆییەکان.

هەروەها هەوڵدان بۆ بەرەوپێشبردنی هەموو بەشەکانی تری ئابووری وەکو خۆراک و شیرەمەنی و جلوبەرگ و...هتد.

پشتگیری کردنی بەرهەم هێچ بایەخێکی نییە بێ دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمەکان و فرۆشتنەوەیان و گەڕاندنەوەی سان بۆ هەرێم لە جیاتی هێنانی بەرهەمی بیانی کە تەنها خزمەت بە وڵاتانی دەرەوە دەکات. ئەمش مانای وایە وڵاتانی بیانی ئەتوانن کارتی راگرتنی بەرهەمەکانیان لەهەر کاتێکدا بەکار بێنن لە دژی گەلەکەمان ئەگەر بیانەوێت.

خوێندن و پەروەردە

هەروەها لە پرۆژەی چوار ساڵی داهاتوودا هاتووە کە دەبێت بایەخێکی تایبەت بە پەروەردە بدرێت. ئەم بایەخدانە باشترە بە سیستەمی مۆدێرن بێت کە بگونجێ لەگەڵ کەلتوورەکە کوردی، نەک کەلتوورەکە هەرێم تەنها پشت بە نەوت نەبەستێت بەڵکو دەبێت ئابووری هەمەجۆر بکرێت و کەرتەکانی تر بەتایبەتی کەرتی کشتوکاڵ پەرەی پێبدرێت. ئەمەش بە گۆڕینی ئابووری کوردستان لە بەکارهێنەرەوە کە پشت بە بەرهەمی دەرەکی دەبەستێت بە شێوەیەکی بەرفراوان بۆ ئابووریەکی بەرهەمهێنەر، کە دەبێت هێزی کاری کوردی و ناوچەکە بۆ بەرهەمی ناوخۆ زیاتر پشتگیری لێ بکرێت و پشتبەستن بە بەرهەمی بیانی کەم ببێتەوە.

ئەمەش بە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و گەڕاندنەوەیان بۆ سەر کێڵگەکانیان و لە هەنگاوی دووەم پشتگیری کردنیان و دروستکردنی بازاڕ لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم بۆ بەرهەمە نێوخۆییەکان.

هەروەها هەوڵدان بۆ بەرەوپێشبردنی هەموو بەشەکانی تری ئابووری وەکو خۆراک و شیرەمەنی و جلوبەرگ و...هتد.

پشتگیری کردنی بەرهەم هێچ بایەخێکی نییە بێ دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمەکان و فرۆشتنەوەیان و گەڕاندنەوەی سان بۆ هەرێم لە جیاتی هێنانی بەرهەمی بیانی کە تەنها خزمەت بە وڵاتانی دەرەوە دەکات. ئەمش مانای وایە وڵاتانی بیانی ئەتوانن کارتی راگرتنی بەرهەمەکانیان لەهەر کاتێکدا بەکار بێنن لە دژی گەلەکەمان ئەگەر بیانەوێت.

با سوود لە ئەزموونی وڵاتان وەرگرین میرنشینی عەرەبی یەکگرتوو وەکو نموونە

ئامادەکردنی/ حسێن سابیر

لە دوای ڕزگارکردنی عێراق و پێکهێنانی حکوومەتی، هەر لەسەرەتاوە پلانی حکوومەتی کوردستان بۆ ئەوەبوو کوردستان بەرەو پێش بچێت و ببێتە نموونەی پێشکەوتن لە ناوچەکەدا. لە ڕووی ئەکادیمییەوە ئەگەر بتەوێت بەروپێشچوونی هەر وڵاتێک و هەرێمێک بپێوی دەبێت سەیری ڕامیاری ئابووری ئەو وڵاتە بکەی.

2

هەمەجۆر کردنی ئابووری: Diversification

توشی مەینەتەکانی هەڵبەزین و دابەزینی نەوت بووەتەوە لە سەرەتای **1990**کانەوە تاکو ئێستا، بەڵام ئەم خۆڕاگرییەی کە لەسەر پێ ڕایگرتووە پشت بەستنیەتی بە کەرتەکانی تر جگە لە کەرتی نەوت.

بەڕێز تاریق یوسف لە ڕاپۆرتەکەیدا لە ساڵی **2004** لە جۆرنالی **Journal of Economic Perspectives**ی بڵاو کردیتەوە بە ناوی "**Development, Growth and Policy Reform in the Middle East and North Africa since 1950**" باس لەو کەرتانە دەکا کە ئیمارات پشتی پێ دەبەستێت جگە لە نەوتی خاو کە ئەوانیش پترۆکیمیا، پەین، چیمەنتۆ، ئەلەمنیۆم، گەشتوگوزار، بازرگانی و پیشەسازیی دەستی. ئەم هەمەجۆرییەش وای کردووە کە دیدگا و سەرنجی کۆمپانیا بیانییەکان بۆ خۆی ڕاکێشێت. ئەمەش پلانی حکوومەتی ئیمارات بۆ خۆ ئامادە کردنی تەواو بۆ سەردەمی دوای نەوت. بە مانایەکی تر ئیمارات سەردەمێک دەستپێدەکات کە پشت بە نەوت نابەستێت بۆ ژێرخانی ئابووری وڵات کە بە پێی پلانی دەوڵەت لە ساڵی **2020** دەست پێدەکات.

خوێندن و پەروەردە

لە ساڵی **2014** حکوومەتی ئیمارات پڕۆژەیەکی بەناوی (ستراتیژیی داهێنانی ناوخۆی) داهێنا بۆ گەڕەنتی کردنی داهێنان لە وڵاتەکەی و ئامانجیش لەم پڕۆژەیە ئەوەیە کە ئیمارات ببێتە وڵاتێکی داهێنەر لە **2021**لە ناوچەکەدا. ئەم پڕۆژەیەش ئەنجام دەدرێت لە ڕێگەی ژێرخانی تەکنەلۆجی و پەیڕەوکردنی سەرەوری یاسا و هەروەها ئەم کردارەش بە گرتنەخۆی کەلتووری ناوخۆیی و داهێنەرانی بازرگانی و کەرتی تایبەت، کە لەسەرووی هەموویانەوە خوێندن و پەروەردە دێت. ئەمەش گرینگە بۆ دەسەڵاتداران کە پەروەردە وخوێندن پشتگیرییان دەکات بۆ بەرەو پێشبردی کۆمەڵگا و بەردەوام بوون لەم پێشکەوتنە.

خوێندن و فێربوون هۆکارێکی گرینگە بۆ بەرەوپێشبردنی دەستی کار و ڕێبەرێکە بۆ بەرەوپێشچوون لە ئیمارات بەتایبەتی و ناوچەکە بە گشتی. بەشەکانی زانستی ئابووری یەکێکە لە سەرەکیترین بەشەکانی خوێندن لەو وڵاتە. خوێندنی باڵا زۆر گرینگی پێدەدرێت چونکە پشت دەبەستێت بە لێکۆڵینەوەی زانستییانە بۆ بەرەوپێشچوونی وڵات.

چارەسەر بۆ کوردستان یەکگرتنە

لە دوای یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی سلێمانی و هەولێر لە **2005** حکوومەتی کوردستان یەکیان گرتووەتەوە و بەرەوپێشچوونێکی باشی بەخۆی دیوە. بەڵام کێشە و گرفتی زۆر هاتە پێش دوای دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان و ئۆپۆزسیۆن لە **2009** تا **2017** دوای ڕیفراندۆمە مێژوویەکەی کوردستان بۆ سەربەخۆیی، گرژی لە نێوان حزبە سیاسییەکان زۆربوون. ئەم کێشەیەش لە ڕووداوەکانی دوای ڕیفراندۆم زۆر کاریگەری هەبوو. بەڵام ڕۆڵی بەرێز نێچیرڤان بارزانی زۆر گرینگ بوو لە ڕاگرتنی گرژییەکان و چارەسەری عاقڵانە بۆ دروست نەبوونی دووئیدارەیی. ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی گشتی کوردستان و خۆڕاگریی حکوومەت و هاووڵاتی بەرامبەر دۆخەکە.

لە کابینەی نوێ کە لە **2018** پێکهێنرا بە سەرۆکایەتیی بەرێز مەسرور بارزانی و ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی وەکو سەرۆکی هەرێم هەڵبژێردرا هەوڵی یەکخستنەوەی لایەنەکان دەدرێت بۆ یەکڕیزی نێو مالی کورد بەتایبەتی لەم ڕەوشەی ئێستای عێراق و ناوچەکە زۆر گرینگە.

ئەم هەوڵانە بۆ یەکڕیزی ئەوە دەسەلێنێ کە سەرۆکی حکوومەت و سەرۆکی هەرێم وانەیەکی باشیان لە مێژووی حکوومەتی هەرێم وەرگرتووە، کە ئەگەر یەکڕیزی نەبێت هەردەم دەستکەوتەکان لە مەترسی دەبن و دۆزمنانی گەلەکەشمان زیاتر ئامانجەکانیان دێننە دی.

پرۆژە یاسای کابینەی نوێ بە سەرۆکایەتی ڕێزدار مەسروور بارزانی کە دەبێت حکوومەت بۆ خزمەت کردنی خەڵک بەکاربێت نەک بۆ مەرامی سیاسی و کەسی و هەروەها پرۆژەی لەناوبردنی گەندەڵی لە هەموو ئاستەکانی حکوومەت دەستپێکێکی گرینگە بۆ سەرەوەر کردنی یاسا و یەکسانی تاکەکان بەرامبەر یاسا. لەلایەکی ترەوە کۆکردنەوەی لایەنەکان لە ئاستی باڵا لەلایەن سەرۆکی هەرێم ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی و سەردانی کردنی سلێمانی بۆ هێورکردنەوەی گرژییەکانی نێوان لایەنە سیاسییەکان و کۆبوونەوەی لەگەڵ حزبە سیاسییەکان لە ئاستی باڵا ئەم ڕاستییەیان دەرخستووە.

هەمەجۆرکردنی ئابووری هەرێم

لە پرۆژەی کابینەی نوێدا بە ئاشکرا هاتووە کە دەبێت هەرێم تەنها پشت بە نەوت نەبەستێت بەڵکو دەبێت ئابووری هەمەجۆر بکرێت و کەرتەکانی تر بەتایبەتی کەرتی کشتوکاڵ پەرەی پێبدرێت. ئەمەش بە گۆڕینی ئابووری کوردستان لە بەکارهێنەرەوە کە پشت بە بەرهەمی دەرەکی دەبەستێت بە شێوەیەکی بەرفراوان بۆ ئابووریەکی بەرهەمهێنەر، کە دەبێت هێزی کاری کوردی و ناوچەکە بۆ بەرهەمی ناوخۆ زیاتر پشتگیری لێ بکرێت و پشتبەستن بە بەرهەمی بیانی کەم ببێتەوە.

ئەمەش بە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و گەڕاندنەوەیان بۆ سەر کێڵگەکانیان و لە هەنگاوی دووەم پشتگیری کردنیان و دروستکردنی بازاڕ لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم بۆ بەرهەمە نێوخۆییەکان.

هەروەها هەوڵدان بۆ بەرەوپێشبردنی هەموو بەشەکانی تری ئابووری وەکو خۆراک و شیرەمەنی و جلوبەرگ و...هتد.

پشتگیری کردنی بەرهەم هێچ بایەخێکی نییە بێ دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمەکان و فرۆشتنەوەیان و گەڕاندنەوەی سان بۆ هەرێم لە جیاتی هێنانی بەرهەمی بیانی کە تەنها خزمەت بە وڵاتانی دەرەوە دەکات. ئەمش مانای وایە وڵاتانی بیانی ئەتوانن کارتی راگرتنی بەرهەمەکانیان لەهەر کاتێکدا بەکار بێنن لە دژی گەلەکەمان ئەگەر بیانەوێت.

خوێندن و پەروەردە

هەروەها لە پرۆژەی چوار ساڵی داهاتوودا هاتووە کە دەبێت بایەخێکی تایبەت بە پەروەردە بدرێت. ئەم بایەخدانە باشترە بە سیستەمی مۆدێرن بێت کە بگونجێ لەگەڵ کەلتوورەکە کوردی، نەک کەلتوورەکە هەرێم تەنها پشت بە نەوت نەبەستێت بەڵکو دەبێت ئابووری هەمەجۆر بکرێت و کەرتەکانی تر بەتایبەتی کەرتی کشتوکاڵ پەرەی پێبدرێت. ئەمەش بە گۆڕینی ئابووری کوردستان لە بەکارهێنەرەوە کە پشت بە بەرهەمی دەرەکی دەبەستێت بە شێوەیەکی بەرفراوان بۆ ئابووریەکی بەرهەمهێنەر، کە دەبێت هێزی کاری کوردی و ناوچەکە بۆ بەرهەمی ناوخۆ زیاتر پشتگیری لێ بکرێت و پشتبەستن بە بەرهەمی بیانی کەم ببێتەوە.

ئەمەش بە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و گەڕاندنەوەیان بۆ سەر کێڵگەکانیان و لە هەنگاوی دووەم پشتگیری کردنیان و دروستکردنی بازاڕ لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم بۆ بەرهەمە نێوخۆییەکان.

هەروەها هەوڵدان بۆ بەرەوپێشبردنی هەموو بەشەکانی تری ئابووری وەکو خۆراک و شیرەمەنی و جلوبەرگ و...هتد.

پشتگیری کردنی بەرهەم هێچ بایەخێکی نییە بێ دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمەکان و فرۆشتنەوەیان و گەڕاندنەوەی سان بۆ هەرێم لە جیاتی هێنانی بەرهەمی بیانی کە تەنها خزمەت بە وڵاتانی دەرەوە دەکات. ئەمش مانای وایە وڵاتانی بیانی ئەتوانن کارتی راگرتنی بەرهەمەکانیان لەهەر کاتێکدا بەکار بێنن لە دژی گەلەکەمان ئەگەر بیانەوێت.

خوێندن و پەروەردە

هەروەها لە پرۆژەی چوار ساڵی داهاتوودا هاتووە کە دەبێت بایەخێکی تایبەت بە پەروەردە بدرێت. ئەم بایەخدانە باشترە بە سیستەمی مۆدێرن بێت کە بگونجێ لەگەڵ کەلتوورەکە کوردی، نەک کەلتوورەکە هەرێم تەنها پشت بە نەوت نەبەستێت بەڵکو دەبێت ئابووری هەمەجۆر بکرێت و کەرتەکانی تر بەتایبەتی کەرتی کشتوکاڵ پەرەی پێبدرێت. ئەمەش بە گۆڕینی ئابووری کوردستان لە بەکارهێنەرەوە کە پشت بە بەرهەمی دەرەکی دەبەستێت بە شێوەیەکی بەرفراوان بۆ ئابووریەکی بەرهەمهێنەر، کە دەبێت هێزی کاری کوردی و ناوچەکە بۆ بەرهەمی ناوخۆ زیاتر پشتگیری لێ بکرێت و پشتبەستن بە بەرهەمی بیانی کەم ببێتەوە.

ئەمەش بە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و گەڕاندنەوەیان بۆ سەر کێڵگەکانیان و لە هەنگاوی دووەم پشتگیری کردنیان و دروستکردنی بازاڕ لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم بۆ بەرهەمە نێوخۆییەکان.

هەروەها هاندانی میدیاکان بۆ بەکارهێنانی وشەی کوردی لە جیاتی وشەی بیانی. چونکە میدیا یەکێکە لە بەهێزترین سەرچاوەکان کە کاریگەری زۆری هەیە لەسەر ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگاو یەکخستنی زمان و کەلتوور کە جل و بەرگ و خۆراک و ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگایەو ناساندنی کەلتووری ناوخۆیی بە جیهانی دەرەوەیە. هەوڵدان بۆ دروستکردی زمانێک کە هەموو شارەکانی هەرێم بتوانن بەکاری بێنن بە هاوبەشی. ئەمەش چونکە تاکوو ئێستا زمانێکی یەکگرتوومان نیە کە هەموو زاراوە و شارەکان بتوانن بە هاوبەشی بەکاری بێنن، دور لە یەکتر شکانەوە لێکتێنەگەیشتن.

دەبێت سیاسەتی کەلتوور **Culture policy** بە باشی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت کە هەموو وڵاتانی جیهانی و هەرێمی وەکوو هێزی نەرم بەکاری دەهێنن بۆ سەپاندن و بەرزکردنەوەی نرخی کەلتووری خۆیان بەسەر کەلتووری وڵاتانی دراوسێ و جیهانی.

هەروەها کردنەوەی ئەوبەشانەی خوێندن کە بازاڕەکانی کوردستان پێویستی پێیەتی لە کەرتی تایبەت و دروست کردنی تاکی بەتوانا کە بتوانێ پشگ بەخۆی ببەستێ بۆ دۆزینەوەی کار لە کەرتی تایبەت یان بازرگانی بچووک دروست بکا، کە ئەمەش دەبێ حکومەت پاڵپشت بێت بە پڕۆژە یاسایەک، ئەمش بۆ ئەوەی کۆمەڵگای کوردی ڕزگار بکەین لە پشتبەستن بە کەرتی حکومی و دانیشتن بێ کار و ڕازی بوون بە موچەی حکوومی، کە ئەزموونێکی تاڵی هەیە لە چوارشاڵی ڕابردوو بەهۆی ئەو پاڵپەستۆیە زۆرەی لەسەر حکوومەت بوو.

کردنەوەی سەنتەری لێکۆڵینەوە لە کێشە ناوخۆییەکان و کەسی دڵسۆز و شارەزا دور لە گەندەڵی و بەرژەوەندیی کەسی دابەزرێن و لێکۆڵینەوە بکەن. بۆ ئەوەی بتوانرێت لە نزیکەوە کێشەکان چارەسەر بکرێت بەشێوەیەکی زانستییانە.

خوێندنی باڵا بەرەو پێش ببردرێت و کوالێتی خوێندن بەرز بکرێتەوە، ئەمەش بە بایەخدان بە ماستەر و دکتۆرا. هەروەها دانانی توانا سازی بۆ قوتابی نێودەوڵەتی کە بێن بە زمانی ئینگلیزی و کوردی بخوێنن. کە ئەمەش یەکێکە لە سەرچاوەکانی هێزی نەرم تاکو کەلتوور و پێکەوە ژیانی کوردستانی بە وڵاتانی دەرەوە بناسێنێ.

لە 67ەمین ساڵیادی یەکێتی ئافرەتانی کوردستاندا
بیرەوەرییەکانی ئافرەتێک لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و گوڵاندا





ئافرەتی خۆڕاگر(روحیزا ئیسماعیل) هاوسەری فەرماندەی خەباتکار (ئەبابەکر حەسەن دێلزی):
زیاتر لە 44 ساڵ دەبێت ئەم جگارە کە بارزانیی نەمر لە ساڵی 1975 پێشکەشی هاوسەری منی کرد لە رۆژانی ئاوارەییدا کە لای خۆی پاراستووە و دوای کۆچی هاوسەرم دیسان پاراستمان، ئەو جگارەیە بۆ خانەوادەی ئێمە گەورەترین سەرمایەیە

خەبات: سەفەر یوسف میرخان ژاژۆکی

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان کە لە **11/12/1952** بە ڕێنمایی بارزانیی نەمر دامەزراو کە یادی **67** ساڵەی ئەو ڕێکخراوە گەورەیە دەکەینەوە بێ ڕاوەستان لە بزاڤ و چالاکی کۆمەڵێتی و نەتەوەیی بەردەوامەو بەتایبەتی بۆ داکۆکیردن لە مافەکانی ئافرەتان، ئەو ڕێکخراوە خزمەتی زۆر بەرچاوی بە کۆمەڵگای کوردستان کردوەو ئافرەتانی کوردستانیش ساڵەهایە لە سایەو کاروانی ئەم ڕێکخراوەدا توانیویانە لە قۆناغە جیاجیاکانی خەباتی شاخ و شاردا هاوشانی پیاوان بەشداری کارایان لە تێکۆشان و سەرکەوتنەکاندا هەبێت و ئەمڕۆش بە شانازیەوە ساڵیادی دامەزراندنی ڕێکخراوەکەیان دەکەنەوە.

بۆ ئەم یادە پرشنگدارە بە پێویستمانزانی لە دڕێژەی بەسەرکردنەوەی ئەو مرۆڤانە لە کاتە سەختەکانی خەباتی گەلەکەماندا ژیانیان خستبوە خزمەتی کاروانی شۆرش و ڕێبازی کوردایەتی. ئەمجارە لە گوندی (دێلزی) سەربە قەزای سۆران چووینە خزمەتی ئافرەتێکی تێکۆشەر و دڵسۆز دایکە (روحیزا ئیسماعیل) هاوسەری فەرماندەی خەباتکاری دەیان داستان لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و گوڵین خوالێخۆشبوو (ئەبابەکر حەسەن ئەحمەد دێلزی)، ئەو دایکە لەگەڵ کوڕەکەی (دلاوەر ئەبابەکر) کارگێڕی ناوچەی دیانا ژیان دەباتە سەر کە سالانێکی زۆر نەخۆشە لەبەر ماندووبوونی و بۆ یەکمجار کە ڕۆژنامەی خەبات سەردانی ئەو بنەماڵە دڵسۆزە دەکات و لە ناو ماڵی ئەوان دەیان وێنە پێشمەرگایەتی ڕۆژانی خەبات و ئاوارەیی و لە هەموو گرنگتر گەورەترین یادگاریان لای خۆیان پاراستووە کە ئەوەیش جگارەیەکە کە کاتی خۆی بارزانیی نەمر پێشکەشی هاوسەری کردووە. بۆ ئەوەی خوێنەرانی ڕۆژنامەی خەبات ئاشنا بکەین بە خەباتی ئەو بنەماڵەیە و چۆنیەتی پەروەردەکردنی منداڵەکان و هاوشانی هاوسەری کە خزمەتی دەکرد و دەیان چیرۆکی تر. کاتێک بە ناوی ڕۆژنامەی خەبات چوونە خزمەتیان، زۆر دڵخۆش بوون کە دوای ئەو چەندەها ساڵ کەس و لایەن هەنە کە دەیانەوێت یادی دوێنی تێکۆشەرەکان بزانن.

ژیان و خەباتی فەرماندەی خەباتکار (ئەبابەکر حەسەن دێلزی)

فیداکار (ئەبابەکر حەسەن دێلزی) لە ساڵی **1934** لە گوندی دێلزیان سەربە ناحیەی دیانا لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر چاوی بە دونیا هەڵێناوە و هەتا گەورەبوونی زۆر غەریبی و دەردەسەری بینووە، ساڵی **1961** لە سەرەتایی بەرپابوونی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول پەیوەندی بە شۆڕش کردووە بۆتە پێشمەرگە لە ساڵی **1963** لە گەڕووی عومەر ئاغا بریندار دەبێت، سەرەتا لەگەڵ فەرماندە عەریف یاسین دۆسکی و دواتر لەگەڵ فەرماندە حەمید ئەفەندی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی وەکو گەڕووی عومەرئاغا و سەرتیز و هەندرێن و هتد.. دەکات و لەبەر ئازایەتی دەبێتە سەرپەل، ساڵی **1968** دووبارە بریندار دەبێت و دوای چاکبوونەوە بەردەوام دەبێت لەسەر ئەرکی و دوای نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لە ساڵی **1975**ئاوارەی ئێران دەبن لە ئۆردوگای زێوە نیشتەجێ دەبن دواتر دەگوازرێتەوە شارێ سمنان، لە ساڵی **1979** دووبارە دەگەڕێتەوە کوردستانی ڕۆژهەڵات و لە شۆڕشی گوڵین دڕێژە بە ئەرکی دەدات و لە قوەتی بارزان هێزی **73** وەکو جێگر هێز خزمەت دەکات و کوڕەکانیشی لەگەڵی دا دەبنە پێشمەرگە کە ڕۆڵێکی مەزنیان هەبووە لە تۆمار کردنی چەندەها داستانی پڕسەروەری، بەشداری لە ڕاپەرین ساڵی **1991**دەکات لە هێزی سۆران لە پێشمەرگایەتی بەردەوام دەبێت کە زیاتر لە **44** ساڵ بێ داوڕان پێشمەرگایەتی کردووە لە ساڵی **2002** بە فەرمانی جەنابی سەرۆک بارزانی خانەنشین دەبێت، جگە لە پێشمەرگایەتی کەسایەتێکی دەڤەرەکەبووە و هەمیشە خەڵکی هان داوە کە خزمەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بکەن کە تەنها ئەو حزبە بە سەرۆکایەتی سەرۆک مسعود بارزانی خزمەت بە کوردستان دەکات و ئەمڕۆش کەسوکاری پێشمەرگە و کادیری ئەو ڕێبازەنە ئەو فەرماندە ماندوونەناسە لە ساڵی **2004** کۆچی دوایی کرد.

ئافرەتی خۆڕاگر دایکە (روحیزا ئیسماعیل) باسی هەندێک لە بیرەوەرییەکانی لە گەڵ هاوسەری لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و ڕۆڵی ئافرەتی کورد لەو شۆڕشەدا دەڵی: لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول هاوسەرم بە شانازی بووە پێشمەرگەی بارزانیی نەمر بۆ کورایەتی و لە سیدەکان چوویە ریزەکانی پێشمەرگایەتی و ئێمەی بەجێهێشت و ژیانی پێشمەرگایەتی هەڵبژارد،لە شۆڕشی ئەیلوول و من و منداڵەکانم بە تەنیا ماینەوە، ڕاستە ئەوان چوونە مەیدانی خەبات بەڵام ئێمەش پشتی هاوسەرە پێشمەرگەکانمان بووین و کۆڵمان نەدا و توانیمان ڕووبەڕوی هەموو کێشە و گرفتەک ببینەوە چونکە ئەو کات ژیان لە شاخ زۆر بە زەحمەت بووە و خۆمان لەگەڵ ڕۆژە سەختەکان دەگۆنجاند و ئێمەی دایکان توانیمان ئەو بۆشایانە پڕبکەینەوە لە ئەرکی پەروەردەکردنی منداڵەکان سەرەڕای ئەو هەموو ترس و لەلای تر هاوسەرەکانمان بەچەندەها مانگ نەدەگەڕانەوەو چەندەها جار ماڵمان باری کردووە بۆ ناوچەکانی تر، هەتا لە یادمە هاوسەرەم چەند جار بەسەختی بریندار دەبوو کە دەگەڕایەوە و دەیگوت خۆزگە زوو چاک ببمەوەو بچمە خزمەتی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول . بۆیە ئافرەتەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول ڕۆڵیان بەرچاوە هەبووە سەرەڕای دروستکردن و چاککردنی خواردن و پێداویستیەکان بۆ بەرەکانی شەڕ و لە لای تر ئامۆژگاری و خۆشەویستی ڕێبازی بارزانیی نەمرمان بە منداڵەکانمان نیشان دەدا و پێمان دەگوت کورایەتی واتە ڕێبازی پیرۆزی بارزانی بەم شێوەیە ئێمە ئافرەتانی کوردستان پاڵپشتی هێزی پێشمەرگە بووین بە ڕابەرایەتی بارزانیی نەمر، چونکە بارزانیی نەمر هەمیشە دەیفەرموو: دایک یەکەمین مامۆستای مرۆڤایەتییە، بۆیە دەبێ هەموو کاتێک پیاوەکان ڕێز لە خوشک و دایکی و خێزانی شەهیدەکان بگرن.

لە بارەی ڕۆژانی ئاوارەی لە ئێران دا دایکە (روحیزا ئیسماعیل) چاوەکانی پڕبوون لە فرمێسک و بەباسی چەند یادەوەرییەک کرد: دوای نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول ئاوارەی ئێران بووین بەڵام هەر ئومێدەوار و خۆڕاگر بووین، هاوسەرم یەکێک لە پێشمەرگە دیارەکانی بوو وزۆر خۆشەویست بووە لای ڕابەر بارزانیی نەمر، ڕۆژێک هاوسەرم بەمنی گوت دەچمە خزمەتی جەنابی بارزانی کە لە شاری نەغەدە بوو و لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگە چوونە لای کە بۆ ئەوەی چ بکەین بۆ دووبارە ڕێکخستنەوە شۆڕش بەرپا بکەن. لە مەجلیسدا بارزانیی نەمر بە خۆی چەند جگارە پێشکەش کرد، ئەوکات لەبەر خۆشەویستی هاوسەرم بۆ بارزانیی نەمر و حەزی دەکرد کە یادگارییەکی بارزانی لە لای بمێنێتەوە، بۆیە هاوسەرەکەم (ئەبابەکر حەسەن دێلزی) ئەو جگارەیەی نەکێشا و وەکو یادگاری لە لای خۆی هەڵگرت هەتا وەفاتی کرد ئەو جگارەیەی هەر لەلابوو، شەو و ڕۆژ هەرچەندە بەخۆی دارجگارەی چاک کرد و ئەو جگاری لەناو دارەکەی دانا و لای خۆی پاراست.

لە دڕێژە قسەکانی لە دایکە (روحیزا ئیسماعیل) گرتی: ئەوە **44** ساڵ دەبێت ئەو جگارە کە گەورەترین یادگارییە لای ئێمە، چونکە دوای کۆچی هاوسەرم پەیمانمدا کە لای خۆم بپارێزم چونکە هاوسەرم دەگوت: ئەو جگارەی بارزانیی نەمرە و یادگارییەکی زۆر بەرزە و دەبێ بپارێزین.

دواتر هەڤاڵ (دلاوەر دێلزی) کوڕی فەرماندەی خەباتکار (ئەبابەکر حەسەن دێلزی) گوتی: باوکم پێشمەرگەیەکی چاونەترس و قارەمان وەفاداری ڕێبازی پیرۆزی بارزانی بوو وەک دایکم بۆ ئێوە باسی کرد کە باوکم لە ساڵی **1975** لە ئاوارەی دا لە لای بارزانیی نەمر لەگەڵ جەماعەتێکی شۆڕشگێڕ لای کۆدەبێتەوەو دواتر بارزانی جگارە پێشکەشی ئامادەبووان دەکات و باوکم لەبەر خۆشەویستی بارزانی ئەو جگارەی نەکێشاوە و هەڵیگرتووە وەک شتێکی زۆر بەنرخ هەولیداوە بپارێزیت و ئەو جگارەیە لای ئەو زۆر خۆشەویست بوو، هەر بۆیەش لە ناو داریک شوێنی بۆ دروست کرد ئێستاش ئەو جگارەیە لە ماڵی ئێمە پارێزاوە و دوای **44** ساڵ ئەو جگارەمان بۆ یەکمجار پێشانی ئێوەی ڕۆژنامەی خەبات دا کە بە چاوی خۆتان بینی، بۆیە باوکمان هەمیشە ئامۆژگاری ئێمەی دەکرد لەسەر ڕێبازی کوردایەتی بەردەوام بن و دڵسۆز بن بۆ نیشتمان و گەلەکەتان و خاوەن **4** برای تر کە ئەوانیش پێشمەرگەنە عەبدوڵلا و عیسا و مەهدی و محەمەد، برامان کاک عیسا لە دوای ڕاپەرین بریندار وو چاوەکانی لەدەستداوە و دایکیشم زۆر خزمەتی بە پێشمەرگەکان کردووە لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول وب ەتایبەتی لە شۆڕشی گوڵان لە ئۆردوگای زێوە ماڵی باوکم وەکو مەقری پێشمەرگە بووە.

لە کۆتایدا هەڤاڵ (دلاوەر دێلزی) گوتی: سوپاس بۆ ئێوەی کوڕە شەهید و ڕۆژنامەنووسی تایبەت لە ڕۆژنامەی خەبات بۆ بەسەرکردنەوەی خانەوادەی تێکۆشەر و شەهیدەکان بۆیە دایکم بە هاتنی ئێوە و ڕۆژنامەی خەبات زۆر دڵخۆشە.

سوورە مەرگەیی



100 ڕۆژ..
کار و هەنگاوی گەورە

لەگەڵ دەستبەکاربوونی کاک مەسرور بارزانی وەک سەرۆکی حکوومەت نەک هەرخەڵکی پارتی، بەڵکو خەڵکی لایەنەکانی تر و خەڵکی بێلایەنیش ئومێدێکی زۆریان لەسەرهەڵچنی، خەڵک بەگشتی پێیوابوو دەتوانێ ئومێدەکانیان لەخزمەتکردنی خەڵک و پێشخستنی حکوومەت و بەگژداچوونەوەی گەندەڵی و بنیاتنانی کوردستانێکی بەهێزتر بێنێتەدی، دەبێ ئەوەش بڵێین کە لەیەکەم ڕۆژی دەستبەکاربوونی و خستنەڕووی پڕۆژەکەی، گەندەڵکاران و نەیارانی چاکسازی ترسیان لێنیشت و ناچار بوون بەرنامەی ئەوە دابنێن چۆن ڕووبەڕووی هەنگاوەکانی ببنەوە و، چۆنیش بتوانن بەرژەوەندییەکانیان بپارێزن و بەردەوامیش بن لەسەرگەندەڵی و مسۆگەرکردنی زیاتری بەرژەوەندی، بۆ ئەومەبەستەش بە ئاشکرا و بە نهێنی کاریان لەسەر ئەوە دەکرد لەڕێگای دروستکردنی گرفت و بەربەستەوە پێش بەهەنگاوە چاکسازییەکانی بگرن.

لەوتارەکەیدا هیچ لایەن و کون و کەلەبەرێکی حکوومەت نەما تیشکی نەخاتەسەر، هەر لەئاستی چاکسازی و خزمەتگوزاری و پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و گوزەرانی پێشمەرگە و کەسوکاری شەهیدان و پرۆسەی دیموکراسی و پێکەوەژیان، تا دەگاتە کارگێڕی و ئابووری و دارایی و زۆر بوار و لایەنیتریش، بەتایبەتیش هەنگاوەکانی لەئاستی چاکسازی و بەگژداچوونەوەی گەندەڵی و گەندەڵکاران و شەفافی لە داهات و خەرجیدا کە خواستی خەڵکی کوردستانە، ئەوەی خەڵکی زیاتر دڵخۆش کرد و قەڵای گەندەڵکارانی پێتهەژاند ئەوەبوو کە گوتی: چاوپۆشی لەگەندەڵی هیچ کەس و لایەنێک ناکەم، بەوەش سەلماندی کە پیاوی دەوڵەتە و لای ئەو خزمەتکردنی هاووڵاتیان لەپێش هەموو شتێکەوەیە و زۆرترین جاریش لەوتارەکەیدا بەڵێنی زیاتر خزمەتکردنی هاووڵاتیان و شەڕی گەندەڵی و گەندەڵکارانی دووبارە کردەوە.

خاڵێکی تر کە دەمەوێ تیشکی بخەمەسەر کە لەکابینەکانی پێشوودا زۆرکەس و لایەن هاوکات لەگەڵ پەلاماری ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش و بەرگرییەکانی پێشمەرگە و قووت و مووچە بڕینی خەڵکی کوردستان و چەندین کێشە و گرفتی دروستکراوی تر، کاریان لەسەرئەوە دەکرد چۆن کێشە و گرفت بۆحکوومەتی هەرێم دروست بکەن و چۆن شکستی پێبێنن، بۆ ئەومەبەستەش هەموو هێڵە سوورەکانیان بەزاند و ئەوەی پێیان کرا کردیان و دریغییان نەکرد، هەر لە کێشە دروست کردن و هاوکاری بەغدا و دژایەتیکردنی حکوومەتی هەرێم کە خۆیان بەشێک بوون لەحکوومەت، تا دەگاتە ووروژاندنی شەقام و بڵاوکردنەوەی دڵەڕاوکێ و نەهێشتنی متمانەی هاووڵاتی بەحکوومەت، بەتایبەتیش ئەوکاتانەی بەغدا گوشارەکانی لەسەرحکوومەتی هەرێم توند دەکردن و هەوڵیدەدا پەیوەندییەکانی کورد و حکوومەتی هەرێم لەگەڵ جیهانی دەرەوە ببڕێ، ئەوانیش لەباتی ئەوەی هاوکاری حکوومەتی هەرێم بن، کەچی بەپێچەوانەوە لەبەغدا و هەولێر و تەنانەت لەدەرەوەش چەندین تۆمەتی هەڵبەستراویان دەدایە پاڵ حکوومەت و هەوڵەکانیان لەسەر لاوازکردنی هەرێم و بەدیهێنانی خواستە شۆڤێنییەکانی بەغدا چڕدەکردنەوە، لەوەشدا مەبەستیان بوو حکوومەت نەتوانێ چاکسازی بکات و دەرگای گەندەڵییان بە ڕووداو دابخات، بەڵام کاک نێچیرڤان بارزانی وەک پیشەی هەمیشەیی خۆی و پشت ئەستوور بەوقوتابخانەی لێی پەروەردەکراوە، لەکاتە زۆرسەختەکاندا شانی دایەبەر ئەرکە قورسەکە و توانی هەموو پیلانەکان پووچەڵ بکاتەوە و، پێگەی شایستە بۆ کورد و حکوومەتی هەرێم بگێڕێتەوە و خەونە هاوبەشەکانی بەغدا و ئەوانیش بزرێنێ لە شکست پێهێنانێ حکوومەتی هەرێم. سەد ڕۆژ بۆجێبەجێکردنی پڕۆژەی حکوومەتێک کە لەسەرئاستی ناوخۆ و عێراقی و هەرێمیش هەوڵی دروستکردنی بەربەستی بۆ دەدرێ چاوتروکانێکە، بەڵام وەک لە وتارەکەی کاک مەسرور بارزانی ئاماژەی بۆ کرا و بەکردەنی و ڕۆژانەش هاووڵاتی بەچاوی خۆیان هەنگاوی گەورە و جێگای ئومێد دەبینن، لەوەش جێگای ئومێدتر ئەوەیە کەبەڵێنی بەردەوامی و جێبەجێکردنی تەواوی پڕۆژەکەیدا، ئەوەش ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی دەخاتە سەرشانی لایەنەکانی بەشداربووی حکوومەت و تەواوی هاووڵاتیان کە پشتیوان و هاوکاری کاک مەسرور بارزانی بن، چونکە ئەوەی خواستی ئەوە خزمەتکردنی خەڵک و نەهێشتنی گەندەڵی و بنیاتنانی کوردستانێکی بەهێزترە، خزمەتکردنی خەڵک و نەهێشتنی گەندەڵی و بنیاتنانی کوردستانێکی بەهێزترش لەخزمەتی هەژاران و پرۆسەی سیاسی کوردستان دایە، هەنگاوێکی واگەورەش هەم لەلایەن داگیرکارانی کوردستان و هەمیش لەلایەن گەندەڵکاران و نەیارانی ناوخۆ جێگای قبوڵ کردن نییە و هەوڵدەدرێ کێشە و بەربەستی بۆدروستبکرێ، بەڵام کورد دەڵێ: مانگەشەو سەر لەئێوارە دیارە، هەنگاوەکانی کاک مەسرور بارزانیش لەدەستپێکەوە دڵخۆشکەر و جێگای ئومێدن.

وون بوون

پسوولەی شارەوانی (٥) هەولێر ژمارەی پسوولە (٠٤٢١٨٢٠) بەروارى ٢٠١٨/٥/٣ بەبری ٥٠٠٠٠ بەناوی صالح عبید رمضان وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

نووسراوی گومرگی ابراهیم خلیل بەناوی کۆمپانیا مسکنت ژمارەی نووسراو: ٠٠١٢٠٨٧ بەروارى نووسراو: ٢٠١٤/٩/١٨ جۆری ئۆتۆمبێل مقطورە تریلە تانکەر خصوصی استخدم للغاز السائیل رەنگی سپی خط سور ژمارەی لاشە شاصی: NR9YLTYK1EA٠٢٩١٠٤ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

نووسراوی گومرگی ابراهیم خلیل بەناوی کۆمپانیا مسکنت ژمارەی نووسراو: ٠٠١٢٠٨٦ بەروارى نووسراو: ٢٠١٩/٩/١٨ جۆری ئۆتۆمبێل مقطورە تریلە تانکەر خصوصی استخدم للغاز السائیل رەنگی سپی خط سور ژمارەی لاشە شاصی: NR9YLTYK1EA٠٢٩٠٨٩ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

نووسراوی گومرگی ابراهیم خلیل بەناوی شرکة مسکنت ژمارەی نووسراو: ٠٠١٢١١٣ بەروارى نووسراو: ٢٠١٤/٩/١٨ جۆری ئۆتۆمبێل مقطورە تریلە تانکەر خصوصی استخدم للغاز السائیل رەنگی سپی خط سور ژمارەی لاشە شاصی: NR9YLTYK1EA٠٢٩٠٩٠ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

مديرية الجنسية والاحوال المدنية لمحافظة أربيل الواقعات

العدد: ١٨٩٦٩

التاريخ: ٢٠١٩/١٢/٩

اعلان

قدم المواطن (احمد محمد عباس) دعوى في هذه مديرية لتبديل اللقب من (شينكي) الى (اغا) فمن لديه اعتراض مراجعة هذه مديرية خلال (١٥) أيام من تاريخ نشره في الجريدة وبعكسه فسوف تنظر هذه المديرية في الدعوى وفق احكام المادة ٢٢ من قانون البطاقة الوطنية رقم (٣) لسنة ٢٠١٦.

اللواء الحقوقي/نشأت إبراهيم شلال

مدير الأحوال المدنية والجوازات والإقامة/وكالة

***

مديرية تنفيذ ئاكرى

العدد /١٨٠٤/ت.د/٢٠١٩

اعلان

بناءا على القرار الصادر من هذه المديرية في الاضبارة التنفيذية المرقمة ١٨٠٤/ت.د/٢٠١٩ المتضمن بيع المنقول السيارة شوفرليت اوبترا صالون المبين اوصافه ادناه تعلن هذه المديرية عن بيعه بالمزايدة العلنية فعلى الراغبين بالشراء مراجعة هذه المديرية مستصحبين معهم التامينات القانونية البالغة ١٠٪ من القيمة المقدرة وستجري المزايدة في الساعة الثانية عشرة (١٢:٠٠) ظهرا من اليوم الثالث التالي لنشر الاعلان واذا صادف عطلة رسمية ففي اليوم الذي يليه علما ان الدلالية ورسوم التسجيل على المشتري

الاوصاف :

رقم الاضبارة /١٨٠٤/ت.د/٢٠١٩

النوع / شوفرليت اوبترا صالون

موديل / ٢٠١٢

الرقم / ٨٥٥٥٨ دهوك خصوصي

اللون / ابيض

القيمة المقدرة (١٠٣٢٠٠٠٠) عشرة مليون وثلاثمائة وعشرون الف دينار عراقي

المنفذ العدل / بدران عبدالرحيم حاجي

***

فەرمانگەی دادنووسی (بەحرکە)

ئاگاداری

ژمارە:٣٢٠

بەروار: ٢٠١٩/١٢/٢

بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (پ/ محمود شاکر شریف بریکاری هێرش سایل مولود بە ژمارە ٩٧٦٤/٩٨ لە دادنووسی بەحرکە لە ٢٠١٩/١١/٢٨ دەرچووە) ناوبراو داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە لە بەرواری ٢٠١٩/١١/٢٨ بەناوی (هێرش سایل مولود) وە ئێستا دانداوە لە (بەحرکە/ ناوچەی پیشەسازی) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وسفکراوەکان هەیە پێویستە رێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی راگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە رۆژدا، واتە رۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازییوون بۆماوەی حەوت رۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی سالّی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووس / پێشمەرگە قادر قادر

نامێرەکان:

١- مەنجەلی بوخاری بۆ لێنانی دووشاو لەگەڵ یەك تانکی ژمارە/ ١٤١٢٢٨٢٣٨٨ دروستکراوی لبنانی مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٢,٥.KW تێبینی/ ٢,٤٠٠,٠٠٠ دوو ملیۆن و چوار سەد هەزار دینار.

٢- مەنجەلی بوخاری بۆ لێنانی دووشاو لەگەڵ یەك تانکی ژمارە/ ١٠٠٦١٨٠٤٤ دروستکراوی لبنانی مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢,٢ تێبینی/ ٢,٤٠٠,٠٠٠ دوو ملیۆن و چوار سەد هەزار دینار.

٣- یەك حەوزی ستیلی داخراو بۆ تعبئە بێ ژمارە دروستکراوی لبنانی مۆدێل ٢٠١٦ دەستی توانای تێبینی/ ٦٠٠٠,٠٠٠ شەش ملیۆن دینار.

٤- یەك حەوزی ستیلی داخراو بۆ تعبئە بێ ژمارە دروستکراوی لبنانی مۆدێل ٢٠١٦ دەستی توانای تێبینی/ ٦٠٠٠,٠٠٠ شەش ملیۆن دینار.

٥- ئاشی کارەبای (طاحونە)ی خورما ژمارە/ ١٠١٦٠٢٤٦٦ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤ تێبینی/ ٦٠٠٠,٠٠٠ شەش ملیۆن دینار.

٦- بویلر (منجەرە)+ تانکی ئاو ١٤٠٠ لتر + ١ تانکی گاز ژمارە/ ١٠١٤٢٢٠ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤,٥ تێبینی/ ٦٠٠٠,٠٠٠ شەش ملیۆن دینار.

٧- مولیدەی کارەبا مەحلی (محرك پارکینز) بێ ژمارە دروستکراوی ناوخۆ مۆدێل ٢٠١٣ جۆری سوتەمەنی گاز توانای K.V٥٠ تێبینی/ ٢,٤٠٠,٠٠٠ دوو ملیۆن و چوار سەد هەزار دینار.

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٥

ژمارە:٥٥١٠/ش/٥/٢٠١٩

رێکەوت:٢٠١٩/١٢/٨

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (هۆشیار حمزه عثمان)

شوێنی دانیشتنت نادیارە.

داواکار/ بهار عبدالله احمد داوای ژمارە (٥٥١٠/ش/٢٠١٩/٥)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای طلاق دەکات لە تۆ وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت بەپێی اشعاری مختاری هەولێر – گەرەکی کوردستان بۆیە دادگا بریاری دا بەپێراگەیاندنت لەرێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەرۆژی دادبینی ٢٠١٩/١٢/٣٠, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بە شێوەی ئاشکرا و پاشملە.

دادەوەر/ پەژار عبدالله نصیف

***

دادگای کەتنی هەولێر/٢

ژمارە/١٣١٢/ك/٢٠١٩/٢

رێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/١

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ بەڵێن حسیب احمد

ئاگادارکردنەوە

ئاماژە بەداوای ١٣١٢/ك/٢٠١٩/٢ تۆمەتباری هەڵاتوو (بەڵێن حسیب احمد) شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە بە پشت بەستن بە مادەی (١٤٣) لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزا دادگا بریاری دا لە ڕێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کات ژمێر (٩)ی بەیانی لە رێکەوتی ٢٠٢٠/٢/١٦ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی مادەی (٤٤٦) لە یاسای (سزاکان) بە پێچەوانەوە دادگایی کردنت بەشێوەی پاشملە (غیابی) بەرێوە دەچێت بەگوێرەی ریساکان.

دادەوەر/ حسن علی مراد امین

***

دادگای کەتنی هەولێر/٢

ژمارە/٧٧٩/ك/٢٠١٧/٢

رێکەوت:٢٠١٩/١٢/١

بۆ تۆمەتباری هەلاتوو: هێمن هەڤاڵ عمر

ئاگادارکردنەوە (سزا)

ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە ٧٧٩/ك/٢٠١٧/٢ لە رێکەوتی ٢٠١٧/١١/١٣ لەسەرت بە بەندکردن بۆ ماوەی (١) یەك سال، بەپێی مادەی (١٠/ف٥) لە یاسای (باری کەسێتی) بەشێوەیەکی پاشملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بریاردرا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بۆ تۆمەتبارت هەڵاتوو/ سرور عبدالباسط احمد

ئاگادارکردنەوەی سزا

ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ٧١٤/ك/٢٠١٩/١ لە ٢٠١٩/١١/٥ لەسەرت بەزیندانی کردن (الحبس) بۆماوەی (١/یەك سال) بەپێی مادەی (٣٧٧ لەیاسای (سزاکان) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بریاردرا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە پێت رابگەیەندرێت.. مافی تاووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای ناڕازییوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاسایدا ٣ /٣ مانگ لە رۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە) بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.

دادەوەر/ حسن علی مراد امین

***

دادگای کەتنی هەولێر/١

ژمارە/٧٥٩/ك/٢٠١٩/١

رێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/١

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ عبدالاله صالح طه

ئاگادارکردنەوەی سزا

ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ٧٥٩/ك/٢٠١٩/١ لە ٢٠١٩/١١/١٠ لەسەرت بەزیندانی کردن (الحبس) بۆماوەی (٩/نۆ مانگ) بەپێی مادەی (٤٥٣ لەیاسای (سزاکان) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری شاری/زێرین بریاردرا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە پێت رابگەیەندرێت.. مافی تاووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای ناڕازییوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاسایدا ٣ /٣ مانگ لە رۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە) بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.

دادەوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین

***

دادگای کەتنی هەولێر/١

ژمارە/٧١٤/ك/٢٠١٩/١

رێکەوت/ ٢٠١٩/١١/٢٤

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ سرور عبدالباسط احمد

ئاگادارکردنەوەی سزا

ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ٧١٤/ك/٢٠١٩/١ لە ٢٠١٩/١١/٥ لەسەرت بەزیندانی کردن (الحبس) بۆماوەی (١/یەك ساڵ) بەپێی مادەی (٣٧٧ لەیاسای (سزاکان) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە پێت رابگەیەندرێت.. مافی تاووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای ناڕازییوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاسایدا ٣ /٣ مانگ لە رۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە) بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.

دادەوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین

***

دادگای تاوانی هەولێر/٤

ژمارە: ٢٠٨/ج/٢٠١٩/٤

رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٣

بۆ تۆمەتبارانی هەلاتوو/ هیدایت محمد یاسین و دەربازاکرم ابراهیم و هۆزان معروف علی

ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی ئێوە تۆمەتبارن بەپێی مادەی ٤٢١ لەیاسای سزا و سەلماندنی هەلاتنتان وە نادیاری جێگاکەتان لە کاتی ئێستادا بۆیە بریاردرا پاڵپشت بەمادەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێراگەیاندنتان لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بۆ تاماەبوونتان لەبەردەم دادگای تاوانی چوار لە هەولێر لەرۆژی ٢٠٢٠/٣/٢ وە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەشێوەی پاشملە/ غیابی بەپێی یاسا.

سەرۆك/ فاضل عباس رسول

***

دادگای تاوانی هەولێر/١

ژمارە: ٣٥٤/ج/٢٠١٨

رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٤

بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ قهرمان جمیل کاکو

ئاگادارکردنەوە سزا

دادگای تاوانی هەولێر/١ لە داوای ژمارە ٣٥٤/ج/٢٠١٨ وە پاش دادگاییکردنت بەپاشملە غیابی لەرۆژی ٢٠١٩/١٠/٢٩ دادگا بریاریدا بە لەسێدارەدانت تا مردن بەپێی مادەی (١/١/٤٠٦-هـ ، ز) لەیاسای سزا بۆیە بەگوێرەی یاسا پێت رادەگەیەنین کە لەماوەی شەش مانگ لەرۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێی مادەی ٢٤٣ لەیاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی مافی تانە لێدانت لاعتراض و پێداچوونەوەت هەیە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕوەردەگرێت.

سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد

فەرمانگەی دادنوسی کەلار/یەك

ژمارە / ٢٨

ریکەوت ٩ / ١٢ / ٢٠١٩

ئاگادارى

بەپێی ئەو داوایەی کەلەلایەن داواکار پشکەش بەم فەرمانگەیە کراوە ،بە ناوی (ستار عدنان خداداد) داواکارە بە تۆمار کردنی ئامێرەکانی کارگەی (ستار عدنان خداداد) بۆ دروست کردنی بۆری پلاستیکی کە لە (کەلار/ گێژەکان) دانراون و ئامێرەکان لە خوارەوە دیاری کراوە بەپێی یاسای دادنووس ژمارە (٣٣) لەسالّی (١٩٩٨) بڵاوی دەکەینەوە هەرکەسێ خۆی بە پەیوەندیدار یان خاوەنی هەریەك لەم ئامێرانە دادەنێ لەماوەی (١٥) پانزە ڕۆژدا سەردانی ئەم فەرمانگەیە بکات بە پێچەوانەوە بەناوی داواکارەوە تۆمار دەکرێت و بڕوانامەی پێ دەدرێت.

ناوی ئامێر ا ژمارەی ئامێر ا دروستکراو ا مۆدێل ا توانای کارەبایی ا

١- هێڵی دروستکردنی بۆری ئاو وئاوەرۆ لە پۆلی ایلین (٣١٥ - ٨٠٠) ملم پێك دێت لە (اکستروردر + قاڵب + ڤاکیۆم + ساردکردنەوە + ڕاکێشان) ا C٤١٩٠٦٠٦١L ا کارەبا ا ٢٠١٩ ا KW ٣٧٠ ا

٢- هێڵی دروستکردنی بۆری ئاو وئاوەرۆ لە پۆلی ایلین (١٢٥ - ٢١٥) ملم پێك دێت لە (اکستروردر + قاڵب + ڤاکیۆم + ساردکردنەوە + ڕاکێشان + بڕین) ا SG – ١٩٠١-٠١ کارەبا ا ٢٠١٩ ا KW ٢٠٥ ا

سیامندمحمدصالح

دادنووسی یەکەمی کەلار

٩ / ١٢ / ٢٠١٩

***

دادگای باری کەسێتی لە کەلار

ژمارە: ٩٩٥/ش/٢٠١٩

ئاگادارى

بۆ داوالەسەرکراو/ سەروەت عزت عزیز ا

داواکار (بریڤان بهرام قادر) داوای ژمارە (٩٩٥/ش/٢٠١٩) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت وە تیایدا داوای (تفریق للضرر) دەکات. بەپێی مادەی (٤٠) لە یاسای باری کەسێتی لەبەر ئەوەی ئێوە نیشتەجێبوونت نادیارە بە پێی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بە پێی اشعاری ئەنجومەنی/ کەلار / گەڕەکی شەهیدان بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە ئاگادارکردنەوەت لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆی بە مەبەستی ئامادەبونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی (٢٠١٩/١٢/١٧) کاتژمێر (٩:٠٠)ی بەیانی بۆیە پێویستە لە ڕۆژی دیاریکراودا ئامادەبیت یان بریکارێك لە جێگاکەت ئامادەبێت بە پێچەوانەوە ئەا دادبینی بە شێوەی پاشملە دەرهەقت ئەنجام دەدرێت.

دادەوەر/ پروین علی احمد

***

دادگای باری کەسی هەولێر

ژمارە:٦٥/ت/٢٠١٩

رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١١

جاردان

ئەم دادگایە هەڵدەستێ بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (٤٩٦٨٤/هەولێر) جۆری (اومیگا) مۆدیل (١٩٩٢) ڕەنگی (نیلی) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (کاکەمند صابر عبدالله) لە ڕۆژی (٢٠١٩/١٢/٢٤) کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ جا هەر کەسێك دەیەوێت بەشداری کڕینی بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاری کراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت, وە ئۆتۆمبێلەکە خەملاندراوە بەنرخی: ٣,٠٠٠,٠٠٠ سێ ملیۆن دینار).

دادەوەری یەکەم / دیار محمد علی

***

پارێزگەها دهوکێ/ کارگێریا خوجهی

رادگەهینیت بو هەبوونا سەرئیك کێم کرنەکا نهێنی بو پروژێ (چێکرنا رێکێت (١١) گوندا سەر ب ناحیا ئەلقوش ڤە) (٢٨) CODE بهایێ تەندەری ٣٠٠,٠٠٠ سێ سەد هزار دینار/ بو کومپانییێن بیناسازی ژ پلە ١ تاکو ٤.

ئەڤ سەرئیك کرنە لدیف رێنماییێن جێبەجێکرنا گرێبەستێن گشتی یا ژمارە (٢) یا سالا (٢٠١٦) ب شێوی ڤەکری دهێتە ئەنجام دان بو هەمی کومپانییێن خودان شیان بو ڤی پروژەی

ئەڤجا هەر کومپانیا بڤێت پشکداریێ بکەت بلا سەرەدانا (کارگێریا خوجهی ل دیوانا پارێزگەهێ) بکەت بو وەرگرتنا تەندەر و مەرج و ساخلەتێن تایبەت ب کاری ڤە و دیاهێنك ژڤان بو فروتنا تەندەران ٢٠١٩/١٢/١٩

بو زانین سەرئێك کێم کرن ل دیف دەم و جهێ دیارکری دێ هێتە ئەنجامدان:

- روژ (دوو شەمبی)
- رێکەفتی (٢٠١٩/١٢/٢٣)
- دەم ژمێر (١٢ نیڤرو)
- جهـ: دیوانا پارێزگەهێ

عثمان یونس عثمان

جێگرێ پارێزگاریێ دهوکێ

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا ا

ژمارە: ٢٢١١١

رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٠

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (نسور) بۆ بەڵێندەرایەتی گشتی/سنوردار) پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (نسور) بۆ بەڵێندەرایەتی گشتی/سنوردار)

لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٢/٨) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (نجاة اسماعیل صالح) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٢/٩

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا ا

ژمارە: ٢٠٨٣٧

رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٢١

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (Entersol) بۆ بازرگانی گشتی و کەل و پەلی ئەلیکترۆنی/سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (Entersol) بۆ بازرگانی گشتی و کەل و پەلی ئەلیکترۆنی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١١/٩) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (دەرباز غازی کاکل) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١١/٢١

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا ا

ژمارە: ٢٢١٣٤

رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٠

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (GRIT) بۆ بارزگانی گشتی/سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (GRIT) بۆ بارزگانی گشتی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٢/١٠) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (نوح بدرالدین علی) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٢/١٠

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا ا

ژمارە: ٢١٦٣٨

رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٤

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (I.E.S) بۆ خزمەتگوزاری لۆجیستی/سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (I.E.S) بۆ خزمەتگوزاری لۆجیستی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٢/١) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (هیوا مولانا خالد محمد) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٢/٤

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا ا

ژمارە: ٢١٧٤٦

رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٥

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (ئەی. س. خا A.S.KH)

بۆ گواستنەوەی کەل و پەل/سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (ئەی. س. خا A.S.KH) بۆ گواستنەوەی کەل و پەل/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٢/٢) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (هیوا مولانا خالد محمد) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٢/٥

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا ا

ژمارە: ٢٢١٩٧

رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١١

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (تانین) بۆ ڕاهێنان و ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی- بازرگانی ئابوری/سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (تانین) بۆ ڕاهێنان و ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی- بازرگانی ئابوری/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٢/١٠) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (راستگۆ محمد علی محمد) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٢/١١

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

پارێزگەها دهۆکێ
کارگێریا خوجهی/ ڕێڤەبەریا گرێبەستان
ژمارە: ٢٤٧٠
ڕێکەفت: ٢٠١٩/١٢/١١
ئاگەهداری
پارێزگەها دهۆکێ/ کارگێریا خوجهی ڕادگەهێنیت بو هەبونا سەرئیك کێم کرنەکا نهێنی بو پروژێ (ئەگوهاستنا و بارکرن و دانانا کەرەستێ ئاوزەی ل سنورێ دهۆکێ) بو کومپانیای گشتی یا دروستکرنا دان و دکاکا دهۆکێ (٣٠) CODE بهایێ تەندەری (٢٩) CODE بهایێ تەندەری ٣٠٠,٠٠٠ سێ سەد هزار دینار/ بو کومپانیێن تایبەت مەند د بواڕێ دابین کرن و ڤەگوهاستنا بەرهەمێت سوتەمەنی.
ئەڤ سەرئیك کرنە لدیف ڕێنمایێن جێبەجێکرنا گرێبەستێن گشتی یا ژمارە (٢) یا سالا (٢٠١٦) ب شێوی ڤەکری دهێتە ئەنجام دان بو هەمی کومپانیێن خودان شیان بو ڤی پروژەی
ئەڤجا هەر کومپانیا بڤێت پشکداریێ بکەت بلا سەرەدانا (کارگێریا خوجهی ل دیوانا پارێزگەهێ) بکەت بو وەرگرتنا تەندەر و مەرج و ساخلەتێن تایبەت ب کاری ڤە و دیاهێك ژڤان بو فروتنا تەندەران ٢٠١٩/١٢/١٩
بو زانین سەرئێك کێم کرن ل دیف دەم و جهێ دیارکری دێ هێتە ئەنجامدان:
- ڕۆژ (دوو شەمبی)
- ڕێکەفتی (٢٠١٩/١٢/٢٣)
- دەم ژمێر (١٢ نیڤرو)
- جهـ: دیوانا پارێزگەهێ
عثمان یونس عثمان
جێگرێ پارێزگاریّ دهۆکێ
***

پارێزگەها دهۆکێ
کارگێریا خوجهی/ ڕێڤەبەریا گرێبەستان
ژمارە: ٢٤٧١
ڕێکەفت: ٢٠١٩/١٢/١١
ئاگەهداری
پارێزگەها دهۆکێ/ کارگێریا خوجهی ڕادگەهێنیت بو هەبونا سەرئیك کێم کرنەکا نهێنی بو پروژێ (ئەگوهاستنا و بارکرن و دانانا کەرەستێ ئاوزەی ل سنورێ دهۆکێ) بو کومپانیای گشتی یا دروستکرنا دان و دکاکا دهۆکێ (٣٠) CODE بهایێ تەندەری (٢٩) CODE بهایێ تەندەری ٣٠٠,٠٠٠ سێ سەد هزار دینار/ بو کومپانیێن تایبەت مەند د بواڕێ دابین کرن و ڤەگوهاستنا بەرهەمێت سوتەمەنی.
ئەڤ سەرئیك کرنە لدیف ڕێنمایێن جێبەجێکرنا گرێبەستێن گشتی یا ژمارە (٢) یا سالا (٢٠١٦) ب شێوی ڤەکری دهێتە ئەنجام دان بو هەمی کومپانیێن خودان شیان بو ڤی پروژەی
ئەڤجا هەر کومپانیا بڤێت پشکداریێ بکەت بلا سەرەدانا (کارگێریا خوجهی ل دیوانا پارێزگەهێ) بکەت بو وەرگرتنا تەندەر و مەرج و ساخلەتێن تایبەت ب کاری ڤە و دیاهێك ژڤان بو فروتنا تەندەران ٢٠١٩/١٢/١٩
بو زانین سەرئێك کێم کرن ل دیف دەم و جهێ دیارکری دێ هێتە ئەنجامدان:
- ڕۆژ (دوو شەمبی)
- ڕێکەفتی (٢٠١٩/١٢/٢٣)
- دەم ژمێر (١٢ نیڤرو)
- جهـ: دیوانا پارێزگەهێ
عثمان یونس عثمان
جێگرێ پارێزگاریّ دهۆکێ
***

پارێزگەها دهۆکێ
بەرێوەبەرایەتیا گشتی یا ئاڤدانێ و ئاڤدێریا دهۆکێ
ژمارە: ٢٠١٩/٢٠١١
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/١١
راگەهاندن
بیار هاتە دان ب فروتنا پشکێن قەردار (دلشاد اسماعیل حسن) ژ مولکێ ژمارە (١٤٩٧/١) کەرتێ (٨٤/بروشکی) کو دبنە (٣٩٢٠٤٠ سهم) ژ (٦٦٥٢٨٠ سهم) ودکەڤیتە (دهوك) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر (دلشاد رمضان حسن) بکوژمێ (١٥١٢٠٠٠٠) پازدە ملیون وسەد وبیست هزار دینار هەر کەسێ بڤێت بکریت سەردانا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (١٥) پازدە روژا کو دەست پێ دکەت ژ روژا پشتی راگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕیژا (١٠٪) ژ کوژمێ خەملاندی یی پشکا قەرداری بتنی کو دبیتە (١٨٣٨٥٧١٤٢) سەد وهەشتێ وسێ ملیون وهشت سەد وپێنجی وحەفت هزار وسەد وچل ودوو دینار دگەل ڕەگەزناما عیراقی بو زانین ڕە سێ تومارکرنێ وەدلالیەت لسەر بکری یە سالوخەت : جە وژمارە دهوك (١٤٩٧/١) کەرتێ (٨٤/بروشکی)جور پێك هاتیە ژ خانیێ ئاکنجیبوونێ سنور وسالوخەت پێك دهێت ژ دوو نهومان یا ئەردی پێك دهێت ژ چار دکانا ویا دووێ پێك دهێت ژ دوو خانیان خانیێ ئێکێ پێك دهێت ژ شوقەیەکا ئاکنجیبوونێ وپێك هاتیە ژ ژورەکا نشتنێ وژورا پێشوازیێ وهول وپێکهاتێن ساخلەمیێ وخانیێ دووێ پێك دهێت ژ سێ ژوریّن نشتنێ وپێکهاتێن ساخلەمیێ روبەر هەمی (٢ ئولك و٢٣,٨٨م٢) م٢ کوژمێ خەملاندی پشکا قەرداری بتنێ (١٨٣٨٥٧١٤٢)سەد وهەشتێ وسێ ملیون وهشت سەد وپێنجی وحەفت هزار وسەد وچل ودوو دینار
هاریڤان ایوب عبدالله / جێ بەجێ کاری داد
***

وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان
بەرێوەبەرایەتی گشتی وەرزش
بەرێوەبەرایەتیا ژمێریاری
ژمارە: ١٠٧٦
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١١
ئاگاداری
وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان/ بەرێوەبەرایەتی گشتی وەرزش هەڵدەستێت بە بەکرێدانی مەڵەوانگەی داخراوی هەولێر لە شەقامی شێست مەتری نزیك هۆڵی زەرد بۆ ماوەی (٣) سێ ساڵ بەپێی یاسای (٣٢) ساڵی (١٩٨٦) فرۆشتن و بەکرێدانی مۆڵکی گشتی هەر کەسێك ئارەزووی بەشداریکردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەردانی بەرێوەبەرایەتی گشتی وەرزش بکات کە دەکەوێتە شەقامی شێست مەتری نزیك هۆڵی زەرد.
تێبینی/ بۆ بەشداریکردنی لە زیادکردنی ئاشکرا بەبڕی (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی و دەبێت کەسی بەشداربوو لە ٢٠٪ نرخی خەملێندراو وەك بارمتەی یاسایی لە ڕۆژی زیادکردنی ئاشکرا لەگەڵ خۆی بێنی ڕۆژی زیادکردنی ئاشکرا دوای (٣٠) ڕۆژ دەبێت دوای بڵاوکردنەوەی لەکاتژمێر (١٠) بەیانی.
د. شاکر احمد سمۆ
بەرێوەبەری گشتی وەرزش
***

بەرێوەبەرایەتی گشتی ئاو و ئاوەڕۆ
بەرێوەبەرایەتی ئاوی هەولێر
کارگێری و خۆیەتی
ژمارە: ٦٠١٦/ ٨٠١
بەروار: ٢٠١٩/١٢/١٠
بۆ بەرێز/ (محمد حسن رسول)
فەرمانبەر لە یەکەی تڕۆمپاکان ترساندن
لەبەر پابەندنەبوونت بەدەوامی فەرمی خۆت لە بەرواری ٢٠١٩/١٢/١ تاکو ئێستا بەبێ هیچ هۆیەك بۆیە ترساندنت ئاڕاستە دەکەین کەوا بگەڕێیەوە سەر کاری خۆت بۆ ماوەی (٧) ڕۆژ ئەگەر لەناو هەرێمی کوردستان بیت وە ماوەی (٣٠) ڕۆژ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بیت بەپێچەوانەوە کۆتایی بەراژەکەت دەهێنین بەپێی یاسای ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستانی عێراق ژمارە (١) لە ٢٠٠٢/١/١٠.
ئەندازیار/ ئاری احمد قادر
بەرێوەبەری ئاوی هەولێر
***

بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر
بەشی کاروباری یاسایی و گرێبەستەکان
ژمارە: ٢٦٦٠٤
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٠
ئاگاداری
کەمکردنەوەی نهێنی
بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی کەمکردنەوەی نهێنی (جاری دووەم) بۆ پرۆژەی (دابینکردنی ڕوون لە جۆری (Ci٤- W ١٥ ٤٠) (١٠ W ٤٠) (٥ W ٣٠) بۆ سەرجەم ئۆتۆمێل و مۆلیدەکانی بەرێوەبەرایەتیەکەمان بۆ ماوەی یەك سال جا هەر بەلێندەرو کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر/ بەشی یاسایی و گرێبەستەکان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لە تەندەرو مەرجەکانی پرۆژەی سەرەوە بە مەرجێك وەرگرتنەوەی ئەو تەندەرانە دەبێ لە ناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەلێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نوسراوبێت و پێشکەش بە بەشی گرێبەستەکان لە دیوانی بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر بکرێ وە دواکاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١١)ی نیوەڕۆ ڕۆژی (سێ شەممە) ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/٢٤ دەبێت وە مەرج نییە بەرێوەبەرایەتیەکەمان بە نزمترین نرخی تەندەر ڕازی بێت.
تێبینی: نرخی تەندەر (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینارە.
دکتۆر/ چەتۆ محمدامین محمد رشید
بەرێوەبەری گشتی/ بەوەکالەت
***

بەرێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر
ژمارە:٢٠١٦/٣٥٠٨
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٤
ئاگاداری
بۆ قەرزار (محمد اوغوز)
شوێنی نیشتەجێ نادیار
لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێتان و نیشتەنی هەمیشەیی یا کاتی هەڵبژێردراوتان نییە بۆ پێ ڕاگەیاندنتان لەبەر ئەوەی بەپێی مادەی (٢٧) ی یاسای جێبەجێکردنی بڕیار درا لە ڕێگای ڕۆژنامەیەکی ناوخۆ ئاگادار بکرێنەوە بەبڕیاری فرۆشتنی بنبڕ (الاحالة القطعية) لەسەر ٦٠٪ لەبەشی قەرزار مولکی ژمارە (D-٥-٣-٣) بەبڕی (٤٣,٢٠٠,٠٠٠) ملیون دینار لەسەر داوای خاوەن قەرز (شمال صدیق احمد) کە دەکاتە (١٣٠٠٠٠٠٠٠) ملیۆن دینار وە جێبەجێکردنی ئەحکامی مادەی ٩٧ لەیاسای جێبەجێکردن بریار درا بە ڕاگەیاندنتان بەم ئیحالەیەی سەرەوە بۆ دانەوەی بڕی پارەی قەرزی سەرەوە لە ماوەی (١٠) دە ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە لە ڕۆژنامەی ناوخۆ وە لەکاتی ئامادە نەبوونت ئەم بەرێوەبەرایەتییە هەڵدەستێت بەجێبەجێکردنی زۆری بەپێی یاسا.
جێبەجێکاری داد / هەردی حمدامین همزه
***

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (GRIT) بۆ بارزگانی گشتی/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (نسور) بۆ بەلێندەرایەتی گشتی/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (Entersol) بۆ بازرگانی گشتی و کەل و پەلی ئەلیکترۆنی/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (ئەی. س. خا A.S.KH) بۆ گواستنەوەی کەل و پەل/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (I.E.S) بۆ خزمەتگوزاری لۆجیستی/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (تانین) بۆ ڕاهێنان و ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی- بازرگانی ئابوری/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی و خۆیەتی/ میلاکات
ژمارە: ١٥٩١٣/١٠٠
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٠
بۆ/ بەڕێزان لەسەرۆکایەتی شارەوانی عەنکاوە
١- ناوی سیانی/ ریتا خمو عودیش ناونیشان ف. خزمەت گوزاری پێشکەوتوو ڕێکەوتی تەواوبوونی مۆڵەتی بێ مووچە/ ٢٠١٩/١١/١٦.
٢- ناوی سیانی/ شیلان ساکا شمعون ناونیشان ف. خزمەت گوزاری پێشکەوتوو ڕێکەوتی تەواوبوونی مۆڵەتی بێ مووچە/ ٢٠١٩/١١/١٦.
٣- ناوی سیانی/ ساره عماد الدین وعدالله ناونیشان ئەندازیار ڕێکەوتی تەواوبوونی مۆڵەتی بێ مووچە/ ٢٠١٩/١١/٢.
٤- ناوی سیانی/ لیث عبدالمسیح فرنسیس ناونیشان تێبینەری هونەری ڕێکەوتی تەواوبوونی مۆڵەتی بێ مووچە/ ٢٠١٩/١١/٢١.
ئاگادارکردنەوە
لەو ڕێکەوتانەی کە بەرامبەر ناوەکانتان دیاری کراوە مۆڵەتی بێ مووچەتان تەواو بووە تاکو ئێستا دەستان بەکارنەکردۆتەوە ئاگادارتان دەکەینەوە لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژ ئەگەر لەناو هەرێمی لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێمی لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە ڕۆژنامەی خەبات دەست بەکار بکەنەوە بەپێچەوانەوە کۆتایی بەراژەتان دینین.
ئەندازیار/ نەبەز محی الدین نافذ
بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکانی هەولێر
* * *
دادگای باری کەسی هەولێر/٥
ژمارە:٥٥٨٠/ش/٢٠١٩/٥
ڕێکەوت:٢٠١٩/١٢/١٠
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (فرياد ياسين عزيز)
شوێنی دانیشتنت نادیارە.
داواکار/ شیلان محمد کریم داوای ژمارە (٥٥٨٠/ش/٢٠١٩/٥)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای تثبیت حضانة دەکات لە تۆ وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت بەپێی اشعاری مختاری هەولێر – گەرەکی ٧ی حسارۆك بۆیە دادگا بریاری دا بەپێراگەیاندنت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/١٢/٣١, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بە شێوەی ئاشکرا و پاشملە.
دادوەر/ پەژار عبدالله نصیف
* * *
فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هە و لێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/١٢/٨
بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (ادریس حسن عبدو) لە بەرواری ٢٠١٩/١٢/٥ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانداوە لە (پ.باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس / شوان فوزی زکی
ئامێرەکان:
١- مشاری سنی سلایت بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤,٥.
٢- پرێسی کەپسکردنی دار بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠.
٣- دوو کۆمپرێسەری هەوایی بێ ژمارەن دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢*٢ گەورە
٤- لێدانی لەزگەی P.V.C لە ڕۆخی دار بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٥.
٥- دوو دانە کەتەری بڕینی دار بێ ژمارە دروستکراوی ئەڵمانی و تورکی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٠,٥٠.
٦- دەبڵی سافکردنی دار ژمارە/ ٧١K٠٨٦ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤,٥.
٧- فرێزەی نەقش و کونکردنی دار بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢,٥.
٨- مۆلیدەی کارەبایی گاز فەرگەسۆن بێ ژمارە دروستکراوی ئینگلیزی مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی گاز توانای K.V.A١٠٠.
* * *
ڕێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانییا
ل پارێزگەها دهوکێ
بەشێ مولك و زەڤی و زار
ژمارە: ٣٩/٣٠٠/١/١
ڕێکەفت: ٢٠١٩/١٢/٣
ئاگەهداری
لدویف یاسا فروتن و کرێکرنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ یا سالا ١٩٨٦ و ئەو دەستورکارێن لسەر ڤی بابەتی هاتینە دان لێژنا فروتن و کرێکرنا دوویێ رادگەهینیت کو سەرئیك زێدەکرنەکا ئاشکەرا یا هەی ژبو کریا حانوت (کشك) دناڤ باخچە و یاریگەها زاروکا کەرتێ (٦٤) کەلەکچی ب روبەرێ ٩م٢ لسەر پارچە زەڤیا ژمارە (٣/١) بو ماوێ (٢) سالا هەر کەسێ بڤێت پشکداری یێ دڤێ سەرئیك زێدەکرنێدا بکەت بلا داخوازێت خو دگەل دابینکرنێ کو کێمتر نەبیت ژ ٢٠٪ ژبهایێ خەملاندنێ پێشکێشی سەروکاتیا باژێرڤانیا کەلەکچی بکەت د ماوێ ٣٠ سیە ڕوژا دا ژ بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د ڕوژنامێ دا و ئەڤ سەرئیك زێدەکرنە دێ هێتە کرن ل سەروکاتیا باژێرڤانی یا کەلەکچی دەم ژمێر دوازدەی نیڤرۆ و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ ئاگەهداری یێ و هەمی خەرجێت بێتڤی دێ کەڤنە ستوێ وی.
ئەندازیار/ دیار بحری رسول
ڕێڤەبەرێ گشتی
* * *
دادگای بەرایی هەولێر/٥
ژمارە: ٢٦٦٣/ب/٢٠١٩/٦
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١١
پێڕاگەیاندن
بۆ داوالێکراو (بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای (TEAMPRO-IRAQ) بۆ بازرگانی گشتی سنوردار سەرەڕای کارەکەی) داواکار (بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای CARRIERS) (LOGISTICS(OFF SHORE)SAL سەرەڕای کارەکەی داوای ژمارە (٢٦٦٣/ب/٢٠١٩/٦)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر (بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای ((TEAMPRO-IRAQ) بۆ بازرگانی گشتی سنوردار سەرەڕای کارەکەی)وە لە بەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری هەولێر ناحیەی عەنکاوە (گەرەکی ئاشتی و مارت شمونی) لە ٢٠١٩/١٠/٢٤ بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێڕاگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/١٢/٣٠) کاتژمێر ٩ی بەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/حسین علی محمد
* * *

Crescent Petroleum

Job Vacancy

Position Title	**Procurement Officer**
Direct Supervisor	Procurement Supervisor
Department	Supply Chain
Job Location	Khormor – Kurdistan region of Iraq
Job Reference: PO/SC/Dec /19	

Job Summary and Scope of Responsibilities

MAJOR FUNCTIONS

Handle a wide and complex variety of procurement duties related to material and equipment purchases. The role requires a good technical and commercial experience in order to be able to perform purchasing activities from local and international sources.

Primary Duties and Responsibilities

ESSENTIAL FUNCTIONS

1. Focal point to receive Materials and Service Requests (MR), conducting procurement functions in response, following all company policy and requirements.
2. Carry out procurement function in a professional and ethical manner ensuring that all Materials Requests and deadlines are met in line with defined work-scopes and time lines.
3. Ensure all procurement activities fully comply with company's Code of Business Conduct.
4. Compile Procurement/MR documents obtain relevant approval, and coordinate with Warehouse/Inventory Control and Supply Chain & Contracts Manager to decide on procurement.
5. Issue RFQs, bid tabulation, bid clarification, Negotiate price and delivery for the procurement of materials and award purchase orders for the supply of materials under approval with Procurement Supervisor /Supply Chain Manager.
6. Record progress on Procurement Status Report (PSR), update the relevant status in established platform form.
7. MR management including liaison with Sharjah SCM and expediting.
8. Discuss with Procurement Supervisor/SCM Manager and suppliers on performance issues and providing feedback.
9. Maintain purchase order records.
10. Upon delivery and completion of Purchase Order, close out purchase order files and archive documents under coordination with Inventory Controller/SCM Information System Supervisor.
11. Facilitate communication with end-user departments, allied disciplines and functions on procurement activities.
12. Provide support and guidance to Procurement Officer Trainees and assist with their development.
13. Local Vendor development and conducting due diligence to identify potential local source of supply.
14. Provide support and technical assistance to other members of the Supply Chain Team such as Warehouse and Inventory Control.
15. Liaison with Inventory Control / Warehouse to resolve any Supplier issues, such as OS and D's (Overages/Shortages and Damage Reports).
16. Assist with the resolution of Supplier invoice queries.

Reporting and Communication

Would be working closely with Supply Chain Team (i.e. Supply Chain & Contracts Manager, Procurement Supervisor, SCM Team Sharjah, Sr. Supervisor., Warehouse Supervisor, End-user Departments, Account Payable, Suppliers, and Contractors).

Decision–making Authority

Will be DOA for Procurement Supervisor, when required.

Working and Other Reporting Relationships

Procurement Supervisor/ Supply Chain & Contracts Manager	Frequent/daily

Supervisory Responsibility

Supervise Trainee Procurement Officers, and must be capable and willing to mentor others

Minimum Educational, Technical Qualifications/Certifications Required

Bachelor's degree / Diploma certification preferably in related discipline.

Minimum Professional Experience Required

Minimum (2) years' experience as Procurement Officers in an Oil & Gas industry.

Crescent Petroleum

Special Requirements and Conditions

Excellent interpersonal skills, works well with others, is courteous and understanding of other cultures.

Competencies/Knowledge, Skills and Abilities

Core Competencies	Behavioral Competencies	Functional Competencies
• Excellent proficiency in Excel and Word. • Excellent communication (written & verbal skills) in English. • Commitment to continuous learning • Excellent understanding of the company business • Self – motivated • Ability to meet deadlines • Knowledge sharing	• Ability to deal with individuals from various educational and ethnic backgrounds • Team worker • Making appropriate decisions with minimum supervision • Ability to demonstrate honesty, integrity and confidentiality • Flexibility • Alertness and attention to details Analytical skills	• Handle a wide and complex variety of procurement duties related to material and equipment purchases. • Be able to perform purchasing activities from local and international sources Extensive knowledge in projects, project planning execution and critical paths / float.

Please submit your CV to our office addresses as below, no later than 19 December 2019:

1- Erbil, Gulan Park Tower, Floor 5th.
2- Sulaymaniyah, Qaiwan Tower, Floor 16th.

OR

e-Mail it to us at: jobs_cpdg@crescent.ae (Kindly mention in the Subject of your E-mail the Job title and Job reference which is Procurement Officer, Ref: PO/SC/Dec/19)

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/12/12 ژمارە (5891)
خەبات

بتهۆڤن: لەو ماوەیەدا شۆخ و شەنگێک خزاوەتە نێو ژیانم زۆر لەخەمەکانی لە بیر بردومەتەوە



حەیدەر عەبدولڕەحمان

تا ئێستاش گەلێک نهێنی هەن لەژیانی گەورە موزیک ژەنی ئەڵمانی (بتهۆڤن) بەشاراوەیی ماونەتەوە و ناوە ناوە تۆزێرەکان لەسەری دەوەستن و ئاشکرایان دەکەن، ئەوەتا گەورەترین زانکۆ زانستی و هونەرییەکانی جیهان، تائێستاش سەرقاڵی بەرهەمهێنانی گەلێک لەو نهێنیانەن لەژیانی ئەو پیاوە موزیک ژەنە بلیمەتە کە میتۆوویەکی بۆ موزیکی ئەڵمانی و جیهانی دروست کرد، ڕەنگە بۆ زۆر لە بنیادەمەکانی خوا ئاستەنگ بێت.

زاناکان لەرێگەی کارە هونەرییەکانی توانیوویانە شیکردنەوەیەکی زانستی بۆ کەسایەتی بتهۆڤن بکەن و زۆر نهێنی تازەی لێبوە هەڵێنجن، لەلایێکی دیکەوە تا ئەو دەمەی ئێستاکەش سیدییە موزیکیەکانی هەموو ساڵێک ژمارەیەکی پێتوانەیی بەدەست دێنن لەرووی داهاتەوە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە بتهۆڤن لەرابوردوو لەئێستاو ئایندەشدا یەکێکە لەپڕ گوێگرترین موزیک ژەن لەجیهاندا، ئەوەتا تۆژەرێکی وەک (ماینارد سۆلمۆن) ی پسپۆر لەبواری میتۆووی موزیک دەڵێت: بتهۆڤن هیچ چرکەیەکی لەژیاندا بە بێ داهێنانێکی نوێوە بەرێ نەکردووە، بۆیە ئەو تەمەنەی هەیبووە، بەشی تۆمار کردنی داهێنانەکانی ئەوی نەکردووە، ئەو ئەشقەشی لە باوکە موزیک ژەنەکەیەوە بۆ دروست بوو، کە موزیک ژەنێکی کۆشکی پاشایەتی بووە لەبۆن و هەمیشە نهێنییەکانی هونەری موزیکی بۆ بتهۆڤن شرۆڤە دەکردو ئاواتی ئەوەی بۆ کوڕەکەی دەخواست کە ڕۆژێ لە ڕۆژان ببێت بە مۆزارتی دووەم.

بەڵام ئەوەی مایەی نیگەرانی بووە لای بتهۆڤن ئەوە بووە کە ئەو باوکەی پیاوێکی شەراب خۆر بووە و نەیتوانیووە ژیانی خۆی بۆ موزیک تەرخان بکات وەک کوڕە ئاشقەکەی، بۆیە بتهۆڤن لە یاداشتەکانی خۆیدا ئاماژە بەوە دەکات کە دایکی وەک باوکی نەبووە، بەڵکو دایکێکی بەسۆزو پڕ لە میهری هەبووە کە هەمیشە وەک هاوڕێیەک هەڵسو کەوتی لەگەڵ کوڕەکەی دا کردووە و گوێ ی لە بەرهەمەکانی گرتووە و هانی داوە بۆ هونەر، بۆیە بتهۆڤن هەر لەتەمەنی هەشت ساڵیەوە وەک موزیک ژەنێکی لێهاتوو ناسراوەو ساڵی 1778یەکەم کۆنسیرتی موزیکی خۆی نمایش کردووە، بۆیە مامۆستاکەی بۆی دەنووسێت و دەڵێت: ئەگەر ئەو کوڕە گەنجە لاوە بەم شێوەیە بەردەوام بێت، ئەوە لەماوەیەکی زوودا دەبێتە مۆزارتی سەردەم، هەتا مۆزارت خۆی لە دانیشتنێکا لە گەڵ هاوڕێکانی ئاماژەی بە بتهۆڤن کردووە و گوتوویەتی: ناوێک هەیە لەبیرتان نەچێت .. بتهۆڤن .. کە دڵنیام لەئایندەدا شۆنێکی دیاری دەبێت لەجیهانی موزیکدا . ئەوەی کەمتر لەهەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ژیانی بتهۆڤن دا تیشکی خراوەتە سەر لایەنی سۆزداریبە لەژیانی ئەو موزیکژەنە بلیمەتە.


ئەوەتا دوای ئەوەی بتهۆڤن بەرهەمەکانی لەشارەکانی ئەڵمانیاو نەمسا نمایش کەهەواداڕەکانی زۆر بوون، یەکێ لەوان ئەو پەیوەندییە سۆزداریبە بوو کە لەگەڵ (ئانا ماری ئیرودی) هەیبوو، کە بتهۆڤن یەکێ لەنێزیاکانی (موزەخانەی عەدەم) ی پێشکەش بەچاوەکانی ئەو کرد، ئەگەرچی دواتر پەیوەندییەکانیان زۆر جاران تیک دەچوو، بەڵام (ئانا) زوو زوو پەشیمان دەبۆوەو دەگەڕایەوە داوای لێبووردنی دەکرد ..

کاتێ بتهۆڤن لەمالەکەی خۆیدا لەساڵی 1827 لەڤیەننا مالئاوایی لەدنیادا کردووە هاوڕێکانی کەلو پەلەکانیان کۆکردەوە، لەوانەش سێ نامەی بەنرخی خۆشەویستی لە کتێبخانەکەی دا، لە زەرفێکدا هەڵگیرابوون لەسەریان نووسرابوو بۆ خۆشەویستە نەمرەکەم .. لێرەوە نهێنیە شاراوەکە سەری هەڵدا، نهێنیەک کەوەک پرسیارێکی بێ وەڵام مایەوە، ئایا خاوەنی ئەو نامانە کێیە، کە بۆتە سەرچاوەی داهێنانی بتهۆڤن و سۆز پێ بەخشینی؟

چۆن ئەو نامانە لەو کتێبخانەیەدا پارێزراون، ئایا گەیشتونەتە خاوەنەکانیان یان نا ؟

هەندێ لەنووسەرانی ئەوکاتە دەڵێن داب و نەریتی ئەو کاتەی ئەڵمانیا وا بووە کاتێ خۆشەویستیەک شکستی هێنابوایە، نامەکان ڕەوانە دەکرانەوە بۆ خاوەنەکانیان، بۆیە پرسیار ئەوەیە ئاخۆ ئەو نامانە لەو بابەتە بوونە یان نا ؟

ئەم پرسیارە بوو بەمایەی مقۆمقۆیەکی گەرم لە نێو تۆژەران، دواتریش لە ساڵی 1994بوون بەسەرچاوەی فیلمێکی ئەڵمانی بەناوی خۆشەویستی نەمر...لەتەمەنی سی ساڵیدا زۆر لەو ئافرەتانە هاتنە ناو ژیانی بتهۆڤن، بەتایبەت لەو قوتابیانەی کە ئەو فێری موزیکی پیانۆ ژەنینی دەکردن، لەوانەش سێ ئافرەت کەشایەستەی نازناوی خۆشەویستی نەمریان لێدەوەشایەوە، لەوانە(جولیتا جوشیاردی) (تیریزجوزیفین) (برۆنزفیک) (ئەنتوان شیندلر) کە نووسەری ژیانی بتهۆڤنە دەڵێت: ئەو خۆشەویستە نەمرەی بتهۆڤن ناوی بردووە، کێژۆڵەیەک بووە بەناوی (کونتیسە جولینا) لەپڕێکا دڵی بتهۆڤنی داگیر کردووە، ئەو کاتە تەمەنی شانزە ساڵ بووە و بتهۆڤنیش سی ساڵ بووە، لەگەڵ خێزانەکەی لەئیتاڵیاوە هاتبوون، زۆر بەموزیکەکانی بتهۆڤن سەرسام بووە، ڕۆمانسیەکان زۆر بەپەیوەندی خۆشەویستی



نازانی کە ئەو دوو ساڵەی دواییەنی ژیانم چەند خەمناک و خەفەتبار بوومە، ئەوەتا گوێم ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەکز بوندایە، وای لێ هاتووە لەبەر خەڵک ڕابکەم و نەمەوێ کەس ببینم، بەڵام لەو ماوەیەدا شۆخ و شەنگێک خزاوەتە نێو ژیانم کە زۆر لەخەمەکانی لە بیر بردومەتەوە، گەیشتومەتە ئەو باوەڕە کە ڕەنگە ئەگەر بیخوازم زۆرێک لە ئاسوودەیی و ئارامی بۆ ژیانم زامن بکەم ..

نێوان بتهۆڤن و(جولینا) سەرسام بوونە، بە تایبەت کاتی یەکێ لەپارچە موزیکەکانی (سۆناتای تیشکی خۆر) ی پێشکەش کردووە .

ساڵی 1801بتهۆڤن نامەیەک بۆ (ویگلەر) دەنووسێت و دەڵێت: قەت

ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمی ڕۆژهەڵات



ئا: ئەحمەد حاجی مەولود

فەرهەنگ و خەڵکناسی ئیمپڕاتۆریەتی بیزانس

ئیمپڕاتۆریەتی بیزانس بەهۆی ئەوەی کە ئەو ئیمپڕاتۆریەتە درێژەی ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمە، بەناوی ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمی ڕۆژهەڵاتیش ناو دەبردرا. لەسەردەمی بەهێزی خۆی لە ساڵانی 500 زایینی، ئەو ئیمپڕاتۆریەتە بریتی بوو لە باشور و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا.

خەڵکی "بازنتین" خۆیان بە ڕۆمی ناودەنا. سەرەڕای ئەوەی کە ئەوان نەوەی هۆزەکانی جیاواز بوون و بە زمانی یۆنانی قسەیان دەکرد. لەڕاستی دا وتەی بیزانس لە وشەی بازنتیوم، کە ناوێکی یۆنانی بۆ شارێکە، کە وەکو گەرووپەک ئەوروپا و بەشی ئاسیای تورکیەی پێکەوە دەبەستەوە سەرچاوە دەگرێ. یۆنانییەکان لە ناوەندەکانی ساڵانی 600بەر لە زایین بۆ ئەو شوێنە کۆچیان کردووە. ئەوە تەنانەت بەر لە هاتنی سەربازانی ئەلکساندەری گەورە بۆ ئاناتولیا لە ساڵی 334بەر لە زایین بووە.

فەرهەنگی یۆنانی تەنانەت بۆ ساڵانی دوای ئەوەی کە بووە بەشێک لە ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆم هەر پارێزراوبوو. دەست پێکردنی ئیمپڕاتۆریەتی بیزانس لەڕاستیدا کاتێکە، کە سوڵتان کونستانتینی گەورە، پایتەختی ڕۆمی گواستەوە بۆ کونستانتینابۆل (ئیستانبۆلی ئێستا) لە ساڵی 330 زایینی. ئەو ئیمپڕاتۆریەتە زیاتر لە 1000ساڵ درێژەی کێشا و لە کۆتایی لە ساڵی 1453کاتێک تورکەکانی عوسمانی دەستیان بەسەر کونستانتینابۆل داگرت، ناوەکەیان گۆڕی بۆ ئیستانبۆل.

بەشی دووەم

مەسیحییەکان دەسەڵاتێکی زۆریان لەسەر هونەری موسیقا و بیناسازی ئیمپڕاتۆریەتی بایزنتاین هەبوو. سەرەڕای ئەوەی کە ئیستانبول ناوەندی سیاسی ئیمپڕاتۆریەت بوو، ئەو شارە هەروەها ناوەندی فێرکردنی ئیمپڕاتۆریەت بوو و لەو شار بوو کە دەسەڵاتداران خوێندن و نووسین و زمانی یۆنانی فێر دەبوون. بۆیە لەو سەردەمەدا کارەکانی سەرسامهێنەری میتۆوویی، کۆمەڵایەتی و هونەر و نووسراوەکانی ئایینی هەبوو.

تەواوی هونەرە بینراوەکانیش لەو سەردەمە گەشەیان کرد. زۆربەی هونەرمەندانی ئەو سەردەمە وەکو کۆیلەکانی دەوڵەت و لەگەڵ ئایینزاکان کاریان دەکرد، بۆیە ناوبانگیان بەدەست نەهێنا. هەندێک لە توانا کانی ئەو مامۆستایانە بریتی بوو لە هەڵکەندنی ددانی فیل، دروستکردنی خاچ بەشێوازی بایزنتاین و دەستنووس بوو. تەواوی ئەوەی لە بیناسازی بیزانس ماوە، کلێساکانە لەگەڵ کاشیەکانی رازاوە و بیناسازی بێ هاوتاکەی. بێگومان یەکێک لە شاکارەکانی بیناسازی ئەو سەردەمە، هەر موزەخانەی ئەباسۆفیای ئێستایە.

بۆ ماوەی 1110ساڵ بیزانستیەکان توانیان ئیمپڕاتۆریەتی خۆیان بپارێزن. هەرچەند لەو سەردەمەدا ڕووداوەکانی ناوەوە و شەڕکردن لەگەڵ دوژمنانی دەرەوە، کەم کەم ئیمپڕاتۆریەتیان لاواز کرد تا لە کۆتایی تورکەکانی عوسمان بەسەری دا زاڵ بوون و ئیستانبول بگرن و ئیمپڕاتۆریەتی بیزانس لە نێو بەرن و سەردەمی نوێی حکوومەتی عوسمانی دابەزرێنن. هەرچۆنێک بێت کاریگەری ئیمپڕاتۆریەتی بیزانس بەسەر فەرهەنگ و بواری دیکە تا ئێستا درێژەی هەیە.

ئیمپڕاتۆریەت، ڕاوێژکارانی ئیمپراتوری و بۆرۆکراسەکان باسیلنوس (وشەی یۆنانی بە واتای پاشا) دەگوترا، بەهێزترین تاک لە ئیمپڕاتۆریەت دابوو. فرمانەکانی ئەو خۆبەخۆ دەبوونە یاسا و هیچ کەس لە ئیمپڕاتۆریەت دا نەیدەتوانی ئەو بجوڵابانەوە.

دابونەریتی بارەگای ئیمپڕاتۆریەت وەها پێچاوپێچ بوو، کە چەندین کتێب لەبارەیەوە نووسراوە.

ئیمپراتور تاقمێکی زێڕینی لە جەواهیر



هەروەکو لە ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆم، ئیمپڕاتۆر لە سەرووی حکوومەت و کۆمەڵگە دابوو، فەرمانڕەوای بیزانس کە یاسایانە بگۆڕێت. کەسانێک کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئیمپڕاتۆریەت بوون، دەبێ بەپێی یاساکانی زۆر سەختی ئەو لە سەر بوو و عەبایەکی سۆریشی لەسەر شانەوە بوو و کراسە گەورە ئاوریشمەکەی بە وێنەکانی ئەژدیهای زێڕی دروابوو. تەختەکەی لە زێڕ بوو و دوو ئەسپەکەی کە گالیسکەکەی ڕادەکێشا سەرتاپا لە زێڕ داپۆشرابوو. لە بەرامبەر تەختی ئیمپڕاتۆر داڕێک بوو، کە لە زێڕ داپۆشرابوو. لەو تەختە شێرێ گەورە کە پاسەوانی لێ دەکرد، کە لە دار دروست کرابوون و بە زێڕ داپۆشرابوون.

سوپای بیزانس

سوپا پشتگیری لە هەنگاوەکانی ئیمپڕاتۆر و حکوومەتی بیزانس دەکرد. سوپا (هێزی زەوی) گرنگترین بەشی سوپای بیزانس و هۆکاری سەرکەوتنی ئەو لە شەڕ و فێرکردن و ئامادەکاری بوو. سوپای پیادە شمشێری پۆلایین، نێزە و کەوان و سوارکارانیش تیر و کەوانی بەهێزیان هەبوو. گەورەترین سوپا، سوپای 120هەزار کەسی ئیمپراتور بوو. لە دوای ئەو، شەش سەرداری گشتی هەبوون، کە هەر کامیان بەرپرسی ناوچەیەک بوون. کۆنستانتینوپۆل تا ساڵی 1453 پایتەختی ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمی ڕۆژهەڵات بوو. دەسەڵاتدارانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم بەردەوام داکۆکیان لەسەر ئەوە دەکرد، کە دەوڵەتی بیزانس دەوڵەتێکی ڕۆژهەڵاتییە، بەڵام ئەوە بۆ دانیشتوانی ئەوروپا دروست بوو و بۆ دانیشتوانی ئیمپڕاتۆریەتی ساسانی یان هیند، بیزانس دەوڵەتێکی ڕۆژئاوایی هەژمار دەکرا. ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمی ڕۆژهەڵات بەسەر وڵاتانی لوبنان و سوریە و فەلەستین و میسریش زاڵ بوو.

دەربەگ

لە ئیمپڕاتۆریەتی بیزانس سروەت و سامان لە دەستی ژمارەیەکی کەم کۆکراوەتەوە، کە زۆربەیان پلە و پایەی حکوومەتیان هەبوو و ڕۆڵێکی گرنگیان لە جێگیربوونی دەوڵەتدا هەبوو. هەڵبەت پیشەکار و بلیمەتان شوێنی تایبەتیان لە ئیمپڕاتۆریەت هەبوو. بۆ نموونە کاتێک ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمی ڕۆژهەڵات زانی دەوڵەتی عوسمانی (سوڵتان محەمەدی عوسمانی) دەیەوێ هێرش بکاتە سەر قوستەنتینیە، بایەخی زۆری بە پیشەکاران، ئەوانەی چەک و تۆپ دروست دەکەن دەدا.

هێزی دەریایی بیزانس

هێزی دەریایی بیزانس گەلێک بچووکتر لە هێزی زەوی بیزانس بوو و تەنیا فەرماندەیەکی هەبوو، کە ڕاپۆرتی دەدایە ئیمپراتور. هێزی دەریایی بەسەر پاپۆڕەکانی شەڕکەر دابەش ببوو و لە هەر پاپۆڕێ سەد تا سێسەد سەربازی هەڵدەگرت. هێزی دەریایی بیزانس یەکێک لە یەکەم چەکەکانی نهێنی لە شەڕ لە خۆ دەگرت، کە ئاگرهاوێژی یۆنانی بوو.

قوستەنتەنیە

ئەو شارە لە جێگەی شاری کۆنی بیزانتیوم دروست کرابوو و نیمچە دوورگەیەکی سێ گۆشەی لە خۆ دەگرت، کە لە سێ لایەن بە ئاو دەورە درابوو و تەنیا لای ڕۆژئاوا، ملی نیمچە دوورگەکە وشکانی بوو. کە لەولاوە، قوستەنتینیە دیوارێکی هەبوو، لە بەرامبەر هێرشی دوژمنان دەپاراست. میتۆووزان ویل دورانت دەڵێ: لە ماوەی سەدەیەک لە دوای دروستبوونی قوستەنتینیە، ئەو شارە نزیکەی ملیۆنێک دانیشتووی هەبوو. ئەو شارە لە 5 کۆشکی پاشایی، 6کۆشکی تایبەت بە ئافرەتانی بارەگای پاشایەتی، 3کۆشک بۆ پلە بەرزەکان، 4338بینای دەرەبەگەکان، 322شەقام دروست کرابوو، کە هەزار دوکان، سەد شوێنی سەیران، کڵێساکانی رازاوە و زۆر جوان و مەیدانەکانی گەورەی لە خۆ دەگرت.

ڕووخان

لە ساڵی 1453زایینی، تورکەکانی عوسمانی کە بە هێزبوون و بڕیاریان دابوو، ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی بنیات بنێن، بەردەو قوستەنتینیە بەرێکەوتن. سوڵتانی عوسمانی، محەمەدی دووەم دەیویست کۆتایی بەو سەنگەرەی بەرگری لە بەرامبەر تورکەکان بهێنێت. ئیمپراتوری بیزانس لەو سەردەمەدا کونستانتینی یازدەیەم بوو، کە لە ساڵی 1449ببووە ئیمپراتور. تورکەکان بۆ ماوەی زیاتر لە یەک مانگ شارەکەیان بە هێزی زەوی، تۆپەکان و کەشتییەکان گەمارۆدابوو. لە کۆتایی لە 29مانگی مەی ساڵی 1453سوڵتان محەمەدی فاتح هێرشێکی هەمەلایەنەی دەست پێکرد و تورکەکان لە سێ لایەن هێرشیان کردە سەر شارەکە. شەڕ بۆ ماوەی چەندین کاتژمێر درێژەی کێشا، بەڵام تورکەکان بە یارمەتی قادرمەی زۆر بەسەر دیوارەکانی شارەکە کەوتن و بە ژمارەیەکی زۆری سەرباز بە قازانجی خۆیان بارودۆخەکەیان گۆڕی. هەزاران سەرباز لەگەڵ خودی کونستانتین لەو شەڕەدا کوژران. لە ساڵی 1770ی زایینی سوڵتان مستەفای سێیەم ناوەکەی بۆ ئیسلامبۆڵ (ئیسلام شار) گۆڕی.

ڕۆمیەکان بۆ ماوەی زیاتر لە هەزار ساڵ لە بەهێزترین دەوڵەتی سەردەم بوون، بەڵام کاریگەری ئەوتۆیان لەسەر فەلسەفە نەبوو، بگرە زمانی فەرمی ئیمپڕاتۆریەتی بیزانس هەر زمانی یۆنانی بوو.

سبەی لەخولی نایابی لاوانی کوردستاندا:

پ ێشمەرگەی سلێمانی و زێرەڤانی بۆ پێشەنگ دەجەنگن، هەولێریش میوانداری سیروانی شارەزوور دەکات



ئا: سەرهەنگ نەجمەدین

سبەی هەینی لە گەڕی هەشتەمی خولی نایابی لاوانی کوردستان بەشەش یاری گرینگ دەستپێدەکات، لەیەکەمین یاریدا لەیاریگای فرەنسۆ هەریری /2 ?هەولێر پێشوازی لەسیروانی شارەزوور دەکات، لاوانی هەولێر هەوڵی بردنەوەی یاریەکە دەدات ،بردنەوە بۆ هەولێر لەم کاتەدا زۆر گرینگ و پێویستە، بەتایبەتی لەکاتی بردنەوەدا هەولێر کۆی خاڵەکانی دەگەیەنێتە 11خاڵ و لەپلەی حەوتەم رزگاری دەبێت و چەند هەنگاوێک بەرەو پلەکانی پێشەوە دەروات، لەبەرانبەردا سیروانی شارەزوور لەپلەی نۆیەمدا جێگیر بووە و ئەمەیش بۆ خۆ دەربازکردن لەپلەکانی دواوە پێویستی بەبردنەوە هەیە تا چەند هەنگاوێک بچێتە پێشەوەی ڕێزبەندی خولەکە.

پێشمەرگەی سلێمانی لەنێو یاریگای خۆیدا پێشوازی لەزێرەڤانی پێشەنگ دەکات، ئەو یاریە بۆ هەردوولا گرینگییەکی زۆری هەیە لەزۆر ڕووەوە، بەتایبەتی بۆ زێرەڤانی کە لەیاریەکەی سبەی هەینی دا بەهەر نرخێک بێت دەیەوێت بەسەرکەوتن کۆتایی بەیاریەکە بهێنێت و پێشەنگ بۆخۆی قایمتر بکات، لەبەرانبەردا تیپی لاوانی پێشمەرگەی سلێمانیش بۆ گەیشتن بەپلەی یەکەم بەرانبەر زێرەڤانی هەموو هەوڵێکی خۆی دەخاتە گەڕ تا براوەی یاریەکە بێت و پێشەنگ بەم یانە چۆڵ بکات.

یاریەکەی هەردوولا تارادەیەکی زۆر بەهێز و هەستیار دەبێت، بۆیە واپێشبینی دەکرێت براوەی یاریەکە پێشەنگ بگرێت و دەرفەت بەیانەکانی دیکە نەدات بەئاسانی بگەنە ڕێزبەندی پلەی یەکەم.

پێویستە بگوترێ ئەم وەرزە یانەکانی زێرەڤانی وسیروانی نوێ و پێشمەرگەی سلێمانی ڕکابەری لەسەر پلەکانی یەکەم و دووەم دەکەن، بەڵام ئەوەی جێی هەڵوەستە کردنە هەر یەک لەیانەکانی هەندرێن و ئالا وشێروانە لەپلەکانی دواوەی خولەکەدا دەبیندرێن و ئەم وەرزە ئەم چەند یانەیە ئاستێکی باش لەیاریەکاندا پێشکەشیان نەکردووە کەببێتە جێی باسکردن.

سبەی ئەم یارییانەش ئەنجام دەدرێت:

زاخۆ *کۆیە

پێشمەرگەی هەولێر *سیروانی نوێ

شێروانە *هەندرێن

نەورۆز *ئالا

وان وەستایەک نیو سەدەیە داشی شەترەنج لە دار دروست دەکات

عەلی یابەی تەمەن ٦٩ ساڵ کە لە گوندی جەڤیزبەلەن سەربە قەزای باهچەسەرای لە پارێزگای وان دەژی، نیو سەدەیە داشی شەترەنج لە داری شمشاد Buxusدروست دەکات.

یەکێک لەو یارییانەی بەشێوەیەکی بەربڵاو هەر لە گەنجانەوە تاکو بە ساڵاچووان لە باهچەسەرای دەیکەن، شەترەنجە. وێڕای گۆڕانکارییەکانی سەردەم عەلی یابە بە هەمان چێژی جارانەوە بەردەوامە لە دروستکردنی داشی شەترەنج بەو ئامێرە لە دار و ئاسن دروستکراوەی سەردەمانێک باوی بوو.

یابە لە ماوەی ١٠ ڕۆژدا تەواوی دەستە داشەکانی شەترەنجێک لە لقە دارەکانی شمشاد دروست دەکات و بەمجۆرە بەردەوامی دەدات بەو شێوازە سەرەتاییەی دروستکردنی داش و هەروەها داهات بۆ خانەوادەکەی دابین دەکات.

ئەو وەستا دەسترەنگینەی داشی شەترەنج بە پەیامنێری ئاژانسی ئانادۆلۆی ڕاگەیاند کە ئەو پیشەیە ئەوی بە زیندوویی هێشتۆتەوە و گوتی: "جاران لە گوندەکەمان جگە لە دووماڵ، لەهەموو ماڵێکدا ئەو ئامێرە هەبوو. ئەو سەردەمە ئەمە کاری هەموو کەسێک بوو و داهاتێکی باشی هەبوو، بەڵام ئێستا کەس بەکاری ناهێنێت و ئەم پیشەیە نەماوە، بەڵام من هێشتا بەردەوامم لەو کارە و تا بشمێنم، وازناهێنم".

یابە نیگەرانی خۆی نەشاردەوە لەوەی گەنجان خۆیان فێری ئەم پیشەیە ناکەن و ئاوا بڕوا ئەم پیشەیە بە تەواوی لەناو دەچێت و گوتی: "ساڵانی پێشوو تاکو دەستە داشێکم تەواو دەکرد، ١٠ کەسی دیکە داوایان دەکرد بۆیان دروست بکەم. ئێستا خەڵک کەمتر داوا دەکات. زۆر خۆشحاڵ دەبم بەوەی گەنجان بێن و فێری ئەو کارەیان بکەم، تاکو ئەو پیشەیە لەناو نەچێت".



لە خولی نایابی کوردستان

ئەمڕۆ پێشمەرگەی هەولێر و سیروانی نوێ، زاخۆ و زێرەڤانی، برایەتی و دهۆک بەیەک دەگەن



کارزان کانەبی

لەمیانی یاریەکانی هەفتەی هەشتەمی خولی نایابی یانەکانی کوردستان لە قۆناخی یەکەمی خولەکە بڕیارە ئەمڕۆ پێنج شەمە شەش یاری گرنگ و بەهێز لە نێوان یانەکانی کوردستان بەرێوەبچێت، یانەی هەولێر لەسەر یاریگای شەهید فرەنسۆ هەریری لە یاریەکی بەهێزدا ڕووبەڕووی یانەی دهۆک دەبێتەوە بۆ ئەم یاریەش یاریزانانی هەردوو یانە ئامادەکاری باشیان کردووە بۆ ئەم پێشمەرگەی ڕێزبەندی یانەکان بهاوێت، لە پیرمامیش هەردوو یانەی پێشمەرگەی هەولێر و سیروانی نوێ یەکەمی ڕێزبەندی یانەکان ڕووبەڕووی یەکتری دەبنەوە، بۆ ئەم یاریەش کۆڕانی سەمیربابۆ دەیانەوێ بە ئاست و بە ئەنجام لەم یاریە زەحمەتە بێنە دەرەوە وسێ خاڵی یاریەکەش بکەنە دیاری هاندەرانیان و سنوورێک بۆ ئەنجامە باشەکان سیروانی نوێ دابنێن، سیروانی نوێش بەوپەڕی ئامادەکاری و وەرە بەزرییەوە گەشتی پیرمامی کردە و دەیەوێت بە ئەنجامی شایستەوە بگەڕێتەوە پایتەختی ڕۆشنبیری ئەم یاریەش بە یەکێک لە یاریە بەهێزەکانی ئەم هەفتەیە هەندرێنیش لەسەر یاریگای خۆی لە یاریەکی گرنگدا میوانداری یانەی سۆران دەکات، بۆ ئەم یاریەش یاریزانانی یانەی هەندرێن دەیانەوێ لەم هەفتەیە یەکەم سەرکەوتن لەسەر حیسابی یانەی سۆران بەدەست بهێنێت هەرچەندە ئەرکی زەحمەتە کاتێک سۆران ئەمساڵ یانەیەکی بەهێزە لە خولەکە، سۆرانیش دەیەوێ بە ئاست و ئەنجام لە یاریگا بێتە دەرەوە وهەنگاو بۆ پێشەوەی ڕیزبەندی یانەکان بهاوێت، لە پیرمامیش هەردوو یانەی پێشمەرگەی هەولێر و سیروانی نوێ یەکەمی ڕیزبەندی یانەکان ڕووبەڕووی یەکتری دەبنەوە، بۆ ئەم یاریەش کۆڕانی سەمیربابۆ دەیانەوێ بە ئاست و بە ئەنجام لەم یاریە زەحمەتە بێنە دەرەوە وسێ خاڵی یاریەکەش بکەنە دیاری هاندەرانیان و سنوورێک بۆ ئەنجامە باشەکان سیروانی نوێ دابنێن، سیروانی نوێش بەوپەڕی ئامادەکاری و وەرە بەزرییەوە گەشتی پیرمامی کردە و دەیەوێت بە ئەنجامی شایستەوە بگەڕێتەوە پایتەختی ڕۆشنبیری ئەم یاریەش بە یەکێک لە یاریە بەهێزەکانی ئەم هەفتەیە دادەنرێ، لە شاری زاخۆی دەلالیش لە دێربی بادینان هەردوو یانەی زاخۆ و زێرەڤانی بەیەک دەگەن بۆ ئەم یاریەش زاخۆ دەیەوێ بە سێ خاڵ لە یاریگا بێتە دەرەوە و شکستی هەفتەی ڕابردووش لە بیر هاندەرانی بباتەوە، زێرەڤانیش دەیەوێ بە ئەنجامی شایستە بگەڕێتەوە دهۆک ئەم یاریەش یەکێک لە یاریە بەهێزەکانی ئەم هەفتەیە، لە کەلاریش یانەی شێروانە لەبەردەم هاندەرانی یانەکەی و لەسەر یاریگای خۆی ڕووبەڕووی یانەی نەورۆز دەبێتەوە، بۆ ئەم یاریەش هەردوو یانە ئامادەکاری باشیان کردووە، شێروانە بە دوای یەکەم سەرکەوتن دەگەڕێ و نەورۆزیش دەیەوێ دریژە بە ئەنجامە باشەکانی بدات، ئەم هەفتەیەش یانەی پێشمەرگەی سلێمانی چاوەڕوان دەبێ، سەرجەم یاریەکانیش لەکاتژمێر2?30 خولەکی دوای نیوەڕۆ بەرێوە دەچێت.

1-سیروانی نوێ14خاڵ

1-برایەتی 12خاڵ

2- سۆران 12خاڵ

3-هەولێر11خاڵ

چوار جار پاڵەوانی ئیسپانیا و جیهان بووە

ڤیڤیانا: شانازییە کە جارێک خۆم لەسەر مینبەری پاڵەوانانی جیهان بینییەوە





دیمانە: هاوار مورتکەیی

ڤیڤیانا گالڤان سیپریانی ئەو کچە شەترەنجزانە لاوەی ئیسپانیایە، کە تەمەنی تەنها 15ساڵە کەچی لەماوەیەکی کورتدا چەندین دەسکەوتی لەسەر ئاستی ئیسپانیا و ئەوروپا و تەنانەت جیهانیش بەدەستهیناوە، ئەویش لەو سۆنگەیەوە بووە کە لەتەمەنێکی زۆر بچوکیدا فێری ئەو یارییە بووە، کاتیک تەمەنی دەگاتە 2 ساڵان لەگەڵ دایک و باوکی ئەو یارییە دەکات و دوای تەنها دووساڵ بەتەواوی فێری یاری شەترەنج دەبێت، لاپەڕەی وەرزشی رۆژنامەی خەبات دمانەیەکی لەگەڵ ئەنجامداوە کە تیایدا ئاماژەی بە خۆشەویستی بۆ ئەو یارییە و هەروەها دەسکەوتەکانی لەماوەی رابردوودا دەکات.

لەتەمەنی 2 ساڵی یاری کردووە

ڤیڤیانا Viviana Galvanکە لە ئۆکتۆبەری ساڵی 2004لە ئیسپانیا لە خانەوادەیەکی شەترەنج دایک بووە، لەمبارەیەوە دەڵێت: دایکم و باوکم بۆم دەگێڕنەوە دەڵێن هەر کاتێک ئێمە ئەو یارییەمان لەماڵەوە دەکرد تۆ دەهاتی و زۆر بەدیقەتەوە سەیری یاری و جولەی داشەکانی ئێمەت دەکرد، لەتەمەنی 2 ساڵی یاریم لەگەڵ دایک و باوکم دەکرد، بەڵام کاتێک تەمەنم بووە چوار پێنج ساڵان بەتەواوی فیری شەترەنج بووم و دەستم بەو یارییە کرد، هەروەها گوتی: باوک کە بینی زۆر بەباشی ئەو یارییە دەکەم و حەزم لێیەتی بۆیە بەشداری چەند پاڵەوانێتییەکی پێکردم و لەئاستە جۆراوجۆرەکانی تەمەنم توانیم چەندین جار پلەی یەکەم بەدەست بهێنم، ئەمەش خانەوادەکەمی هان دا کە زیاتر بایەخم پێ بدەن و پشتم بگرن.

4جار پاڵەوانی جیهان بووە

دواتر ئەو کچە شەترەنجزانە ئیسپانیە لەبارەی دەسکەوتەکانی دەڵێت: لەشەترەنجدا زۆر هەڵوێست هەیە زیاتر هانت دەدات لەسەر بەردەوام بوونی، ئەوەی زۆر گرنگە بیبەتەوە یان بدۆڕێنی، لەهەردوو حاڵەتدا هانت دەدات زیاتر خۆت ماندووبکەی، ئەگەر بدۆڕێی هەوڵی ئەوە دەدەیت هەلەکان دووبارە نەکەیتەوە، ئەگەر بشبەیەوە ئەوا هەوڵ دەدەی پاریزگاری لە ئاستت بکەی و زیاتر پێشبکەوی، تا ئێستاش لە ئەنجامەکانی خۆم رازیم، بەتاییەتیش کە 4جار توانیومە بیبمە پاڵەوانی ئیسپانیا، هەروەها جاریکیش بیبمە پاڵەوانی جیهان، خەونی هەموو شەترەنجزانێک خۆدۆزینەوەیە لەسەر مێنبەری پاڵەوانانی جیهان، بۆیە شانازی بەوە دەکەم خۆم لەو مینبەرە بینیوە.

شەترەنج تاکە وەرزشە سوودی بۆ خویندن هەیە

لەلایەکی دیکەوە ئەو کچە شەترەنجزانە لاوە ئیسپانیە دەڵێت: شەترەنج وەرزشێکە لەهەموو رووبەکەوە سوودی هەیە، تاکە وەرزشە یارمەتیدەرت دەبێت لە خوێندندا، شەترەنج فێرت دەکات بەر لە هەر هەنگاوێک بیر بکەیتەوە، کاتێکیش تر بیردەکەیتەوە، کەمتر هەڵە دەکەیت، کەمتر هەڵەشت کرد ئەوا زیاتر سەرکەوتوو دەبی، ئەوانەی شەترەنج دەزانن زیاتر شتەکان دەبینن لەوانەی کە یاری ناکەن، بۆیە ئەمانە واملێدەکەن کە بیر لەوە نەکەمەوە رۆژێ لە رۆژان دەستبەرداری ئەو یارییە بیم.


ئەوانەی شەترەنج دەزانن زیاتر شتەکان دەبینن لەوانەی کە یاری ناکەن



گاتۆزۆ و ناپۆلی ڕێککەوتن

ڕاپۆرتە رۆژنامەوانییەکان لە ئیتاڵیا ئاشکرایان کرد کە جینارۆ گاتۆزۆی ڕاهێنەر و یانەی ناپۆلی گەیشتوونەتە ڕێککەوتن کە ئەنجامەکانی خولی یانە پاڵەوانەکان هەر شتێک بێت، گاتۆزی ئەرکی ئەو یانەیە لە شوینی ئەنچیلۆتی وەردەگرێت.

گاتۆزۆ و ناپۆلی ڕێککەوتوون کە وەک سەرەتا ئەرکی یانەکە بۆ ماوەی 18مانگ لە ئەستۆ بگرێت، ئەویش دوای ئەو ئاستە خراپانەی یانەکە لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا و هەروەها لە خولی ئیتالیاش پێشکەشی کردوون.



ئەمشەو مان یونایتد و ئەلکەمارِ شەری پلەی یەکەم دەکەن




هاوکار کەلهەری

لە گەرێکیتری یارییەکانی یۆرۆلیگ، یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی میواندارای یانەی ئەلکەمارِی هۆڵەندی دەکات.

ئەمشەو کاتژمێر 11ی شەو لەناو یاریگای ئۆڵدترافۆردی مانچستەر کە بە شانۆی خەونەکان ناسراوو، رووبەڕووی یەکتری دەبنەوە، هەردوو یانە سەرکەوتوون، تەنها شەڕی سەرکەوتن بە پلەی یەکەم دەکەن، مانچستەر پێشەنگی کۆمەڵەکەی گرتووە بە 10خاڵ، ئەلکەمارِیش لە پلەی دووەم دێت بە 9خاڵ.

لە ئەگەری بردنەوە یان بەرانبەربوون، مانچستەر بە پلەی یەکەم سەردەکەوێ بۆ قۆناغی داهاتوو، ئەلکەمارِیش بۆ ئەوەی بە پلە یەکەم بەسەرکەوێ، دەبێ تەنها یارییەکە بباتەوە بەهەر ئەنجامێک بێت.

جەماوەری ریال لە ناوبژیوانی کلاسیکۆ گەشبینن



دوای ئەوەی یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا هێرناندێزی ناوبژیوانی بۆ یاریی کلاسیکۆی نێوان بەرشلۆنە و ریال مەدرید دەستنیشانکرد، دەنگێکی نارەزایی زۆر لەنێو هاندەرانی یانەی ریال مەدرید بەرزبۆوە، بەو پێیەی ئەو یانەی بەختێکی شوومی لەگەڵ ئەو ناوبژیانە هەیە، پێیان وایە کە ئەم ناوبژانەی هەڵەی زۆر گەورە ئەنجام دەدات و هەموو ئەو هەڵانەش لەبەرژەوەندی بەرشلۆنەدا دەکەوێتەوە.

جەماوەری مێرنگی بەناوهێنانی ئەو ناوبژیاونە، ئەو رووداوە تاڵەیان بیردێتەوە کە کاتی خۆی بۆرگسی ناوبژیوان کارتێکی سووری بەڕووی ڕۆنالدۆ بەرزکردەوە، ئەمجارە ئەو ناوبژیوانە چاودێری کامیرای (VARقارە.)

ڕووسیا ناتوانێت بەشداری جامی جیهانی 2022 بکات

سۆزان سلێمان

ئاژانسی بەڕێنگاربوونەوەی مادەی هۆشبەرەکان رایگەیاند کە هەڵبژاردەی تۆپی پێی ڕووسیا ناتوانێت لەژێر ئاڵای ڕووسیا بەشداری لە جامی جیهانی 2022بکات، ئەویش بەهۆی سزای تایبەت بە مادەی هۆشبەرەکان کە ڕێگە نادات بۆ ماوەی چوار ساڵ رکابەری لەسەر پاڵەوانێتییە گەورەکان بکات.

جۆناسان تایلۆری سەرۆکی لیژنەی پێداچوونەوە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا رایگەیاند کە ئەگەر هەڵبژاردەی ڕووسیا بۆ کۆتاییەکان سەربکەوێت، ئەوا ناتوانن بەشداری بکەن، تەنها ڕێگەچارەیەک هەیە کە وەک یاریزانی سەربەخۆ دەتوانن بەشداری بکەن نەوەک بەناوی هەڵبژاردەی ڕووسیا.

ئەم سزایە وا لە ڕووسیا دەکات کە بۆ ماوەی چوار ساڵ نەتوانێت بەشداری لە پاڵەوانێتییە گەورەکان بکات، کە ئەو ماوەیەش سێ ڕووداوی گرنگ بەڕێوەدەچێت کە بریتییە لە ئۆلۆمپیادی زستانە و هاوینە لەگەل جامی جیهانی 2022.

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net
خەبات
XEBAT
Thu.12. Dec. 2019 No: (5891)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی تاگادارییەکان:
0750 588 1616

هەڤند ئیبراهیم وەک یەکەم کورد بەسەرکەوتوویی ئەکادیمیای دیپلۆماتکارانی گەنجانی ئەورووپا تەواو دەکات



خەبات: هاوار مۆرتکەیی

لە بەرواری ٧ی دیسەمبەری رابردوو، لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا لە وارشۆی پایتەختی پۆلونیا و بە ئامادەبوونی تروبیان یەگلاند ئەمیندارى گشتی جڤاتی ئەورووپا و لینوس ئەلکساندێ سیسیلیانوس سەرۆکی ئیستای دادگای بالای مافی مرۆڤ لە ئەورووپا و ژمارەیەک لە بالیۆز و کونسوڵ و دیپلۆماتکاری وڵاتان، ڕێوڕەسمی دەرچوونی خولی پازدەی قوتابیانی ئەکادیمیای دیپلۆماسی ئەورووپا بەڕێوە چوو.

شایەنی باسە نوێنەری یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە پۆلونیا هەڤند بەیار ئیبراهیم کە لە ئیستادا دا خەریکی خوێندنی دکتورایە لە هەمان وڵات وەکو یەکەم دیپلۆماتکاری گەنج لە ئەکادیمیای ناوبراو دەرچوو و توانی بە سەرکەوتوویی بڕوانامەی دیپلۆم لە دیپلۆماسی و ئاسایشی نێودەوڵەتی بە دەست بێنێت، سیستەمی خوێندن لە ئەکادیمیای دیپلۆماسی جیاواز لە زۆربەی ئەکادیمیای دیکە بریتییە لە پێگەیاندنی دیپلۆماتکارانی گەنج بە شێوەیەکی تیۆری و پراکتیکی، بۆ زیاتر نزیک بوونەوە لە کاری دیپلۆماسی و چونیەتی هەڵسوکەوت کردن لە هەر بۆنەوەیەکی دیپلۆماسی، قوتابیان بە شێوەی گروپ هەموو حەفتەیەک سەردانی بالیوزخانەی وڵاتانیان دەکرد و لە گەڵ دەستەی دیپلۆماسی کۆدەبوونەوە بۆ ئەوەی سوود لە ئەزموونی دیپلۆماسی وڵاتان وەربگرن، هەروەها زۆربەی وانەبێژەکانی ئەکادیمیای ناوبراو بریتی بوون لەو کەسانەی ئەزموونی باشیان هەبووە لە کارکردن لە بواری جیا جیا دا لەوانەش سەروک وەزیرانی پێشووی پۆلونیا و یەکێک لە دامەزرێنەرانی پەیمانی وارشۆ(حلف وارشۆ) و ئەمینداری گشتی جڤاتی ئەورووپا و سەرۆکێ دادگای باڵای مافی مرۆڤ لە ئەورووپا و ژمارەیەکی بەرچاو لە وەزیرەکانی ئێستا و پێشووی پۆلونیا و سەرۆکێ بەشی پرۆتۆکۆلی دیپلۆماسی لە وەزارەتی دەرەوەی پۆلونیا و بالیوزەکان و ئەندامانی پەرلەمانی ئەورووپا و پۆلونیا و نوێنەرانی وڵاتان لە ناتۆ و ئەکادیمی سەرکەوتووی ئەورووپا وانەیان پێشکەش دەکرد.لە پازدە ساڵی رابردوودا ئەکادیمیای دیپلۆماسی توانیویەتی گەنجانی ١١٠ وڵاتی جیهان پێبگەیەنێت و لە ئێستادا ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینن لە بواری جیاجیادا لە سەرتاسەری جیهاندا و لە خولی پازدەهەمیندا یەکەم کورد لە هەرچوار پارچەی کوردستان توانیویەتی بە سەرکەوتوویی کۆتایی بە خوێندنەکەی بێنێت.



هاوبەش ئەیوب

کلیپی ئەستێرەی بلاّوکردەوە

بەرهەم شێخ عزەدین

بەهەرمەندی دەنگ خۆش (هاوبەش ئەیوب فەتاح)نوێترین بەرهەمی خۆی بەشێوەی ڤیدیۆ کلیپ لەژێر ناوی(ئەستێرە) لە هۆنراوی (بەکر پشدەری) و موزیک و ئاوازی (عومەر عەبدولا) بلاّوکردەوە کە لە ستوێدیۆی (لاوە) تۆمارکراوە و کاری وێنە گرتنی لەلایەن (عزەدین قادر) بۆ ئەنجامدراوە.



گۆران و پەرواز ئاهەنگێک ساز دەکەن



هەمزە سەرحان

گۆرانیبێژانی کورد "گۆران سالّح و پەرواز حوسێن"، بەبۆنەی هاتنی سەری ساڵی نوێوە ئاهەنگێک لە دهۆک ساز دەکەن.گۆران سالّح، لە هەژماری تایبەتیی خۆی، لە تۆڕی کۆمەلاّیەتیی (ئینستاگرام)، ئاشکرای کردووە کە بە بۆنەی هاتنی ساڵی 2020، شەوی 2019/12/31 لەگەڵ پەرواز حوسێنی هاوسەری، ئاهەنگێک لە دهۆک ساز دەکەن. شایەنی باسە گۆران سالّح بڕیارە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا نوێترین ڤیدیۆ کلیپی خۆی بە ناوی (دە وەرەوە) بلاّو بکاتەوە، پەرواز حوسێن مانگی ڕابردوو ڤیدیۆ کلیپێکی بە ناوی (ماذا جری) بلاّو کردەوە.

